هۆشەنگ شێخ محەمەد

# کوشتنی تێکست

## لە نیچەوە بۆ جاك درێدا
## لە مەرگی تێکستەوە بۆ مەرگی نووسەر

سێبتێمبەری 2007 – فێبریوەری 2008

پێشەکییەك بۆ ئەم پەرتووکە.

# کوشتنی تێکست، فانتازیای رەخنە

**تیۆریی رەخنە:**

**ئەگەر تیۆریی رەخنە هەر لە (کانت) ەوە، دامەزرێنەری رەخنەی ئەقلانی و هەتا هیگل،مارکس، نیچە، قوتابخانەی فرانکفۆرت، فرۆید، فردێناند دێ سوسێر، فۆکۆ ، هۆرکهایمەر، بونیادگەری ، هەلۆەشینگەرایی و چەندین میتۆد و رێبازی جۆراوجۆری دی کە یەك لەدوای رەخنەی ئەویتر پەیدابووە، ئەوە نیشان ئەدەن کە فەلسەفەی نوێ بە تایبەتی دووسەد ساڵی دوایی فەلسەفەیەکی رەخنەیی بووە.**

**(کانت1724-1804) :**

**وەك یەکەم فەیلەسوف کە پەیڕەوی میتۆدی رەخنەیی کردووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئاریشە فەلسفییەکان،دیاریشە میتۆدی رەخنەیی کانت (ئەقڵ، وەك وێنەیەك بۆ مەعریفە یان کار وەرئەگریێت)"1"( بڕوانە د. عوسمان ئەمین/ مشکلە الحریە فی فلسفە کانت/ گۆڤاری الهلال بەرپەڕێ 54-68) بەواتەیەکی دیکە رەخنە لێکۆڵینەوە لە ئەقڵ ئەکات، یان وەك عەقل عیدان ئەڵێت: (فەلسەفەی رەخنەیی لە لای کانت ، واتە لێکۆڵینەوەی رەخنەیی بۆ شیان و نەشیانی ئەقڵی مرۆڤ)"2"(عەقیل عیدان، النقد وتأسیس العقلانیە/الحوار المتمدن ژمارە 1509 رۆژی 2006/4/3) بەو واتەیەی کە ئایا ئەقڵی مرۆڤ تا چ رادەیەك ئەتوانێت لە دیاردەکانی ژیان و هەبوون بگات و شرۆڤەیان بکات؟ وەڵامی کانت ئەوەبوو کە مرۆڤ ئەتوانێت بە بەکارهێنانی میتۆدی ئەقلانی و زانستی لە دیاردەکانی سرووشت بگات، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت لە دیاردەکانی پشت سرووشت یان میتافیزیك بگات، چونکە ئەوانە لە شیانی ئەقڵی مرۆڤدا نین، بۆیەشە کانت خوازیار بوو کە مرۆڤ لە دیاردە فیزیکییەکان بکۆڵێتەوە و میتافیزیکیش بۆ پیاوانی دین و رامانە میتافیزیکییەکان بە جێ بێڵێت بۆیەشە ئەیگووت: ( سنووری زانست لە کوێ بە کۆتایی بێت، سنووری باوەڕ لەوێ دەست پێئەکات)**

(هیگڵ 1770-1831):

ئەویش یەکێکە لە پەیڕەوکەرانی فەلسەفەی ڕەخنەیی و لە ساڵی 1795 لە بن کاریگەریی شۆڕشی فەڕەنسی بۆ شلینگ ئەنووسێت : (ڕێگا چارەی ئێمە عەقڵ و ئازادییە)"3"( بڕوانە رامین جیهانبگلو،رامانی هیگلی . چەند وانەیەك لەمەڕ فینۆمینۆلۆژیای رۆح(دیاردەناسی زەین)وەرگێڕانی ئیدریس شێخ شەڕەفی لاپەڕەی 7-9)

لە لای هیگڵەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی لە نامۆبوون بە جیهانەوە رزگار بکات، پێویستە لە قۆناغی فەلسەفەی ڕەخنەگرتنەوە دەرباز بێت و لە ڕێی خودئاگابوونەوە لە جیهانی دەوروبەری خۆی بتوانێت بەدووی ئازادیی مێژوویی خۆیدا بگەڕێت، و گەڕانی دەربازبوون لە نامۆبوون تەنیا بەڕێی ڕوانینێکی فەلسەفی و سیستەماتیك بۆ جیهان پەیدا دەبێت، ڕوانینی سیستەماتیکی بۆ جیهان ئانکوگۆڕین و ئاڵوگۆڕکردنی چەمکییانەی جیهان، بەواتەی تێگەیشتن لە چەمکی هەقیقەت یان لە هەقیقەتی چەمك لە خولی دیاردەناسییانەی جیهان دا، هیگڵ لە فەلسەفەی خۆیدا دیرۆك و سیاسەت و دین و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵایەتی ڕەخنە دەکات و ئەزانێت کە تەنیا عەقڵ- ئاگایی ، ڕێگە چارەیە بۆیکو مرۆڤ لە کۆت و پێوندە لاهوتی و دەربەگایەتییەکان رزگار و ڕەها بێت.

(مارکس1818-1883)

دوای هیگڵ مارکس دێت و بە میتۆدی دیالەکتیکی ڕەخنەی هیگڵ ئەکات، هەگەر لە لای هیگڵ ئاگایی، بڕیار لەسەر هەبوونی کۆمەڵایەتی ئەدات یان ئەگەری هەبوونی ئەوە)"4" دیسان تەماشای عەقیل عیدان، النقد وتأسیس العقلانیە بکە" لەلای مارکسدا ئاگایی، بەهەمی هەلومەرجە دیرۆکی و مادی و کۆمەڵایەتییەکانە، تاك لەناو ئەو هەلۆمەرجانەدا ئاگایی پەیدا دەکاتو ئەو هەلۆمەرجە تەحەکومی پێ ئەکەن، چونکە مرۆڤ کوڕی ئەو هەلۆمەرجانەیە کە تێیدا لەدایك بووە، نەوەك ئەو، هەلۆمەرجەکان پەیدا ئەکات، دیاریشە ڕەخنەی مارکس لە کۆمەڵگەی پیشەسازیی سەرمایەداری بوو کە (مرۆڤی – کرێکار) نامۆ ئەکات.

(نیچە 1844-1900):

یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی ڕەخنە ئەگوێزێتەوە سەر ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوایی و بە دژواری لە زۆر لایەنەوە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوایی ڕەخنە دەکات، بە شێوەیەك کە تا ئێستا ش نیتچە ئامادەییەکی بەهێزی هەیە لە میتۆدە نوێیەکانی ڕەخنەی ڕۆژئاواییدا، نیتچە دێت و ڕەخنەی ئەقلانییەتی ڕۆژئاوایی ئەکات کە کانت و هیگل و مارکس و فەیلەسوفەکانی دی ئاوایان کردبوو،لەلای نیتچە ئەقلانییەتی ڕۆژئاوایی ئەگەری لەناوبردنی خۆیشی بەرهەمهێناوە و دوور نیە ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ڕۆژئاوا تەفروتونا بکات.

لەم پێشەکییەدا نامەوێت لەسەر نیچە زۆر بدوێم چونکە لەم کتێبەدا زیاتر قسەکانم لەسەر ئەو و سوود وەرگرتنە لە فەلسەفە و ڕوانینەکانی بۆ تێزەکەی خۆم. بۆیە تەنها بە کورتی ئەڵێم نیچە

یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بۆتە ژێدەر بۆ زۆر تیۆریی نوێی رەخنەیی لە رۆژئاوادا بە تایبەتی بونیادگەریی و هەڵوەشینگەرایی.
نیچە دەزگەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگەی پیشەسازی و سەرمایەداریی رۆشنبیری رۆژئاوای بە گشتی رەخنە کردووە و بە تایبەتی دین و مەسیحییەت، واتە نیچە بە رەخنەکانی خۆی رووبەڕووی رۆشنبیری رۆژئاوا بۆوە لەمەسەلەکانی میتافیزیکییای رۆژئاوا و مەسیحییەت و دین و چەمکی جەوهەر و میتافیزیکی جەوهەر و هەقیقەتا میتایی و بنکەکانی کۆنترۆلی چەمکگەرایی لەناو فەلسەفە و ستاتیکا و چەمکخوازی مانا و لۆگۆسێنترالیزمی میتافیزیکی ئەوروپی "5" (بۆ زیاتر پێزانین تەماشای پیر .فی.زیما بکە،هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی، وەرگێڕانی:رێبین رەسوڵ ئیسماعیل، بەتایبەتی لاپەڕەکانی 34-41)

(قوتابخانەی فرانکفۆرت):
مەریوان وریا قانع لە کێتێبەکەی (فەلسەفە و ئیسلام و رۆشنگەری، وەڵامێك بۆ کێتێبەکەی مەلا بەختیار) بە درێژی باسی دیرۆك و لەدایکبوون و کار و ئەرك و بەشدارییەکانی ئەو قوتابخانەیە ئەکات. نووسەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کۆمەڵێك رۆشنبیری چەپ بوون کە ژمارەیەك لێکۆڵینەوەی رەخنەییان سەبارەت بە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی و کلتور و سستەمی سەرمایەداری نووسی، لە نووسینەکانییان دا ئەیانەویست رووکارەکانی هزری و سایکۆلۆژی و کۆمەلایەتی و مەعریفی نیشان بدەن کە هۆکاربوون بۆ بەهێزبوونی فاشیزم و نازیزم، هەروەسا ئەوان بڕوایان وابوو کە رەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی دەشێت رۆڵێکی بەرچا و لە باشتر کردنی هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجییەکانی ئەو جیهانە ببێنێت کە تێیدا ئەژین. هەروەها بڕویان بەوە هەبوو کە هزری رەخنەیی پێویستی بە نوێکردنەوە هەیە، چونکە ئەو جیهانە نوێیەی ئەو رەخنەی لێئەگرن جیهانی سەرمایەداریی چاخی نۆزدە و رۆژگاری مارکس و ئەنگلس نیە، ئەوە جیهانێکی نوێ یە و هەلگری پرسیار و ئاریشە و گرفت و مژدە و هەڕەشەی نوێیە. بە کورتی قوتابخانەی فراکفۆرت خوێندنەوەیەکی رەخنەیی بوو بۆ رەهەندە نوێیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و ئەو ئاریشانەی ئەو سیستەمە بەرهەمی هێنابوون.) "6" (تکایە بڕوانە مەریوان وریا قانع، فەلسەفە و ئیسلام و رۆشنگەری بە تایبەتی لاپەڕەکان 133-144)

(فۆرماڵیستە روسەکان):
کە کۆمەڵێ ڤەکۆلەر و زانا و لێزانی بوارەکانی زمان و لێکۆڵینەوەی زمان و فیلۆلۆژیا و مێژووی کلتووری بوون، لە نێوان ساڵەکانی 1916-1930 ئەیانەویست رەخنەی ئەدەبی لە فۆڕمێکی نوێ دا داڕێژنەوە، (زانستی ئەدەب) بەرەو پێشەوە ببەن و بنەمای میتۆدی و هزری و فەلسەفی بۆ ئەو زانستە دانێن، کاری رەخنە لای ئەوان دیارکردنی قانونەکانی ئەدەبی بوون، ئەو قانونانەی کە زمانی تێکستی ئەدەبی لە فۆڕمەکانی دیکەی بەکارهێنانی زمان جیائەکاتەوە، بەلشەفیکەکان لە کۆتایی ساڵانی بیستەکاندا ئەو قوتابخانەیەیان گرت و کۆتاییان پێهێنا، گوایە بزافێکی بۆرژوازیانەیە، دوای ئەوە

(رۆمـان جاكۆبـسۆن) روسـیای جێهێـشت و لـە چیكۆسـلۆڤاكیا لـەرێی  قوتابخانـەی (هەڵقـەی زمانناسـی پراگ) پەرەی بە بۆچوونەكانی فۆرمالیـستە رووسـەكان دا و لەگـەڵ بنـەما زانـستییەكانی سـیمۆلۆژیای تێكەل كرد. بەوەش لێكدانەوەیەكی بونیادگەرییانە بۆ ستاتیكا و كلتوور و زمانیان دەست پێكرد.

(بونیادگەری):

رەگەكانی بونیادگەری لەناو زۆر لە كایە مەعریفییەكان دا هەیە، یەك لەو كایانەش زانستی زمانە، بـە تایبـەتی كارەكـانی زمانناسـی سویـسری (فردێنانـد دۆ سوسـێر) و كـاری فۆرمالیـستە روسـەكان، (تكایـە خوێنەری هێژا تەماشای ژێدەری سەرەوە بكە، مەریوان وریا قانع، ئیسلام و رۆشنگەری، هـەروەها فـازل عەمـەر نژیارگـەری، لـە وەشـانی یـەكیێتی نووسـەرانی كـورد لقـی دهـۆك ژمـارە 40) نژیارگـەرەكان بۆچوونەكانی دۆ سۆسێریان سـەبارەت بـە بونیادەكـانی زمـان و چۆنییـەتی كـاركردنی بونیادەكانییـان گواسـتەوە نـاو كایـە مەعریفییـەكانی دیكـە، كـە لـە ئـەنجامی گواسـتنەوەی ئـەم زانـستەدا زانـستی ئاماژەناسیی (سیمۆتیك) درووست بوو، لەو بوارەدا (رۆلان بارت 1915-1980) رۆلێكی گـەورەی دیـت لە گواستنەوەی بۆچوونەكانی دۆ سۆسێر لەسـەر بونیادەكـانی زمـان بـۆ نـاو رەهەنـدە جوداكـانی ژیـانی كۆمەلأیەتی، دیاریشە لە رۆشنبیری كوردی دا (مەریوان وریا قانع) رەنگـە یەكـەم كـەس بێـت لـەكۆتایی هەشـتاكانەوە نژیارگـەری بـە ئاراسـتە گۆلدمانییەكـەی گواسـتەوە نـاو رەخنـەی ئـەدەبی كـوردی وەك هەولێك بۆ نوێكردنەوەی رەخنەی كوردی و بووە رێبازێكی رەخنەیی.

(پاش بونیادگەری یان "هەڵوەشینگەرایی"):

ئەگەر بونیادگەری گەڕان بێت لە (گشت ) یـان (سـەرجەم) و خۆرێكخـستنی نـاوەكی و جـەبر و قانونـە گتشگیر و بونیادەكان. ئەوە فكری پاش بونیادگەری لـەوە ئەگـەڕێت تـا بزانێـت بونیـاد ومانـا و وێنـە و پێناسە و چۆن لەدایك ئەبن. نەوەك چۆن كار ئەكەن. ئـەو پێـشینانە چـین كـە ئـەو بونیـاد و مانایانـە خەلق ئەكەن؟ نەوەك ئەو میكانیزمانەی كە كاری پێ دەكەن. كاری هزری هەڵوەشینگەرایی لەسەر ئـەو وەختانەیە پێش بونیاد لەدایك بووبن. هەوڵ ئەدات بزانێـت چـۆن و بـە چ شـێوازێك گووتـار درووسـت ئەبن، شوناس لە چ جۆرێكی پەیوەندییان دروست ئەبن،لەو پرۆسەیەدا هزری پاش بونیادگەری هـەوڵی راڤەكردن و هەڵوەشاندنەوەی بونیاد و مانا و پێناسەكان ئەدات، ئەخوازێت وردیان كاتەوە بۆ كەرەسـتە خاوو سەرەتاییەكان. پەیوەندییەكانی هێز و دەسەلأت ئاشكرا كات. كە مانا و پێناس و تێڕوانینەكان بە ئاراستەیەكی تایبەت بردووە و ئەبات."7"( تكایە بڕوانە مەریوان وریا قانع هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 165) بۆ ئەمەش زۆر جار بە هزری پاش بونیادگەری ئەگووترێت هەڵوەشینگەرایی. ئەویش بە هەمان شێوەی بونیادگەری پشتی بە دەسكەوتە گرنگەكانی فەلسەفەی نوێی زمان گەرم ئەكات.

یەك لە بیرۆكە جوانەكانی هەڵوەشینگەرایی ئەوەیە كە ئەڵێن: ( هەر پێناسەیەك لە پێناسەكان و هـەر مانایەك لە ماناكان لەسەر بێدەنگ كردنی كۆمەڵە پێناسە و مانای  دیكە لەدایكبووینە، ولە پـشت ئـەو بێدەنگ كردنەدا ستراتیژییەتی دەسەلأت ئامادەیە،كـە ئـەو شـێوە پێناسـانە سـەروەر ئـەكات و ئەوانـەی تـریش بێـدەنگ.) هزرەكـانی (میـشێل فۆكـۆ 1926-1984) و (جـاك دێریـدا 1930-2004)

نموونەیەکی بەرچاون بۆ ئەو شێوازە نوێیەی هزری فەلسەفی. هزری هوڵۆەشینگەرایی رەخنەیەکی توندە بۆ دیتنە بونیادگەرییە گشتگیرەکان، ئەوان ئەڵێن بونیاد خاوەن لۆژیکێکی یەکگرتوو نیە، بەڵکو بونیاد لەناو دا تژی جیاوازی و ناکۆکییە، ئەگەر بونیادگەری لە ناو زماندا لۆژیکەکی هارمۆنی و یەکگرتوو ئەبینێت، دێریدا ئەبینێت کە زمان تژی فەوزا و لادان و جیاوازییە، بۆیەشە ئەم هزرە بە هزری جیاوازی و هەڵوەشینگەرایی ناسراوە.

دەسپێکەك بۆ روونکردنەوە:

رەخنە وەك فانتازیا:

رەخنە لە رۆشنبیری کوردی دا، هەتا ئێستا نەبۆتە فانتازیا، رەخنە ئەگەر هەتا ئێستا ژێکفاڤارتنی باشی و خراپییەکانی تێکستێك بێت، یان دیاریکردنی جوانی و ناشیرینییەکانی بەرهەمێك بێت، یان نیشاندانی هێز و بێ هێزی نووسەرێك بێت، یان هێشتا خوێندنەوەی تێکستی کوردی بێت بە پۆلینکردنە کۆمیدییەکانی وەك ( واقعی و رۆمانسی و وقعی نەقدی و ئیشتراکی و خۆ مەشغوڵکردن بێت بە پۆزەتیفیستییەتێکی رووت) ئەوە رەخنە لە باشترین ئاستی خۆیدا بۆتە (گەڕانێك لە ماناکان یان جوانییەکان) لە باشترین ئاستدا بۆتە ( جیاوازی خوێندنەوە و تێگەیشتنەکان لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، یان خوێنەر و خوێنەردا، راڤە و تەفسیری جۆراوجۆر بۆ دەق)

تا رادەیەکیش دیارە کۆنزەرفاتیفەکانی زانکۆ و رۆشنبیرەکان هەمووکاتێك داوای روحی ئەکادیمی ئەکەن، وەك باوەڕێکی موتڵەق و رەها، کە قابیلی پرسیارکردن و گومانکردن نەبێت،تا ئێستا رەنگە رەخنە ئەو پرسیارەی نەکردبێت ئەرێ ئەکادیمیا بۆ ئێمە چی کردووە و ئەتوانێت چی بکات؟ دیارە لێرەشدا من مەبەستم لە دوو ئاستی رەخنەیە: یەکەمیان ئەکادیمیا وەك دەزگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە و کاری هزری و نوێبوونەوە. دووەمیشیان : رەخنەکردنی ئەو ئەکادیمیایە، کە ئەقلییەتی مامۆستا کوردەکانی لە پشتە، ئەو ئەقلییەتە پێویستە رەخنە بکرێت و ململانێی لەگەڵ بکرێت بەوەی کا چی پێشکەش بە رۆشنبیری ئەکەن؟

دوای ئەوەش پرسیار ئەکەین، ئایا رەخنەی کوردی بۆچی لاوازە یان هەتا بڵێین بۆچی نیە و درووست نەبووە؟ رەخنە بۆ لەدایك نابێت و قبوڵ ناکرێت و وەرناگیرێت؟

من پێموایە ئەدەبیاتی کوردیش خاوەنی دەیان و سەدان تێکستی (گەورە ،گرنك ، باش ، جوان و پڕمانایە) بەلام رەوشی رۆشنبیری کوردی نەیتوانیوە رەخنە دامەزرێنێت، هۆکارە سەرەکییەکانی دانەمەزراندنی رەخنەش زیاتر پەیوەستە بە رەوشی رۆشنبیریی کوردییەوە، یان روونتر بڵێین گرێدراوی ئاریشەکانی رۆشنبیری کوردییە.لەو ئاریشانە:

1. نەبوونی تیۆریی رەخنەیی و فەلسەفی و زانستی، وەك چۆن لە رۆژئاواوە بە ئەقلانییەتی کانت دەستی پێکردوو هەتا گەیشتۆتە هەڵوەشینگەرایی.

2. سستەمی گرتووی رۆشنبیری کوردی لە هەموو پێکهاتەکانیدا، لە دین و سیاسەت و ئەدەب و فەرهەنگ و ئەخلاق و جڤاك و بەها و رەوشت و تیتال و هتد...
3. بەکارهێنانی قوتابخانە عەرەبییەکان بۆ ماوەیەکی درێژ کە چ پەیوەندی بە کەتوار و تایبەتمەندیی رۆشنبیری کوردییەوە نەبوو.
4. ئاسۆی خەیاڵ و بیرکردنەوەی نووسین بە گشتی و رەخنە بەتایبەتی کە تا ئێستاش سنووردارە.
5. دەربازنەبوون لە ریالیتەی جڤاکی و سیاسی و ئابووری و ئەخلاقی و هتد...،لە تێکستەکاندا.
6. تەنبەڵی و نەخوێندنەوەی تیۆرییە رەخنەیی و فەلسەفە رەخنەییەکان و گواستنەوەیان بۆ رۆشنبیری کوردی.
7. ترس و نەوێران بۆ رووبەڕووبوونەوەی نووسەر و تێکستەکان.
8. توهمەت دروست کردن و ناشیرین کردن ورەتکردنەوەی هەر کارێکی رەخنەیی کە مەدح و سەناو چەپڵەلێدان نەبێت.
9. نەبوونی ئیرادەیەکی رەخنەیی لە ناو تاکی کورددا بەگشتی و نووسەران بەتایبەتی و تێکستە رەخنەییەکان.
10. دیاری نەکردنی رۆڵ و ئەرکی رەخنە و رەخنەگر لە پرۆسەیەکی هزری یان فەلسەفی یان زانستی تیۆریی.
11. نەوێران و جورئەت نەکردن یان درك نەکردن بۆ بەکارهێنانی فەنتازیا لە رەخنەدا.

ئەمانەو رەنگە هۆکاری دیکەش هەبن و خوێنەر لەمن باشتر بیانزانێت، بەڵام دیارە ئەو هۆکارانەی سەرەوە بە دەیان و سەدان پرسیار لە لای ئێمە دا دروست ئەکەن و بۆ ئەو هۆکارانەش پێویستە ئێمە لەهۆکاری دیکە بگەڕێین، هەر بۆ نموونە کە دەڵێین بۆچی سستەمی رۆشنبیری کوردی داخراوە؟ پرسیارێکە و ئەمانباتە بەردەرگەی دەیان پرسیاری گەورە و گرنگ سەبارەت بە پێکهاتەی رۆشنبیری کوردی. رەنگیشە ئەو رێباز و میتۆدانەی لەم پێشەکییەدا باسیان ئەکەین هاریکار بن بۆ ئەوەی بتوانین هەندێك بەرسڤی لۆژیکی و ماقوول پەیدا بکەین، یان هەر بۆ نموونە ئێمە ئەتوانین بە میتۆدی هەڵوەشینگەرایی لەوە بگەین کا بۆچی قوتابخانە عەرەبییەکان نەیانتوانی رەخنەیەکی کوردی دامەزرێنن؟ ئەگەر ئێمە پرسیارەکانی خۆمان سەبارەت بە ئەقلییەتی عەرەبی و ئەو سێنترالیزمەی کاریان پێ ئەکرد سەبارەت بە بێدەنگ کردنی کوردان وەك پەراوێز، ئەتوانێت ئەنجامێکی باشمان بداتێ بۆ ئەوەی لە گرنگی جیاوازی و ئازادبوون بگەین لە روحی تۆتالیتارییەت و سستەمە گشتگیرەکان.

نەبوونی فانتازیا وەك هزرێکی خەلاق و تژی وزە لە کارە رەخنەیەکاندا، کاریگەرییەکی نێگەتیفی کردۆتە سەر رۆشنبیری کوردی بە گشتی و رەخنە بەتایبەتی.

## فانتازیای رەخنە:

دیارە لە سەرەتادا دەبێت ئەوە بڵێم: کاتێك ئێمە فانتازیای رەخنە و رەخنەی فانتازی پێشکەش ئەکەین، کە رەنگە ببێتە میتۆدێکی خۆسەرژی! مانای وا نیە ئێمە میتۆدەکانی دیکە رەت ئەکەینەوە، نەخێر بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە لەو رەخنەیەدا کە وزەیەکی لە رادەبەدەری ئازادی دەبینین.

یەکەم: فانتازیا وەك وزەیەکی خەلاق و هێزەکی تێکشکێنەر، بۆ تێکست بەکاربێنین، تێکشکاندنی ئەو دنیایەی تێکستە ئەیەوێت بەرهەمی بێنێت،نەهێشتنی کۆنترۆڵی تێکست لەسەر بەرهەمدا، ئانەکو چێکردنی پەیوەندییەکی نوێ لە نێوان (تێکست و بەرهەمدا). لێرەدا رەنگە ئێمە بتوانین تا دوا ئاست سوود لە (رۆلان بارت و دێریدا) وەرگرین. لێ ئەو خاڵەی لێیان جیائەبینەوە یان پێشیان ئەکەوین ئەوەیە کە ئێمە تەنیا مەرگی نووسەر راناگەیەنێن، بەڵکو مەرگی تێکستیش رائەگەیەنێن لە بەرهەمدا، ئەوچەندە لە رۆشنبیریی ئێمەدا ، چەند قبوڵ ئەکرێت و رەت ئەکرێتەوە ، کێئەیەکی رەخنەیی و فەلسەفییە، ئەگەر (خوێنەر – رەخنەگر) بە تێگەیشتنی بارتییانە، نەتوانن لەگەڵ ئاستی هزری و فەلسەفی پێشبەرییەکەی مندا بگونجێن یان دژ بن، ئەگەر نەشێن گفتوگۆیەکی رژد و خەمخۆرانە بۆ رەخنە لە رۆشنبیری کوردیدا لەگەڵ مـن یان دژی من دامەزرێنن، ئەوە هەر هیچ نەبێت من جیاوازییەك رائەگەیەنم، هەروەها فانتازیای رەخنەش وەك وزەیەکی رەخنەگریانە پێشکەشی رۆشنبیری کوردی بکەم. بۆ ئەوەی دەلیفە بدەمە دەنگێکی پەراوێزکراو بۆ ئەوەی قسەی خۆی بکات.

دووەم: سەوداکردن لەگەڵ تێکست وەك زەمینەیەك: نەوەك تەنیا بۆ گەڕان و کەشف کردنی ماناکان . وەك (رۆلان بارت) لە کتێبە رەخنە و هەقیقەتدا ئەڵێت: (نووسەر نەك بە نووسینەکانی وەك رۆڵ یان بەها،بەڵکو تەنیا بە یارمەتیی جۆرێك ئاگایی و شارەزایی ئاخاوتن دیار دەبێ،نووسەر کەسێکە کە زمان پرسی ئەو بێ و لە زمان دا لە قوڵایی بگەڕێ نەك ئامرازخوازی یان جوانی) "9"(بڕوانە رۆلان بارت، رەخنە و هەقیقەت. وەرگێڕانی ئیسماعیل زراعی، لاپەڕەی 19) ئانەکو لێرەدا سەرتا بە چییەتییەکی دی تەماشای تێکست ئەکات، کە ئەویش ئەوەیە تێکست تەنیا مەیدانێك نیە بۆ مانا و جوانی، بەڵکو زمان پرسی سەرەکی یە لە تێکستدا. لێرەدا ئێمە دەشێین بێژین ئەو تێکستانەی مەبەستیان کۆمەڵێك مانا و جوانییە، بێ ئەوەی لە قوڵایی زماندا بگەڕێن. هەر لە سەرەتاوە رەنگە گومانی تێکست بوونییان لێ بکەین، واتە وەك تێکستێك زمانەکەی لە قوڵاییدا بگەڕێت، ئەو تێکستە ناتوانێت ببێتە بەرهەمێکی دی، بەرهەمێك کە میتا زمانێك بێت و لەسەر ئەو خۆی دروست کات.

سێیەم: دامەزراندنی پرسیاری شیمانەیی (فەرەزی) وەك وزەیەکی ئازاد و بەڕەڵا، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك بۆ رەخنەیەکی فانتازی، دا بشێت هەموو سنوورەکانی تێکست (کۆمەڵایەتی –

مێژوویی) بێ ترس ببڕێت و لە شوێنی ئەو سنوورانە ئاسۆی بێ کۆتایی بخولقێنێت، یەعنی ڕەخنە ببێتە بەرهەمێکی میتا تێکست، کە لە بەرامبەر ئەقڵییەتی هەیی و سەپاو و وەك هێزێك دەرکەوێت و لەو کۆنترۆڵ و قەید و حوکمەکانی مانا و جوانییەکانی تێکست ئازاد بێت.

چوارەم: تێکشکاندنی بەرهەمە پڕ مانا و ئەقلانی و حیکمەت و جیهان و دونیای دیار و ئاشکرا، و دامەزراندنی دنیایەکی فانتازی و ئازاد و ڕەها. دەربازبوون ژ هەر حوکمێکی کە تێکست پێشکەشی ئەکات، هەر مانایەك کە پێشبەری ئەکات بە وزەیەکی فانتازیانە لە زماندا.بێ ئەوەی واتایەك بە تێکست بدات.

پێنجەم: کاراکتەری نووسەر و ڕەخنەگر، بە وێنەیەکی نوێ دامەزرێنێتەوە، وەك بارت ئەڵێ : ( نوێ بوون، تاوانی بنەڕەتی ڕەخنەی نوێ نیە، بەڵکو تاوانی ڕەخنەی نوێ ئەوەیە کە سەر تا پێ "ڕەخنە" یە و ڕۆڵ و دەورەکانی نووسەر و ڕەخنەنووس بە شێوەیەکی نوێ دیاری دەکا)"10" ( بڕوانە ڕۆلان بارت،ڕەخنە و هەقیقەت.وەرگێڕانی ئیسماعیل زراعی لاپەڕەی 37)

شەشەم: فانتازیا دەشێت لەسەر تێکست بەرهەمێکی دیکە دروست کات، کە بەتەواوی خۆی لە ستەم و باوەڕ و جوانی و جیهانی تێکست دابڕێت و تێکست بکوژێت، لە شوێنی ئەو، فانتازیا جیهانی تێکست ورد و خاش بکات و پەیوەندی نوێ و سەربەخۆی دوور لە دەسەڵاتی نووسەرەکە دروست کاتەوە، بەمانای ئەوەی ڕەخنەی فانتازی تەنیا لێگەڕان و کەشفکردنی ماناکانی تێکست نیە، بەڵکو تێکشکاندنی ئەو مانایانەشە. ڕەنگیشە خەڵقکردنی مانای نوێتر بێت یان نەبێت، واتە لێرەدا فانتازیا وزەیەکی وێرانکارە بۆ تێکست،و وزەیەکی خەلاقە بۆ بەرهەمی ڕەخنەیی، بەرهەمێك کە هەتا دوا سنوور بشێت جیهانی جۆراوجۆر دروست کات و تێکیان بشکێنێتەوە. جیهانێك بەردەوام لە بەردەم ئەگەرەکانی خراپ کردن و وێران کردن و هەرفتن دابێت. بۆیەشە ئەم جۆرە ڕەخنەیە زیاتر لە ڕوحی شعرەوە نێزیکە نەوەك میتۆدە ڕەخنەییەکان.

## دەسپێکێکی دی لە ڕۆلان بارتەوە: میتا زمان بە کورتی:

(دنیا هەیە و نووسەریش قسەی خۆی دەکا، ئەدەبیات ئەوەیە، بابەتی ڕەخنە هێندێك جیاوازە. ئەم بابەتە دنیا نییە، بەڵکو پەیڤە، قسەی کەسێکی دیکەیە، ڕەخنە قسەیە لەسەر قسەیەکی دیکە، زمانی دووەهەمین یان وەك لۆژیکزانان دەڵێن، بان زمانییە کە لەسەر زمانی یەکەم (زمان – بابەت)پیادە دەبێ)"11" بڕوانە ڕەخنەو هەقیقەت هەمان سەرچاوەی پێشوولاپەڕە 13)

میۆدەکانی بونیادگەری و هەڵوەشینگەرایی ئەتوانن وەك ڕەخنە میتا زمان بن، زمانێکی ڕاڤەیی کە لەسەر زمانی تێکست ئاوا دەبێت. بێ ئەوەی (مانا- دنیا) خەلق کات. چونکە لە بنەمادا زمان هەیە، نەوەك مانا و دنیا، میتا زمان. سەرووی بێ مایی و بێ دنیایی زمانە. واتە یەکەم (بێ مانایی و یەکەم بێ دنیایی و دووهەم بێ مانایی و دووهەم بێ دنیایی) مانانەبوون- دنیا نەبوونی

یەکەم، و ماناو دنیا نەبوونی دووەم. فانتازیا میتای دووهەمە و سێیەم بێ مانا-دنیابوونە. واتە ڕەهەندێکی دیکە ، دەچێتە سەر میتای زمانیش. واتە رزگارکردنی زمانە لە رەخنەدا بۆ ئاستێکی نویتر و سەرووتر لە میتای یەکەم.
میتای دووهەم، خەلق کردنی تێکشکاندنی میتای یەکەمە بە میتایەکی سەرووتر و بڵندتر. تێکشکاندنی قسە یەکەمینەکان و دووەمینەکانە. واتە ئەگەر دەق یەکەم پەیف بێت، و راڤە دووەم پەیف بێت، ئەوە فانتازیا سێیەم پەیڤە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

ئەگەر لەم کارەماندا زیاتر پشتمان بە فەلسەفەی رەخنەی رۆژئاوایی بەتیایبەتیش نیچە بەستووە، بۆ ئەوەنیە بڵێین لە رۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی و رۆژهەلاتی بە گشتی ناکرێت سوود وەربگرین، بە پێچەوانەوە، رۆشنبیری ئیسلامیش بە شێوەیەکی گشتی بواری زۆری تێدایە بۆ خستنە رووی رەخنە و کۆمەڵێ بابەتی گرنگ و گەورەی وەك کوشتنی تێکست و کوشتنی نووسەر و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆمەڵێ تیکست و راڤەی تێکستەکانیش بە تایبەتی قورئان و وتەو فەرموودەکانی پێغەمبەر و تەفسیرە جۆراوجۆرەکان بۆ تێکستی قورئانی و شەریعەت بە گشتی، کە رەنگە لە زۆر رووەوە ئەم تێکست و راڤانەش لە جیهان و دنیابینی خوێنەری کوردەوە نزیکتر بێت لە فکری رۆژئاوایی و فەلسەفەی نیچە و تێزەکانی جاك دێریدا.
ئاراستەی نووسینەکەی ئێمە لەم کتێبەدا نەوەك هەر رێ لەو ئاراستەیەش ناگرێت کە لە فەلسەفەی ئیسلام و رۆشنبیری ئیسلامییەوە هەمان ئەو پێشبەرییانەی خۆمان پێشکەش بکەین و بە ئامرازی دیکەوە هەمان شتەکانی خۆمان بڵێینەوە، ئەگەر من لێرەدا ئەوەم نەکردبێت ئەوە ئەم نووسینە رێ خۆشکردنێکە هەم بۆ خۆم و هەم بۆ خوێنەر و نوسەری تریش کە هەمان کار بە ئاراستەی رۆشنبیرییە ئیسلامییەکە بیکەن.

چونکە مەبەست لەم کتێبە کردنەوەی دەرگەیەکی نوێیە بەرووی رەخنەی کوردییەوە، نیچە و دێریدا و فەلسەفەی رۆئاواییش کەرەستەن و ئامانج نین بۆ ئەم کارەمان، بۆیە ئەکرێت زیاد لە کەرەستەیەك و میتۆدێکی بیانی بەکار ببرێت بۆم مەبەستە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

سەرهەڵدانی ئەم کارە لە چەند نووسینێکی نووسەر و هاوڕێی ئەزیز ( هەندرێن حەمەدەمین) سەریهەڵدا، کە زیاتریان لە نووسینێکی دا بە ناوی (نامەیەك لە موزەفەری سەبحەم بۆ بەختیار عەلی) کە دەقەکەی لە دوو توێی ئەم کتێبەدا هەیە، ئاواکراوە. ئەم نووسینە بۆ من سەرەتای رەخنەیەکی نوێی فانتازییە، کە مەبستی زیاتر کوشتنی تێکستە و دروستکردنی ململانێیەکی هزرییە لەگەڵ نووسەردا، ئەم هەوڵەی هەندرێن کە سەرەتایەکە و منیش ویستم لێرەدا پەرەی پێبدەم و لە رووی تیۆرییەوە پێشی بخەم، وەك چۆن لە رووی پراکتیکیشەوە دەرفەتی

پێشفەچوونی زۆرە.( لە ئایندەدا پرۆژەی تریش ئەخەینە بەردەست)، لەگەڵ خستنە رووی هەندێ لە جومگە و بڕگەکانی ئەو جۆرە رەخنەیە، بەگەڕانەوەش بۆ فۆڕمەکانی رەخنەی کوردی و ئاواکردنی شتێکی نوێتر لەوەی کە تا ئێستا لەبەردەستدا هەیە.

# نیچە

## پێشەکی:

کاتی نووسینی ئەم بابەتە ئەکاتە 107 ساڵ دوای مردنی نیچە و 163 ساڵ دوای لە دایکبوونی، پرسیار ئەوە ئایا نووسین لەسەر کەسێك کە سەدو هەفت ساڵە مردووە چ رامانێك ئەدات؟ رامانەکانی من لەسەر دوو ئاستن:

1. ئاستی ئێمە ، ئێمە وەك خوێنەر، کە ئێستا لە تێکستێکدا نیچە ئەخوێنینەوە و بەرهەم و هزر و فەلسەفە و شاعریتیەکەی دوای ئەو هەموو ساڵانە ئەکەینە بەرهەم، واتە گرنگی بەرهەمەکانی ئەو بۆ ئێمە و چۆنییەتی سەرەدەریکردنمان لەگەڵ تێکست و فەلسەفەکەی، کە رەنگە تێگەیشتنی نوێ و پرسیاری نوێتر و وەڵامی نوێترمان بداتێ، بەرەنگێکی راستەوخۆ و نەراستەوخۆ جۆرەها کاریگەریمان لەسەر دانێت.
2. ئاستی نیچە خۆی، کە ئایا گرنگی خوێندنەوە و بەرهەم و تێکست و تێگەیشتنەکانی ئێمە بۆ ئەو خۆی دوای مردنی چیە؟ بۆ ئەو چ خۆشییەك و چێژێك و بەهایەکی هەیە؟ ئایا لەدوای مردنی ئەو، ئەبێت نیچە خۆی بۆ نیچە چی بێت؟ ئەگەر ئەو بۆ ئێمە فەیلەسوف یان شاعیر یان هەر ماهییەتێکی دیکەی هەبێت و گرنگی تایبەتی خۆی هەبێت، ئایا ئەو بۆ خۆی چ گرنگی هەیە؟

لێرەدا ئێمە ئەتوانین تۆزێك لە نیچە دووركەوینەوە و بابەتەكە بكەینە " نووسەر و مردن" ئایا لەدوای مردندا، نووسەر وەك ماهییەت بۆ بوونی خۆی چ بەهایەكی ئەمێنێت؟ ئایا خوێندنەوەی جزیری و خانی و نالی و شێخ شەمسەدینی قوتبی ئەخلاتی و عەلائەدین سەجادی و دەیان نووسەری دیكەی نەماو، بۆ ئەوان چ بەهایەكی هەیە؟ یان بە شێوەیەكی دیكە بپرسین خوێندنەوەی تێكستەكانی ئەوان چ ماهییەتێك ئەدەنە پەیوەندییەكانی ئێمە؟ ئەو پەیوەندییە لە لای ئێمە و ئەوان چ بوونێك و چ ماهییەتێكی هەیە؟ ئایا پەیوەندییەكی بوونگەراییە یان چییەتگەرایی؟ یان پەیوەندییەكە بە شێوەیەكی دی؟

بۆ من دیارە پەیوەندییەكانی من بە نووسەرە مردووەكان پەیوەندییەكی یەك سەرەیە لە هەندێ رەهەندەوە، لە رەهەندێكی لە منەوە بۆ ئەوانە،بەلاّم لەوانەوە بۆ من نیە، من لە پەیوەندییەك دام كە تەنیا ئامادەم و ئەو غائیبن، بۆ من چێژو خۆشی و بەها و هزر و گەڕانە، بەلاّم بۆ ئەوان چی؟ بۆ من ئازادی و بەندی و حوكم و سەوداسەری و ماندووبوون و خۆشی و نەخۆشی و گەلێك شتی دیكەیە، بەلاّم بۆ ئەوان چی؟ دوای ئەوەش بۆ من بەرهەمهینانی تیكستێكی باشە یان خراپ، بەلام بۆ ئەوان چ بەرهەمهێنانێكی تێدایە؟ من خودان گووتار و ئاخاوتن و نووسینم، بەلاّم ئەوان نەخێر ناتوانن گوهدار و خوێنەریش بن!

لە ئاستێكی سادەدا، سەختە مرۆڤ لەسەر بەرهەمی نووسەرێك بنووسێت كە لە ژیاندا نەمابێت، سەختە كە تۆ ئەزانی ئەگەر رەخنەی لێ بگری یان بەسەریدا هەڵبلێی ئەو نەماوە تا كەیفی پێبێت یان توڕە بێت، ئەو نەماوە تا دەستخۆشیت لێبكات یان جوێنت پێبدات! نەماوە تا پێت بڵێ تۆ درۆ بە ناوی منەوە ئەكەیت یان هەڵەكانی من راست ئەكەیتەوە، شتێك لەم جۆرە پەیدا نابێت،

لە ئاستێكی بالاّتردا، نووسین لەسەر نووسەری مردوو، رەنگە وزەیەكی دەروونی بوێت بۆ ئەوەی بێیت و وێنەی فیزیكی نووسەرەكە لە لای خۆتدا لە رێی خوێندنەوەدا زیندوو بكەیتەوە، وێنەی سەر و چاو و شێوە و روو و نیگا و روخسارێكی زیندوو، من لەو ماوەیەدا كە نیتشە ئەخوێنمەوە هەمیشە چاوم ئەبڕمە وێنەكانی ، ئەو خۆی بە سمێڵە گەورە و برۆ ئەستوورەكانی كەهەمیشە پێش هەموو شتێك ئەكەونە بەرچاوم، سەرنجم رائەكێشن، لە مرۆڤێكی نەخۆش ناكات، لە مرۆڤێكی لاواز و نابینا و شێت ناكات، بە پێچەوانەوە وەك پەیكەرێكی پڕ لە وزە و زیندوو و پڕ بزاف و جوڵە و هاتوو چۆ و گەڕان و تۆزێك توڕە و تیژ خۆی ئەنوێنێ، لە مرۆڤێك ئەكات هەمیشە رابمێنێ، هەمیشە بە قسە قۆڕەكانی تۆ پێبكەنێ و گاڵتە بە ساویلكەییت بكات!

لە ئاستێكی دیكەدا خوێندنەوە خۆی كردارێكی قورسە، چونكە هەمیشە لە كاتی خوێندنەوەدا نووسەر بەرهەڤ نیە لای تۆ، نووسەر چەند قسەیەكی كردووە و لە لای تۆ ئامادەنیە تا پرسیاری

لێبکەیت و جۆرە رووبەڕووبووونەوەیەکی رەخنەیی لەگەڵ دروست کەیت، ئەو کاتەی کە ئەشتەوێت رووبەڕووی ببیەوە، تەنیا لەرێی نووسینەوە ئەکرێت، لەو ساتەشدا کە تۆ ئەبیتە نووسەر ، ئەوجارە نووسەرەکە ئەبێتەوە خوێنەر، بەیەکگەیشتن لەیەك ئاستی خوێندنەوە و رەخنەو رووبەڕووبوونەوەدا مەحاڵ ئەبێت؟!

لەو ئاستەدا بێ ئەوەی مەبەستمان نزیکبوونەوە بێت لە" دێریدا" نووسەر هەمیشە مردووە، چ لە ژیان مابێت یان زیندوو بێت، ئەمەش هاوکێشەکانی خوێندنەوە و نووسین لەسەر مردووان و زیندوانمان بۆ پێچەوانە ئەکاتەوە، لە کاتێکدا کە نووسەر لە کاتی نووسیندا ئاگای لە من و بۆچوون و هزر و رایەکانی من نیە کە رەنگە لەگەڵی بکەومە رووبەرووبوونەوەیەکی رەخنەیی لە رێی خوێندەوەدا، ئەوە نووسەریش لەو حەلەدا کە من ئەمەوێ دەست بە رەخنەکردنی بکەم ئاگای لە من نیە، لەو ساتەش کە نووسەری یەکەم لە خوێندنەوەی یەکەمی منی خوێنەردا ئاگادار ئەبێت ئەوە من بوومەتە نووسەر و ئەو گۆڕاوە بۆ خوێنەر، کەواتە نە هەردووکمان وەك نووسەر رووبەڕووی یەکدی ئەبینەوە و نە وەك دووخوێنەر لە یەك ساتدا.

ئەمە ئیشکالیەتێکی خوێندنەوە و نووسینە کە ناکرێت لەیەك ساتدا لە هەردوو باردا حازربین و غائیب نەبین.

واتە لەیەك ساتدا هەم زیندوو و هەم مردووبین، من بۆ ئەوەی نووسەر نەکوژم پێویستم بەوەیە لە ساتی خوێندنەوەدا رووبەڕووی ببمەوە، بۆ ئەوەی ئەویش من نەکوژێت، پێویستە لە ساتی خوێندنەوەکەی مندا من بە نووسەر نەبینێت، کە ئەم جۆرە پەیوەندییەش شێویەکی مەحاڵی هەیە.

ئەگەر درێدا، مەرگی نووسەری راگەیاند، ئەوە من پێم وایە نووسەر هەمیشە بە شێوەیەك لە شێوەکان مردووە و بەشێوەیکی دیکەش هەمیشە زیندووە، نووسەر تا ئەو ساتە زیندووە کە من وەك خوێنەرێك ئەمەوێ رووبەڕووی ببمەوە، بەڵام لە ساتی رووبەڕووبوونەوەمدا من ئەگەڕێمە سەر دۆخی نووسەر، نووسەریش لەکاتی خوێندنەوەی مندا ئەبێتە خوێنەر، وەك وتم بەیەکگەیشتنمان مەحاڵە.

لێرەوە ئەوەی بەیەکمان ئەگەینێ ژیان و مردنی ئێمەیە لە تێکستەکاندا، خوێندنەوەش جۆرێکە لەو تەماهییانەی کە نووسەر لە راڤەی جۆراوجۆر و تەفسیر و مانای بێکۆتاییدا بکوژێت ، ئەمەیان خۆی لە خۆیدا جۆرە تێگەیشتنێکە کە زیاتر لە نووسەر و رووبەڕووبوونەوەی نووسەرمان دوور ئەخاتەوە، بەتایبەتی لە رووە (دێریدایەکەیدا) کوشتنی نووسەر ئەگاتە تراژیدیاترین وێنەی خۆی، بە شێوەیەك لێپرسینەوەی بە یەکگەیشتنی نووسەر و خوینەر لە یەك کاتدا بۆ رووبەرووبوونەوەیەکی رەخنەگرانە ئەکوژێت و مەحاڵی ئەکات.

ئەمەیان بابەتێکە درێژەی ئەوێت و دواتر لە شوێنێکی دیکەدا ئەگەڕێمەوە سەری.

هەر چۆنێك بێت با بێینەوە لای نیچە، ئەو پیاوە جوان و شاعیرەی لێرەدا تەماهی ئەکەین لە دووری سەدان ساڵەوە، ژوانێکی لەگەڵ ببەستین و سەردانێکی نەدیدەیی بکەین.

ئەگەر نیچە لە لایەکەوە "مەرگی خوای" ڕاگەیاندبێت ئەوە لە لایەکی دیکەوە، مەرگی زەردەشتی رەت کردۆتەوەو "زیندووبوونەوەی" رائەگەیەنێت، ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە دواتر لەگەڵ دێریدا دژ دێتەوە.

گووتاری نیچە لە زەردەشت وەهای گووت، زیندووکردنەوەی (زەردەشتە) وەك نووسەر و لەلایەکی دیکەشەوە رەنگە مەرگی تێکستەکانی زەردەشت بێت، بەواتەی ئەوەی نیچە خوا ئەکوژێت و تێکستەکانی ئەهێڵێتەوە، لەویٚ مەرگی خوا مەرگی (نووسەرە)، بەڵام لەگەڵ زەردەشتدا پێچەوانەیە، زەردەشت ساغ ئەکاتەوە و ئاڤێستا ئەکوژێت. بۆ من خاڵی نویٚ لێرەدا ئەو خوێندنەوەیە ئەوەیە کە نیچە وەك زیندووکەرەوەی نووسەر ببینم و وەك بکوژی تێکستەکانیش تەماشای بکەم، بە پێچەوانەی دێریدا کە نووسەر ئەکوژێت و تێکست رەها ئەکات.

هەر چۆنێك بێت ئەم باسەش جاریٚ لەم پێشەکییەدا مەودای درێژبوونەوەی نیە. با جاریٚ بە پێشەکییەکەی خۆمانەوە سەر قاڵ بین.

با بگەڕێمەوە و پرسیار بکەم، بۆچی لەسەر بەرهەمی نووسەرە مردووەکان ئەنووسین؟:

1. هەر بەرهەمێك بتوانێت خاوەن هزرێکی زیندوو و نەمر بێت دوور لە خاوەنەکەی ئەتوانێت لە گەلێك سەردەم دا خۆی نویٚ بکاتەوە و بەردەوام ببێتە جێگەی پرسیار و گومان و خوێندنەوەی نویٚ.
2. زۆر لەو بەرهەمانە لە کاتی لەدایکبوونیان نەخوێندراونەتەوە و نەبوونەتە جێگەی بایەخدانی خەڵکی و خوێنەران، هەتا دەمێکی درێژ و دوای چەندین سەردەم و سالان ئینجا ئەو هزر و بەرهەمانە توانیویانە خۆیان وەك هزرێکی نەمر پێشبەر بکەن و لە نوێوە بخوێندرێنەوە، هەروەك چۆن نیچە خۆی لە زۆر لە بەرهەمەکانیدا ئەوەی دووپاتکردۆتەوە کە بەرهەمەکانی دوای چەندین ساڵ و سەد ساڵی تر دوای مردنی ئەخوێندرێنەوەو ئەبنە جێگەی گرنگی پێدان و کاریگەرییان لەسەر خەڵك ئەبێت.
3. گەڕانی مرۆڤ لەو هزر و بیرانەی کە ئەبینێت گونجاون لەگەڵ روح و خەون و مەراق و هاوارەکانی روح و جەستە و هۆش و بیٚ هۆشی ئەو، دیارە ئەگەر من هەستم نەکردبا لە هەندێك ساتدا روحی من و نیچە وەك یەك وان، و رەنگیشە لە هەندێك دەمی تردا ئاسمان و

زەویمان لە نێواندا بێت،ێ دیارە گەلێك شت من بە بەرهەمەکانی ئەو گرێئەدەن و وا ئەکەن من بێم ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ گرێدەم.

4. دامەزراندنی پردێکی مەعریفی لە نێوان ئێمە و ئەو بەرهەمانەدا بە گەلێك هۆکار و ئامانجەوە، کە ئەویش بە گوێرەی بایەخ و گرنگی هەر خوێنەرێك بۆ بەرهەمەکانی پێشوو و کاریگەری ئەو بەرهەمانە لە لایەنی هزری و دەروونی و جەستەیی و رەوشتی و زمانی و فەرهەنگی و رۆشنبیری لەسەر ئەو کەسە.

5. گواستنەوەی ئەم بیر و بەرهەمانە بۆ ناو خەڵکێکی دی و یان دەڤەرێکی دیکە، بۆ ئەوەی لە رێی تێکستێکی نوێوە ئەو بەرهەم و هزرانە بگەنە خەڵکی دیکە، کە رەنگە دیسان زۆر هۆکار و ئامانجی جیاوازی لە پشت بێت، ئامانجی هزری و دەروونی و رۆشنبیری و مۆرالی و زمانی و هتد..،

6. پێشکەشکردنی تێگەیشتنێکی نوێ یان نوێتر لەوانەی پێشوو لەسەر بەرهەمی ئەو نووسەرە، خوێندنەوەیەکی نوێتر بۆ کار و رەهەندی ئەو کارانە، ناسینی ئەو نووسەرە بە رەنگێکی نوێتر لە ناسینەکانی پێشوو، دۆزینەوەی برگە و جومگە و بەشی نوێتر لە هزر و تێگەیشتنەکانی ئەو نووسەرە.

★ ★ ★ ★ ★ ★ ★

# بۆچی نیچە؟

دیارە پێش ئێمەش زۆرانی تر پرسیاریان کردووە، کە بۆچی ئێستا لەسەر نیچە بنووسین؟ هەر بۆ نموونە "عوسمان یاسین" لە کتێبەکەیدا (نیتشە لاپەڕە 7) پرسیار ئەکات:" لە کاتێکدا ئێمە پێ دەنێینە سەدەی بیست و یەکەمەوە دەبێت قسەکردن سەبارەت بە فەیلەسوفێکی سەدەی نۆزدە چ سوودێکی هەبێ؟ ئاخۆ باسکردنی فەیلەسوفێك چ گرنگییەکی هەیە، کە لە سەردەمەکەی ئەودا چوونە سەر مانگ و چارەسەرکردنی چەندان نەخۆشیی کوشندە تەنها خەونێك بوون و هیچی تر نا؟ لە کاتێکدا لەو سەردەمەی ئێمەدا جیهانی تەکنەلۆژیا و کۆمپیوتەر بە رادەیەك خەونەکانیان کردۆتە واقیعێکی بەرچاو کە بیر لەوە بکرێتەوە هەموو خەونێك ئەگەری هاتنە دی هەیە. دەبێ سوودی فەلسەفەی نیتشە لەو سەردەمەدا چی بێ، لە کاتێکدا زانست باس لە ئەگەری دروستکردنی ژیان لەسەر ئەستێرەی مەریخ و ئەگەری فۆتۆکۆپی کردنی مرۆڤ دەکات؟!)"1"

منیش لەگەڵ نووسەر ئەڵێم ئەم پرسیارانە لە جێی خۆیانن، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هزر و بەرهەمەکانی نیچە و رۆژگاری ئێمە گرێدات. بە تایبەتی ئەگەر

ئێمە بزانین کە بەرهەمە تەکنەلۆجییەکان و سەردەمیانە، بەرهەمی شارستانییەت و روانین و کار و بزافی فکری رۆژئاوایە، ئەو شارستانییەت و ئەقلانییەتەی نیچە بە توندی هێرشی ئەکردە سەر و رەخنەی لێ ئەگرت. من بۆ خۆم ئەگەر ئەم هۆکارە بۆ خوێندنەوەی نیچە لە رۆژئاوادا بە رەواو کافی ببینم، ئەوە بۆ ئێمە  بە تەنیا بەس نیە، چونکە ئەگەر رۆژئاوا بەردەوام و خێرا لە لایەنی تەکنەلۆژیا و دنیا و کۆمپیوتەر و کۆنێکشن و ئەنتەرنێت و پەیوەندییەکان و جۆری پەیوەندییەکانەوە پێشبکەوێت و زیاتریش قابیلی رەخنەکردن و هێرش کردن بێت، بەلاّم سەبارەت بە ئێمە رەوشەکە وەها نیە، جیاوازییە ژیاری و دنیایی و هزری و مۆراڵی و زمانی و کلتوری و فەرهەنگی و تێگەیشتنەکانی ئێمە بۆ تێگەکەکانی ژیان و تێکەڵبوونی هەردوو دنیای سیاسەت و دین و رەوشت و تیتال و بەها کۆمەلاّیەتی و روحی و غەیبانییەت و ئەو گەندەڵییەی ئێمە تێیدایین وائەکات، کە ئێمە بە شێوەیەکی جیاواز تەماشای هزر و بەرهەمەکانی نیچە بکەین و خوێندنەوە و پرسیارەکانی ئێمە وەك رۆشنبیری رۆژئاوا نەبێت. ئەمە تەنیا بۆ نیچە و فەلسەفەکەی نا، بەڵکو بۆ زۆربەی پرسیار و پرسی فەیەلەسوفەکان و بەرهەم و کارە هزرییەکانییان راستە. دیارە پرسیارەکانی مارکس لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئەڵمانیا جیاواز ئەبێت لە پرسیارەکانی رۆشنبیریی کوردیدا، یان هەتا سەرهەڵدانی میتۆدەکانی هزر و فەلەسەفە و رێبازە رەخنەییەکان لە رۆژئاوادا، خاوەن پرسیار و پرسی جیاواز ئەبن لە کاتێکدا کە ئێمە بمانەوێت لە کوردستاندا ئەو رێبازە فکری و فەلسەفی و رەخنەییانە بەکاربببەین، چونکە دنیای ئێمە و ئەوان جیاوازە، ئەو جیاوازییە بەومانایە نیە کە ئێمە ناتوانین ئەورۆکە سوود لە هیگڵ یان نیچە یان مارکس یان فۆکۆ یان دێریدا یان بارت یان رێبازێکی وەك بونیادگەری یان بوونگەرایی یان هەر میتۆدێکی دیکە وەرگرین. نەخێر ئێمە ئەتوانین سوود لەو هزر و فەلسەفە و میتۆدانە وەرگرین، بەلاّم ئەبێت ئێمە درك کەین کە پرس و پرسیارەکان جیاواز ئەبن. چونکە سەرهەڵدانی ئەو فەلسەفانە لە رۆژئاوادا لە کاودانێکی تایبەت و لە سەردەمێکی تایبەتدا و ژینگەیەکی تایبەتیدا لەدایك بوونە، کە لەدایك بوونە بۆ رووبەڕووبوونەوەی رەوشێك و واقعێك و بارێکی تایبەتی هاتوون، کە مەرج نیە و رەنگە زۆر جیاواز بێت لەگەڵ هەلومەرج و باری کوردستاندا، بەلاّم دیارە سەرباری ئەو جیاوازییانەش ئێمە ئەتوانین ئەو فەلسەفە و میتۆدانە بەکاربێنین و بە گوێرەی پرسیار و ئاراستەکانی رەوش و کار و بەرهەم و بەهای کلتوری کوردی بەکاریان بێنین.

بۆیە لێرەدا ئەگەر ئێمە باسی خوێندنەوە و پرسیارەکانی نیچە بکەین، مانای ئەوە نیە هەمان ئەو پرسیارانەی ئەو و رەخنە و هێرشەکانی بۆ سەر کۆمەڵگەی رۆژئاوا بەکاربببەینەوە. ئەگەر رەخنەی نیچە لە شارستانییەتی رۆژئاوا ئەوە بێت کە بە ئەقلانییەتەکەی خۆی ئەگەری ئەوەش ئەهێنێتە پێشەوە کە خۆی لەناو ببات، ئەوە لە کوردستاندا ئەو شارستانییەتە پێشکەوتووەمان نیە کە ئێمە لەوە بترسین بۆمبایەکی ئەتۆمی دروست کات و لەناومان ببات؟!

یان کوردستان نەبۆتە (مەڵبەند) و هێرشی (کەنار)ەکان بکات، کوردستان نەبۆتە ئەو هێزە وەکو رۆژئاوا کە سستەمی دنیا بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی بەرنامەرێژبکات و رێکیان بخات؟!

جیاوازییەکانی نێوان ئێمە و رۆژئاوا لە لایەنی دینی و سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و روحی و هتد..، وامان لێئەکات کە درك کەین، پرسیار و خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی نیچە لە رۆشنبیری ئێمەدا ، هەمان پرسیار و شرۆڤە و خوێندنەوەکانی رۆشنبیری رۆژئاوا نەبێت. ئەگەرەکانی خوێندنەوەش هەمان ئەگەر نینن. بەڵکو بە بەرفراوانی رۆژئاوا و رەهەندە جیاوازەکانی ئێمە و ئەوان پرسیارەکانیشمان جیاواز ئەبن. بۆیە قسەکردن لەسەر فەلسەفە بەگشتی و لەسەر رۆڵ و کاری فەیلەسوفان بۆ ئێمە هەمان قسە و رۆڵ و کاری ئەو فەیلەسوفانە نیە لە رۆژئاوادا، ئەگەر ئێمە وەها تێبگەین ئەوە لە سەرەتادا تووشی هەڵەیەکی گەورە ئەبین، چونکە پێویستە ئێمە بزانین بۆ نموونە هەروەك "مەریوان وریا قانع" سەبارەت بە سەرهەڵدانی (بونیادگەری) لە رۆژئاوا و لە کوردستاندا دیار ئەکات، ئەرك و رۆڵی بونیادگەری لێرە و لەوێ زۆر لەیەکترییەوە جیاوازن، ئەگەر لەوێ (فکری بونیادگەری راستەوخۆ لە رەوتی بەگژاچوونەوەی فەلسەفەی خود و هیومانیزمی بوونگەرادا ئامادە بووبێت) ئەوە لە رۆشنبیری ئێمەدا (بوونیادگەری دووبارەکردنەوەی ئەو کێشانە نەبووە کە لە رۆژئاوادا رووبەڕوویان بۆتەوە و بە هیچ جۆرێك پەیوەندی بەو رەوتە تایبەتەی رۆژئاواوە نیە) بەڵکو (بوونیادگەری لە رۆشنبیری ئێمەدا رووبەرووی مژدە ئایدیۆلۆژییەکانی مارکسیزمدا تەقییەوە کە مژدەی یۆتۆپی بە مێژوویەك دەدا توانای پیادەکردنی ئەو مژدانەی نەبوو)"2".

واتە ئەگەر نیچە رووبەڕووی (رۆشنبیری رۆژئاوا بۆوە لە مەسەلەکانی وەك میتافیزیکییای رۆژئاوایی و مەسیحییەت و دین و چەمکی جەوهەر و میتافیزیکییای جەوهەر و هەقیقەتی میتایی و بنکەکانی کۆنترۆڵی چەمکگەرایی لەناو فەلسەفە و ستاتیکدا و چەمکخوازی مانا و لۆگۆسێنترالیزمی میتافیزیکییای ئەوروپی) "3"

ئەگەر ئێمە ببینین نیچە زۆربەی رەخنەکانی ئاراستەی رۆشنبیری رۆژئاوایی ئەکات ، رەنگە وا تێبگەین کە ناتوانین هەمان رەخنەکانی ئەو لە رۆشنبیری رۆژئاوادا، ئاراستەی رۆشنبیری کوردی بگەین، بەلام رەنگە مەسەلەکە بەو رەهایە نەبێت، هەروەها رەخنە و کارەکانی نیچەش بەتەنیا ئەوە نین کە فەلسەفەیەك بێت قەپات و تایبەت کرا و بێت بە رۆشنبیری رۆژئاوا، بەڵکو یەکێك لە خەسڵەتەکانی ئەو فەیلەسوفە ئەوەیە ، کە ئەو هێز و وزەیەی لەکار و بەرهەمەکانی ئەودا هەنە سەبارەت بە ( دین و خودا، هەقیقەت و دەسەلات، ئیرادە و ئارەزوو، جەستە و ئەتیك و ئەخلاق، ئیرادە و مەعریفە) "4" و چەندین مەسەلەی تری گرنگ ئەکرێت ئاراستەی رۆشنبیری کوردی و نەکوردیش بکرێن، لە لایەکی دیکەشەوە، لە رێی "زەردەشت وەها ئاخاوت" دا، پەیوەندی نیچە بە رۆژهەلاتەوە، بە تایبەت بە رۆشنبیری فارسی کۆنەوە، پنتێکی دیکەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە هزر و کاریگەرییەکانی ئێرانی کۆن لەسەری و هاندەرێك بۆ خوێندنەوەی."5"

# کاریگەریی نیچە:

نیچە خۆی لە گەلێك شوێندا بە ئاشكرایی باس لە مەزنی و بەهای هزر و فەلسەفەی خۆی ئەكات و ئەڵێت دوای سەد ساڵی دیكە ئەخوێندرێمەوە و تێمئەگەن.زۆرێك لە تێبینی و پێشبینی و گوتنەكانیشی راست بوون، لە پەرتووكی (دواهەمین كوفرەكانی نیچە)دا، "6" نیچە لەگەلێك نامەدا ئەوە ئەسەلمێنێت كە بەرهەم و هزرەكانی پاش ماوەیەكی زۆر كاریگەرییان ئەبێت:

1. سەدەی بیستەم دەبێ من بە باشی هەرس بكات. چەند پەیمانێكی تری لەگەڵ مندا هەیە."7"
2. من لە لانكەكەمدا دەحەوێمەوە، بەلام نزیكەی سەد ساڵی دی ژنێكی ئەمەریكی كە جوانیشە، مەمكی من دەمژێت."8"
3. نۆتە و ئاكۆرد، من دیاریان دەكەم، ئۆركێستەر خۆی ئامادە بكات و بونیادنانەوە دەست پێبكات: لە جەستەی مندا جولەكە هەرس بووە و خودایان لە لێودا، پاش ساڵی دوو هەزار، لەبەر سفرەكانی. " د. حامد فولادوند، د پەراوێزا ڤی نامەیدا وەها نڤیسیە: نیچە ساڵی 2000 بە ساڵی تێگەیشتن لە بەرهەمەكانی دادەنێت، باوەڕی وابوو كە ئەندێشەی ئەو ئاواز و ئاكۆردی هەزارەی سێیەم دەژەنێت و لە بونیادنانەوەی مەعنەویەتی داهاتودا كاریگەر دەبێت.... شتێك كە ئەمڕۆكە وەها دەرچوو.." "9"
4. كاتێك بمرم فێركردنی من درێژەی دەبێت، هەرچەند كە بوونم نابێت."10"
5. (هەندێ كەس لە دوای مردنیان لە دایكدەبن، رۆژی منیش دێت، بەلام لە ژیاندا نابم) "11"
6. "زەمانی من ئەمڕۆ نییە، سبەی موڵكی منە" "12"

ئیدی نیچە خۆی، پێش هەموو كەسێك هەستی بە بلیمەتی و زیرەكی و كاریگەریی هزر و فەلسەفەی خۆی كردووە و پێشبینی كاریگەری خۆی لە سەر رۆشنبیری رۆژئاوادا كردووە. كە دوای چەندین ساڵ ئەخوێندرێتەوە وراڤە ئەكرێت و كاریگەری خۆی لەسەر خەڵكی دائەنێت.

جگە لە نیچە خۆشی، گەلێك فەیلەسوف و هزرمەندی تر باسی كاریگەری نیچە لەسەر خۆیان و هزر و بیر و بۆچوون و رێبازی كارەكانیان بەتایبەتی و لەسەر رۆشنبیری رۆژئاوا و مرۆڤایەتی بە گشتی ئەكەن، هەر بۆ نموونە: میشێل فۆكۆ سەبارەت بە باكگراوندی مەعریفی و ئاسۆكانی تیۆری خۆی ئەڵێ: " من نیچەییمە" و فۆكۆ هەر چ نەبێت دوو تێكستی هەن كە راستەوخۆ پەیوەندییان بە نیچەوە هەیە، یەكەمیان (نیچە، ماركس و فرۆید1967) دووەمیان ( نیچە ، جینالۆجیا و دیرۆك 1971) "13"

دێریدا لە کتێبی نووسین و جیاوازیدا، خۆی ئەگەڕێنێتەوە سەر نیچە، دیاریشە کە دریدا رەنگە لە هەر فەیلەسوفێکی دیکە زیاتر سوودی لە نیچە وەرگرتبێت بۆ برەودان بە تیژ و فەلسەفەکەی خۆی _هەڵوەشینگەرایی_ وەك خۆی ئەڵێت: ( ئەبێت بێ گومان کردن رەخنەی نیچە بۆ میتافزیکییا بێنینەوە، بۆ هەردوو چەمکەکانی گەردوون و هەقیقەت، کە چەمکی وەك "وازی" تەئویل، ئاماژە _ ئاماژەیەك بێ هەقیقەتی ئێستایی_ جێی ئەوی گرتۆتەوە)"14"

والتەر کاوفمان ئەڵێت: (سەرگوزەشتەی تەواوی کاریگەریی نیچە نەوتراوە و ناوتریێ) و ناوی چەندین نووسەری بەناوودەنگ ریز ئەکات کە کەوتوونەتە بن کاریگەری نیچەوە،لە نووسەرەکانی ئەڵمانیا: "ستیڤن جۆرج، گۆتفرێد بن، هنریك مان، فرانك ویدیکند، ریچارد دی هامل، مۆر جۆنستێدن، هیرمان هیسە، ریلکە، شنگلەر، کارل یاسپەرز، کارل پۆپەر، برتۆڵت برێشت، یۆنگ، قوتابخانەی فرانکفۆرت " تیۆدۆر ئادۆرنۆ، گیرد گیسەر، هۆرکهایمەر، ئەریك فرۆم، ڤاڵتەر بنیامین، هابرماس" )بۆ زانینی زیاتر بڕوانە " ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی فکری،لاپەڕە 56-58 بۆئەوەی پتر شارەزای کاریگەری نیچە بیت لەسەر نووسەرەکانی دەرەوەی ئەڵمانیا" "15"

(رۆدۆلف پانویتز کە لە ساڵی 1917 لە پەرتووکەکەیدا لەسەر کەلتوری ئەوروپا بۆ یەکەم جار واژەی پۆست مۆدێرنتی بۆ فەلسەفەی فردریك نیتشە بەکارهێناوە. بە رای ئەم زانایە نیتشە یەکەم فەیلەسوفە کێشەکانی تازەگەری رەت دەداتەوە و سەردەمێکی نوێتر و جیاواز لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە کایەوە)"16"

دیارە نیچە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە جۆرەها راوبۆچوونی دژ و ناکۆکی لەسەر هەن، لە لایەکەوە هەندێك بە (خراپەکاری و بەدرەفتارکردنی لاوان و هاندانی بزافە رەگەزپەرستییەکان و نازیزم و دژایەتیکردنی ئافرەت و سۆسیالیزم تاوانباری ئەکەن)"17"

( هەندێك بە فەیلەسوفی نازیەتی دەژمێرن و هەندێك بە فەیلەسوفی سەرمایەداری و ئمپریالیزمی، یەك ئەڵێت فەیلەسوفی پەرستنی ژیانە، یەکێکی دی ئەڵێ فەیلەسوفی پەرستنی هێز و دەسەلاتە) "18"

ئەمە و جگە لە کۆمەڵێ تاوانبارکردنی دیکەی جۆراوجۆر و بۆچوونی جیاوازتر لەسەر نیچە و بەرهەم و هزر و فەلسەفەکانی، زۆرێك نیچە وەك دوژمنی مەسیحییەت و دین بەگشتی ئەبینن، وەك فەیلەسوفێك کە رەخنەی لە هەموو شتێك گرتووە و دژی میتافیزیکییای ئەورووپی بووە و شیایە فەلسەفەیەکی رەخنەگرانە و تژی ئیرادە دامەزرێنێت، بەلاّم دیسانەوەش هەندێك بەرەواژی وەك فەیلەسوفێکی ئەرستۆکرات و دوژمنی ئازدای حسێبی ئەکەن.

هەر بۆنموونە ، "هینری تۆماس و دانالی تۆماس" ئەڵێن: ( فەلسەفەی نیچەش وەك فەلسەفەی ماکیاڤێل، دەستووری کارپێکردنی دیکتاتۆرەکانە) یان لەبارەی کتێبەکەی (زەردەشت وەهای گووت)ئەڵێن:(ئەم پەرتووکە تەعلیماتە سارد و بێ گیانەکانی ماکیاڤێل بۆ بنەماگەلێکی پڕ لە جۆش و هەیەجان دەگۆڕێت و مێشکە خاوەکانی وەکو مێشکی هیتلەر و مۆسۆلیونی، بە بەهای وێرانکردنی جیهان، لە شەوق و خۆپەرستێکی لە رادەبەدەر تقووم دەکات" ." 19"

یان کاتێ لە سالی 1889 نیچە ئەبەنە شێتخانە، "ماکس نۆردو" دبێژیت: (مرۆڤێکی گونجاو بۆ شوێنێکێ گونجاو!)"20"

دیارە گەلێك هۆکار هەن وایانکردووە نیچە و فەلسەفەکەی ئەو هەموو راو بۆچوونە دژو بەرواژیانە بەخۆیەوە هەڵبگرێت، هەندێك دەوڵەمەندی و بەرفراوانی بۆچوونەکانی وەك هۆکارێك بۆ ئەوە دەسنیشان ئەکەن، هەندێکیش بۆ مەزنی و زیرەکی ئەوی ئەگەڕێننەوە، چونکە فەیلەسوفی گەورە ئەوەیە کە ناهێلێت بە ئاسانی بکەوێتە ژێر حوکمی رێبازێك و سنووری میتۆدێکەوە.

رەنگە دژایەتیکردنی نیچە بۆ هزری دۆگما و قالبە سنووردارەکانی میتافیزیکیای ئەوروپی ئەگەرێکی دیکە بێت بۆ ئەو ئالۆزی و دژوارییەی، یان وەك ئازاد بەرزنجی ئەڵێت: " بیرمەندانی پێش نیچە لایەنێکی دیاریان لەناخی خوێنەر دەدواند، زۆربەی کاتەکانیش ئەو لایەنە ئەقڵی بووە، بۆیە گفتۆگۆیە ئەقلانییەکان لەگەڵ ئەو هزرمەندانە و قبوڵ کردن و نەکردنی ئەو بیرمەندانە کارێکی ئاسان بووە، بەلاّم نیچە بە تەنیا لایەنێکی ناخی خوێنەر نادوێنێت، بەڵکو هاندەرە قوڵەکان و تامەزرۆیی بۆ بالاّبوون و دواییش لەگەڵ هۆشی ئەدوێت، بۆیە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو دژوارە" "21"

لە لایەکی دیکەوە، فەلسەفەی رەخنەیی رۆژئاوایی، هەر لە کۆپەرنیکۆس و گالیلۆوە، کە تیۆری سێنترالیزمی زەوییی "پتۆلیمی" کە ببووە باوەڕی پیرۆزی کەنیسە و مەسیحییەت، رەخنەیان کرد و هەڵیانوەشاندەوە و زانست بووە هۆکاری گۆڕانکارییە گەورەکانی کۆمەلاّیەتی و ئابووری و سیاسی و کلتورییەکانی رۆژئاوا، دواتریش رەخنەی فەلسەفی رووی کردە ئەقلانییەت لەسەر دەستی (دیکارت 1591-1650) و کۆجیتۆیە بەناوبانگەکەی " من بیر ئەکەمەوە، کەواتە من هەم"، فرانسیس بیکۆن (1561-1625) زانستی کردە وزەیەك بۆ رەخنەگرتن لە بیروباوەڕە ئایینییەکان بەوەی سەرچاوەی راستی بن. تازەگەری بە فەلسەفە رەخنەییەکانی کانت و هیگل و مارکسیشەوە، دیسان کەشێکی ئەقلاّنی رەخنەییان بەسەر فەلسەفەدا دادا، تا تازەگەری گەیشتە ئاستێك کە خۆی تووشی رەخنەی توندوتیژ ببێتەوە، لەوانەش رەخنە دژوارەکانی نیچە لە رۆشنبیری رۆژئاوا بە گشتی.

نیچە، کە هات رەخنە بگرێت، کلتورێکی گەورەی فکری دینی و زانستی و تازەگەریی و فەلسەفی و ئەدەبی و رەخنەیی لەبەردەممدا بوو، بۆیە رەخنە گرتن لەو میراتە، کارێك نەبوو دژوار نەبێت و بە

ئاسانی هەرس بکرێت، واتە پانتایی یان رووبەڕی ئەو مەیدانانەی تووشی رەخنەکانی نیچە بوونەوە زۆر فراوان و گەورە بوون، هەر لە دینەوە بۆ زانست و بۆ تازەگەری و بۆ ئەقلانییەت و بۆ مێژوو و هەقیقەت.

بۆیە ئەمە رەنگە خاڵێکی دیکەی دژواری گفتوگۆ بێت لەگەڵ نیچەدا.

بەلام ئایا بۆ رۆشنبیری کوردی کە هزر تێیدا غائیبە و سستەمێکی ئەنارشی و مادییانەی قورس بەرێوەی ئەبات، چەند ئەتوانێت دوای پتر لە سەد ساڵ هزرەکانی نیچە هەرس بکات و قبوڵ بکات؟ نیچە چەند ئەتوانێت میهرەبان و دژوار نەبێت لەگەڵ خوێنەری کورددا؟

ئەو خوێنەرەی هەمیشە لە چاوەڕێی ئەو تێکستەیە کە لەگەڵ مانا و دنیابینییەکانی ئەو کۆك و تەبا و نەرم و نیان بێت؟

دیارە یەکێك لە ئاریشەکانی خوێندنەوە لە رۆشنبیری کوردی دا ئەوەیە کە خوێنەر هەردەم چاوەڕێی یە تێکست بێت و مانا و دنیای ئەو لەناو خۆیدا خەلق کاتەوە، ئەو تووشی شۆك و دژایەتی نەکات، هەمیشە تێکست هیوایەکی بداتێ کە ئەو بوونەوەرێکی جوان و زیرەك و زانا و دانایە، تێکست ئاوێنەیەك بێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە واقعی دینی و سیاسی و گوتارە کەیی و ماڵییەکانی ئەو دووبارە بێ ناکۆکی نیشان بداتەوە.

فەنابوونی ئەو کەییبوون و ماڵیبوونە، لە هەر تێکستێکدا ئەگەرێکی بەرهەڤە بۆ ئەوەی ئەو تێکستە نەخوێندرێتەوە و پشتگوێ بخرێت و بایەخی پێنەدرێت، لە سەردەمی نیچە خۆیدا چارەنووسی تێکستەکانی وابوون، زۆر بلاّو نەبوونەوە و نەخوێندرانەوە و نەناسرا، بەلام دوای مردنی بە چەندین ساڵان ئەو گۆڕانانەی لە رۆشنبیری رۆژئاواییدا روویان دا وایانکرد جارێکی دیکە نیچە بە گەرم و گوڕییەوە بێتە ناو باس و خواسەکانی هزری و فەلسەفی دا، واتە ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیا کە هێشتا رۆشنبیری ئەوروپی ئەو تاقەتەی نەبوو کە گوێ بداتە نیچە و بۆچوون و فەلسەفەکەی ئەو، بەلام دوای ئەو، ئەو جۆرە خوێندنەوەیە چێبوو کە لە نەفیکردنەوەی مانا کەییەکان بگەڕێت و باشتر لە سەردەم و ژیان و هەقیقەت و دنیای مرۆڤ بگەڕێت.

بەلام ئایا لە رۆشنبیری ئێمەدا کە هێشتانەکە رۆشنبیری خوێندنەوە زۆر بلاّونیە و ئەو خوێنەرەی هەشە زۆربەی دەستەمۆ و کەیی مانا حازرەکان و ماناکانی خۆیەتی، چەند ئەتوانێت نیچە بناسێت و هەست بە تووڕەهاتی ژیانی خۆی بکات؟ هەر بۆنموونە. چەند ئەتوانێت لە رێی نیچەوە بە خوێندنەوەیەکی کوردییەوە بزانێت ژیان لە رەهەندێکییەوە تراژیدیایە و پێویستە سەرەدەرییەکی بە هێز و پڕ ئیرادەی لەگەڵ بکرێت؟ یان با بڵێین ئایا کاریگەری خوێندنەوەی نیچە لە رۆشنبیری کوردیدا چی ئەبێت؟

ژێدەرەکان:


1. عوسمان یاسین، نیتشە، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی لاپەڕە 7

2. سەرنجی ئێوە بۆ پەرتووکی "مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و رۆشنگەری ،وەلاّمێك بۆ کتێبەکەی مەلا بەختیار "بتایبەتی لاپەڕە 144- 172رائەکێشم کە بە درێژی قسە لەسەر ئەم مژارە کراوە.)

3.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( پیر ڤی. زیما هەڵوەشاندنەوەگەرایی، لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەیی، وەرگێڕانی : رێبین رەسوڵ ئیسماعیل، بەتایبەتی پەڕەکانی 34 – 41)

4. بنێڕە (مەریوان وریا قانع، نیتشە ئەوفەیلەسوفەی دەیویست هەموومان بکات بە شاعیر، گووتار / گۆڤاری رەهەند.

5. بۆ زیاتر پێزانین بڕوانە(داریوش ئاشوری، نیچە، زەردەشت و ئێران، وەرگێڕانی زەهرا ئارام، گۆڤاری ویست ژمارە 4 لاپەڕە 222-227 هاوینی 2007)

6. (دواهەمین کوفرەکانی نیچە، وەرگێڕانی فەردین دارا لە بلاّوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما )

7 . هەمان ژێدەری سەرەوە. بەرپەڕێ 66

8. هەمان ژێدەرێ سەرەوە. بەرپەڕێ 85

9. هەمان ژێدەرێ سەرەوە. بەرپەڕێ 91

10. هەمان ژێدەرێ سەرەوە. بەرپەڕێ 95

11. هاشم ساڵح لە نێوان (بلیمەتی ) و (شێتی) دا، وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد،لاپەڕە 42 سلێمانی 2002زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(23).

12. . هێنری تۆماس و دانا لی تۆماس، بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا، وەرگێڕانی دڵشاد کازم. بەرپەڕێ (369) 2006 دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی.

13. "(میشیل فۆکۆ/ یجب الدفاع عن المجتمع، ترجمە وتقدیم وتعلیق د. الزواوی بغورە، بیروت.)

14. ( پیر ڤی. زیما، هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی : رێبین رەسول ئیسماعیل.2004. بەرپەڕێ61)

15( ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی ، وەرگێڕان نووسین، لەبلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2006 چاپی دووەم)

16.د. محەمەد کەمال، نیهلیزم و رەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005 لاپەڕە 35.

17. (ئازاد بەرزنجی، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی ، وەرگێڕان نووسین، لەبلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2006چاپی دووەم )

18.(مەریوان وریا قانع، نیتشە ئەوفەیلەسوفەی دەیویست هەمووومان بکات بە شاعیر، گووتار / گۆڤاری رەهەند.

19. هێنری تۆماس و دانا لی تۆماس، بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا، وەرگێڕانی دڵشاد کازم. بەرپەڕێ (364-365) 2006 دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی.

20. . هێنری تۆماس و دانا لی تۆماس، بەسەرهاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا، وەرگێڕانی دڵشاد کازم. بەرپەڕێ (369) 2006 دەزگای توێژینەوە و بلاّوکردنەوەی موکریانی.

21. (ئازاد بەرزنجی ، چەند وێستگەیەکی فیکری و ئەدەبی ، وەرگێڕان نووسین، لەبلاّوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،2006 چاپی دووەم )

# نیچە، ژیان و بەرهەم:

فردریك ڤیلهێلم نیچە لە "1844/10/15" لە گوندی رۆکن لە خێزانێکی دینیدا لە دایك بووە، هەم باپیر و هەم باوکی قەشەی پرۆتستانتی بوون، بەلاّم ئەو هەر زوو بووە یەکێك لە دوژمنە سەرسەختەکانی کەنیسە و مەسیحییەت، هێشتا منداڵ بوو لەتەمەنی پێنج ساڵیدا باوکی مرد، کە ئەمەش کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بەحیهێشت. نیچە خۆی ئەڵێ : ( هەرچەندە منداڵ بووم و ئەزموون و شارەزاییەکی زۆرم نەبوو، بەلاّم بە دروستی لە مانای مردن ئەگەیشتم.) "1"

لە خێزانێکی مێسالاردا پەروەردە بوو، دایك و خوشك و پورەکانی، دایکی ئەیویست ببێتە قەشە، بەلاّم نیچە بووە شاعیر و فەیلەسوف، زۆربەی سەرچاوەکان ئەڵێن ژیانکردنی نیچە لە خێزانێکی مێسالاردا، کاریگەرییەکی دی لە سەر ژیان و فەلسەفەکەی ئەو هەبووە، نیچە چونکە لە ناو بەها مێینەکاندا پەروەردە ببوو، مرۆڤێکی بەناز و نەرم و هەستدار بووە، لەبەر ئەمەش جێگەی گاڵتەی منداڵەکانی خوێدنگە بووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی نیچە لە هێز و توندوتیژی بگەڕێت و خۆی لەو بەها مێینانەدا دەرباز بکات کە پێی گەورە ببوو. لە دەسپێکدا دەستی بە خوێندنی ئنجیل کرد، و پێگیری دینی باو و باپیری خۆی بوو، هەتا لەو ماوەیەدا پێیان ئەگووت "قەشەی بچووك" لێ ئەو قەشە بچووکە لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا باوەڕی بە مەسیحییەت نەما. کەوتە قۆناغی گومان و پرسیار کردندا، دوای ئەوە جارێکی دیکە نەگەڕایەوە باوەشی مەسیحییەت. دواتر (مەرگی خوای)

راگەیاند و رێگەی ئیلحادی گرت، و (مرۆڤی بالاّ) ی کردە رێباز و میتۆدێك بۆ ئەوەی پێی بگاتە مرۆڤایەتی، لە هەردوو زانکۆکانی " بۆن و لایبزیك"ی خوێند، پلەی دکتۆرای وەرگرت و لە ساڵی 1869 لە زانکۆی "بازل" بووە مامۆستا لە سویسرا.

نیچە زوو نەخۆش بوو، بەردەوام سەری دەهێشا و لە ساڵی 1889 هەر لە بازل کەوتە نەخۆشخانەی "فریدمات" بۆ نەخۆشییەکانی مێشك و رەوانی، نیچە نزیکەی نیوەی ژیانی خۆی بە نەخۆشی بردە سەر، سەر ئێشە و چاوهێشان و سك ئێشەی هەبوو، لە شێکی لاواز و تەندروستییەکی خراپ، گۆشەگیر بوو، چاوەکانی نزیکەی کۆرەبوون بوون، و نزیکەی دە ساڵی دوایین تەمەنی وەك مرۆڤێکی شێت ژیا و هەتا لە 1900/8/15 مرد.

نیچە لەگەڵ ئەو ئێش و ئازار و سەرئێشە و لاوازی جەستەیی و نەخۆشی دەروونی و کزی دیتن و ژیانێکی پڕی ئێش، بەلاّم دیسانیش بووە فەیەلەسوفێك کە یەکێك لە پەیامە سەرەکییەکانی (ویستی هێز و مرۆڤی بالاّ) بوو. بۆیە زۆربەی ئەوانەی لەسەر نیچەییان نووسیوە، بە مرۆڤێکی سەیر و دژ و ئاڵۆز و ناکۆك و دژوار ئەیبینن، سەرباری هەموو لاوازییەکانی، لێ دیسان خاوەن روحێکی بەهێز و ئیرادەیەکی سەیر بوو بۆ ژیان، سەرباری ئەو لاوازییانە کە رەنگە بە تایبەت بۆ مرۆڤێکی پەروەردە دینی وابکات ئەو کەسە خوا و دین زیاتر و توندتر بگرێت، بەلاّم نیچە بەرەواژی نەك هەر پشتی کردە دین، بەڵکو (خوای کوشت) و هێرشێکی دژواریشی کردە سەر دین. "2"

(چاوانی من کزن، بەلاّم هەرگیز بینایی من زەرەرمەند نەبووە لەوان) "3" ئەوە یەکێکە لە گووتەکانی نیچە لە کتێبی دواهەمین کوفرەکانی نیچەدا، کە مرۆڤ ئەتوانێت تێبگات دیتن و تەماشاکردن هێندەی گرێدراوی ئیرادەی مرۆڤە، ئەوەندە گرێدراوی چاوەکانی نیە.

سەبارەت بە ئێش و نەخۆشییەکانی خۆی و لاوازی جەستەکەی نیچە زۆر دەستەواژە و پەیڤی هەن، کە ئەوە ئەسەلمێنن، مرۆڤ وەك جەستە، و مرۆڤ وەك روح و مەعنەوییات، ئەتوانن جیاواز و دژ بن، جەستەیەکی لاواز و چاوانی کوێریش ئەتوانن ئەو شتانە ببینن کە یەکێکی ساغ لە لایەنی فیزیکییەوە ناتوانێت بیانبینێت،واتە ژێدەری هێز و ئیرادەی ئەو لە جەستەو هێزی چاوەکانیدا نەبووە، بەڵکو لە روح و خەلاقییەتی هۆش و دیتنە رەخنەگر و ئازادەکانی بووە، روحێك گەورەتر لە ئێش و ئازاری جەستەیی و دەروونی و روحی.

ئیدی نیچە بەردەوام لە شەڕێکی دژواردا بووە لەگەڵ جەستە و لاوازی، شەڕێك کە گەلێك لەوانەی لەسەریان نووسیوە پێیان وایە فەلسەفەکەی ڤەرێژی ئەو بارە سایکۆلۆژییەی بووە، هەم لاوازی جەستەیی و هەم نەخۆشی و هەم شێتبوون و کزی چاوەکانی، لە لایەك و ، لەلایەکی دیکەش پەروەردە مێسالارییەکەی و شکەستنی لە چیرۆکی خۆشەویستی خۆی لە گەڵ ( لۆ ئەندرێ سالۆمێ)* کە زۆری

خۆشئەویست و دواییش یەکدیان بەجێهێشت.ئەو هۆکارە دەروونییانە بوونەتە هاندەری هزرەکانی، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك لە نێوان لاوازی جەستەیی و شکانە دەروونییەکەی لەناو خۆیدا دروست بکات. لەوەش زیاتر ئەڵێن کە فەلسەفەی نیچە بەرهەمی ئەقڵێکی شێت و نەخۆش بووە، بۆ نموونە:

( فەلسەفەی نیتشە بەرهەمی مێشکێکیَ ناهاوسەنگە.) "4"

یان (بەسەرهاتی شێتانەی نیچە لە جیهانی فەلسەفەدا بەشێکی بۆ نشووستی هێنانی لە خۆشەویستیدا دەگەڕێتەوە) "5"

(پەرتووکی زەردەشت ئەوهای گووت، یەکێك لە خەونە ئێجگار گەورەکانە کە مێشکێکی نەخۆش تا ئێستا توانیویەتی وەسفیبکات) "6"

(نووسینەکانی نیچە ئەوانەن کە دەتوانریَ لەکەسێك ئەو چاوەڕوانییە بکرێت کە ژیانی لێکچوونێکی زۆری لە ژیانێکی پڕ لە بەختەوەری ئاسایی نەبوو، ئەم نووسینانە فەلسەفەیەك دروست ناکات کە بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە. بەڵکو زیاتر راپۆرتی زۆر قوڵی هزری و شاعیرانەی دۆخی دوا بەدوای یەکی دەرونییەتی.)"7"

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ناتوانین هەموو داهێنان و هزری نیچە وەك هاندەرێکی سایکۆلۆجی بۆ هاوسەنگیی بگێڕینەوە، یان وەك ئاکامی شێتبوونی ئەو ببینین، ئەم راڤەیە لە هەندێك رەهەندیدا من زیاتر لە "فۆکۆ" نزیك ئەکاتەوە کاتێك "مەریوان وریا قانع" لە راڤەی دێوانەیی لە لای فۆکۆ ئەڵێت: ( دیوانەیی مانای جۆرێك لە ئەخلاق و فیکر و بیرکردنەوە و خەیاڵ کە لەگەڵ فۆرمە باڵادەستەکانی مانا و ئەخلاق و خەیاڵ و عەقلانییەتدا نەگونجێت، دێوانەیی مانای دیدی ئەوانەی کە دەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگاوە و وێناکردنێکی دیکەیان بۆ دنیا و دیاردەکان هەیە کە ناکۆك یان جیاوازە لە وێناکردنە باڵا دەستەکانی ناو ساتە وەختێکی مێژوویی)"8"

ئەگەر بشزانین فەلسەفەی نیچە فەلسەفەی جیاوازی بووە لە گەڵ سەردەمی خۆیدا، وەك لە پێشەوەش ئاماژەمان پێدا نیچە هەتا لەژیاندا بوو، فەلسەفەکەی بلاّو نەبۆوە و دەنگێکی پەراوێزکراو بوو، رۆشنبیری رۆژئاواش پتر لە ژێر کاریگەریی ئەقلانییەتی دیکارت و کانت و دیالەکتیك و خوێندنەوەکانی هیگل و مارکس بوون بۆ مێژوو و هەقیقەت، بۆیە سەیر نابێت نیچە بە جیاوازییەکانی خۆی و مانا نوێکانی بۆ مێژوو و هەقیقەت و ئەقلانییەت و دەسەلاّت و دەوڵەت و ئیرادە و مرۆڤی باڵا و تراژیدیا و رەخنە وێرانکارەکانی بۆ دین و مەسیحییەت و ئەقلانییەت و ئەخلاق و هەبوونەوە، ببێتە دەنگێکی پەراوێزکراو و وەك ئەقڵێکی نەخۆش تەماشا بکرێت و هاوسەنگی دەروونیش بکرێتە هاندەری هزرەکانی.

نیچە گەلێك بەرهەمی لە دوای خۆ بەجێهێشتن، گەلێك ژێدەر هەن باسی بەرهەمەکان و ساڵی نووسینییان ئەکەن، لێرەدا من نامەوێت جارێکی دیکە دووبارەیان بکەمەوە، بەلاّم خوێنەر ئەتوانێت

بگەڕێتەوە سەر نووسینەکانی بۆ نموونە، "عوسمان یاسین" لە پەرتووکی نیتشەدا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی. کە بەکوردی بە درێژی تۆماری کردوون، یان هەروەها خوێنەر ئەتوانێت سوود لە " عەبدولحەلیم ئەلخەسار" ملف عن فردريك نيتشه ببینێت کە لە سایتی www.mdaad.com لە 2007/1/27 دا بە زمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە، هەروەها "ئازاد بەرنجی، چەند وێستگەیەکی فکری، دیسان خوێنەر ئەتوانێت لەو بەشەی لەسەر نیتشە نووسراوە بە زۆربەی ناوی بەرهەمەکانی نیچە شاد بێت"

بەڵام لێرەدا بەس بۆ ئاماژە پێکردن، ئەسڵی تراژیدیا 1872 کە لێکۆڵینەوەیەکە لە رۆشنبیری یۆنانیدا، مرۆڤی باڵا1878، رێبوار و سێبەرەکەی 1880، زانستی شاد1882، زەردەشت وەها ئاخاوت 1885-1883 کە یەکێکە لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی نیچە و بە کوردیش هەیە، کە بە شێوازێکی شاعیرانە دارێژراوە و زۆربەی هزرەکانی سەبارەت بە دین و بەها و ئەخلاق و رەخنەگرتنی ئەوانەی تێدا دیاریکردووە، و لەسەر زمانی زەرەدەشتەوە فەلەسەفەکەی خۆی ئەبێژێت.

سەبارەت بەگرنگی ئەم بەرهەمەیەوە نیچە خۆی کاتێ کە بەشی یەکەمی نووسیوە. لە رۆژی (1883/2/13) کە تەمەنی 38 یاڵ بووە، لە نامەیەکیدا بۆ "ئارنست شمایتسنر بکمینتز" بڵاوکەرەوەی بەرهەمەکانی، پێی ئەڵێ : (بەرێز ئەمرۆ هەواڵێکی خۆشم هەیە پێت بڵێم، بە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوە هەڵساوم مەبەستم ئەوەیە ئەو هەنگاوە بۆ ئێوەش گرنگ ئەبێت، دانراوێکی بچووك کە لە سەد لاپەڕە کەمترە بە ناوی "زەردەشت وەها ئاخاوت" پەرتووکێکە بۆ هەموان و کەسێك نا "چامەیەکی شعرییە" یان " ئینجیلی پێنچەمینە" یان هەر شتێکی دی کە چ ناوێکی بۆ نەبێت، ئەو یەکێکە لە نووسینە هەرە رژد و ئازاکان، و لە بەردەستی هەمووانە و باوەڕ ئەکەم "کاریگەری راستەوخۆی " هەبێت.)

هەروەها لە رۆژی (4/20)ی هەمان ساڵ نیچە بۆ "مالفیدا فون مایزنبۆرگ بروماس" ئەنووسێت: " ئەو چیرۆکێکی جوانە، من تەحەدای هەموو دیانەتەکانم کردووە و "پەرتووکێکی پیرۆز"ی نوێم داناوە! و زۆر بە رژدییەوە ئەڵێم کە ئەم کتێبە گەلێك جدییە، وەك هیچ کتێبێکی دیکە نیە، پێکەنینی هەرس کردووە و لەگەڵ دینم ئاوێتە کردووە) و لە رۆژی (5/24) ی هەمان ساڵ لە نامەیەکی دیکەدا بۆ "کارل هیلبرانت" سەبارەت بە بەشی یەکەمی کتێبەکەی ئەنووسێت: (هەموو هزر، ئێش و هیواکانم لەو کتێبەدانە، وەهای لە ژیانم کرد وەك ئەبینم خودم ئەیەوێت لە رێی ئەو پەرتوکەدا خۆی تەبریر بکات، جارێکی تر شەرم لەخۆم ئەکەم، چونکە بەو کارە من دەستی خۆم گەیاندە چەپکەکانی شکۆداریی، ئەو شکۆدارییەی لەمێژە بەشەرییەت دەستی لێبەرداوە.) "9"

ژێدەر:


1. (ئیبراهیم حەیدەری، العبقری المسجون بوحدتە والمفتون بنبوتە، گوتار، الشرق الاوسگ، ژمارە 8018 10 نۆڤێمبەر 2000)
2. عەبدولحەلیم ئەلخەسار، ملف عن فریدیریك نیتشە،2007/1/27www.mdaad.com
3. دواهەمین کوفرەکانی نیچە،وەرگێڕانی فەردین دارا، لە بلاّوکاروەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما سلێمانی 2007
4. هێنری تۆماس و دانالی توماس، بەسەر هاتە نەمرەکان لە فەلسەفەدا،وەرگێڕانی دڵشاد کازم، لاپەڕە361.
5. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 364
6. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە 364
7. لین و لینکستەر، خواوەندانی هزری سیاسی، وەرگێڕانی کامران محەمەد پور، لاپەڕە432.
8. ( مەریوان وریا قانع، فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری، لاپەڕە 309)
9. بیتر سلوتردایك " الانجیل" الخامس لنیتشە، ترجمە: علی مصباح، منشورات الجمل، کولونیا- المانیا 2003


* لۆ ئەندریاس سالۆمێ: کچێکی رووس بوو، لە 1861/2/12 لە سانپترسبۆرگ هاتۆتە دونیاوە، رۆمان و وتار و چیرۆکی نووسیووە، لە 1937/2/5 مردووە. ( بڕوانە ئیرڤین دی یالۆم ،کاتێ کە نیچە گریا، وەرگێڕانی دڵشاد هیوا لاپەڕە 444، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی موکریانی، 2006 هەولێر.) بۆ یەکەمجار نیچە لە ڕێی پۆل ڕەی هاوڕێیەوە ئەم کچە ئەناسێ کە لەنامەکانیدا باسی ئەکات، نیچە عاشقی ئەبێت، بەلاّم لۆ سالۆمێ شووی پێناکات و حەز لە رەی ئەکات،پەیوەندییەکەیان ئەپچڕێت و واتەوات و ئیرەیی و قسەی خەڵك و ئەو شتانەی بەدواوە دێت.( بڕوانە لاپەڕە پەرشەکان، لاپەڕە177-179)

# خوێندنەوە لە نێوان
# مەرگی نووسەر و مەرگی تێکستدا

## زەردەشت وەها ئاخاوت
### کتێبێك بۆ هەمووان و کەس نا

دیارە ئەو بەرهەمەی نیچە لە نێوان ساڵەکانی (1883-1885) وەك لە سەرەوەش ئاماژەمان پێدا، نووسراوە، یەکێکە لە کتێبە هەرە بەناوبانگەکانی نیچە و پێش هەموو کەسێکیش نیچە خۆی زۆر باسی گرنگی و گەورەیی و بێ وێنەیی ئەم کتێبەی کردووە، چونکە لێرە بەدواوە لەم باسەدا، زیاتر ئەم کتێبە و تێزی باسەکەمان لەو بەشەدا چڕ ئەکەینەوە، ئەمانەوێ ئەو نووسینانەی خزمەت بە باسەکەمان ئەکەن دەست نیشان بکەین و گرنگی ئەو کتێبەش بۆ خوێندنەوەی خۆمان ئاشکرا کەین، کە ئەویش خۆی لە تێگەیشتنێکی نوێدا ئەبینێتەوە بۆ رەخنەی کوردی و لە نیچەوە دەست پێبکەین و بگەینە جاك درێداوە، بە تایبەتیش بۆ " تێزی مەرگی نووسەر" و باسەکەمان لەسەر ئەو پنتەدا چڕکەینەوە.

یەکێك لە مەبەستەکانی ئەو باسە ئەوەیە، لە نیتشەوە جەغت لەسەر هەندێ بابەت بکەینەوە، (نووسەر و تێکست و خوێندنەوە) و پەیوەندییان بە (مەرگی نووسەر و تێکست و بەرپرسیاری نووسەر و رووبەڕووبوونەوەی رەخنەیی) لەگەڵ نووسەردا بەمانا درێداییەکەی، هەروەها لەم رێیەشەوە بتوانین پێشبەرییەك سەبارەت بە رەخنەی کوردی پێشکەش بکەین و بەشدارییەك لەو پارچە گرنگەی نووسین بکەین، کە ئێمە پێمان وایە رێگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی لە هەندێ رەهەندی دیکەوە تەماشای ئەدەب و ژیان و هەقیقەت بکەین.

گرنگی ئەم بەرهەمە لە دیدی نیچەوە لە دوو ئاست دایە، یەکەمیان بەرهەمەکە، دووەمیشیان بلیمەتی خۆی وەك نووسەر، نیچە ئەم بەرهەمەی هەم بە "ئینجیلی پێنجەم" و " شتێك کە هێشتا ناوی نییە" یان " چامەی شعری" هەروەها وەك " دیارییەك بۆ مرۆڤایەتی " یان " تێگەیشتنم بۆ دیۆنیسی لێرەدا بۆ تە کارێکی بلیمەت " زیاتر لەمەش نیچە ئەڵێ :" پێش ئەو کارە کەس بۆی نەبووە بزانێ بالآیی چییە، قوڵبوونەوە چییە، لەمەش کەمتر هەقیقەت چییە.. حیکمەتێك و گەڕانێك لە قولاّیی روحدا نەبوو، هونەری وتاربێژیش پێش زەردەشت نەبوو" هەروەها سەبارەت بە خۆیشی ئەڵێ: " قەدەری مرۆڤایەتی لەسەر شانمە" یان " ئەگەر خۆم بە پێوەری ئەو کارانە بپێوم کە لەدەستم دێن ئەوە من لە هەموو ئەو کەسانەی کە لەناوئەچن زیاتر شایانی نازناوی بلیمەتیم" یان " من هەڵگری مژدەیەکم کەنموونەی نەبووە لە پێشدا، تەنیا ئێستا، و لەمنەوە هەبوونی سیاسەتێکی بلیمەتانە لەسەر زەوی دەست پێئەکات" "1"

لەو وشە و دەستەواژانەی سەرەوەدا، نیچە جەغت لەسەر هەر دوو ئاستی تێکست و نووسەر ئەکاتەوە، "تێکست" کە ئەو خۆی شوناسی ئینجیلی پێنچەم یان چامەی شعری یان بەرهەمێك هێشتا ناوی نیە یان وەك دیاری، یان تێگەیشتنی بۆ دیونیسیس، و دواتریش رەهەندەکانی ئەو تێکستە لە گەڕان لە کۆمەڵێ چەمکی وەك بالآیی و قوڵبوونەوە و هەقیقەت و حیکمەت و قولاّیی روح و زماندا، هەموو ئەو وشە و دەستەواژە کورتانە، کۆمەڵێك دەلالاتی فەلسەفی قوڵ و لە هەمان کاتیشدا ئەدەبی و شاعیرانەمان پێ ئەبەخشن، بەدەر لەو دەلالاتە قولاّنە، ئێمە ئەزانین کە لەبەرامبەر کارێکداین، بە پلەی یەکەم تێکستێکی فەلسەفی – ئەدەبی نوێ داین، نوێبوونەوەیەك لەو گەڕانەدا خۆی ئەبینێتەوە بە ناو روح و گەڕانی زمانیش لە قولاّییدا، بەلآم ئەو قولاّییە نا کە (رۆلان بارت) بۆی ئەچێت بەوەی تەنیا گەڕانی زمانێك لە قولاّییدا بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە بکاتە تێکستێك تەنها زمان بێت، بێ مانا و دنیابینی و جوانی و کۆمەڵێك رووبەڕووبوونەوەی رەخنەییانەی توندو تیژ لەگەڵ میتافیزیکییا و دین و چەمکی مێژوو و هەقیقەت و خوا و خودی تێکستەکانی زەردەشتی پێش نیچەش، لێرەدا شووناسی ئەو تێکستە، کە شووناسێکە ناکرێت لە رەهەندێك و مانایەك و دنیابینییەکی دیار و لە سنووری میتۆدێك و لە سیاقی مێژوویێکی ئاشکرا دا بخوێندرێتەوە، خۆی ناداتە دەست ناسنامەیەکی فەلسەفی سنووردار یان ئەدەبی روون، بەڵکو وەك تێکستێك ئەبینرێت کە وزەیەکی بەردەوام لە رێی زمانەوە ئەبەخشێتە تێگەی فەلسەفە و شعر و ئەدەب و گووتار و نووسەر و رەهەندەکانی تێکست، ئەو وزەیە تەڤینەوەی تەنها زمان نیە لە قولاّییدا بۆ ئەوەی ببێتە ئاماژە و تەنیا لایەنێکی فانتازی بە تێکستەکە ببەخشێت و بیکاتە زمانێکی فانتازی کە تیایدا خودا و مێژوو و هەقیقەت و خێر و شەڕ و تاریکی و رووناکی و هتد..، هەموویان لە ناو مرۆڤی بالآدا فەنا بکات.

شتێك کە (عەلی مصباح) وەرگێڕی (هکڑا تکلم زرادشت) بۆ زمانی عەرەبی، "2" ئەخاتە بەر دیدەمان تایتلێکی لاوەکی ئەو بەرهەمەیە کە ئەڵێت لە زۆربەی وەرگێڕانەکانی ئەوبەرهەمەدا فەرامۆش کراوە ، کە ئەویش ئەو دەستەواژەیە : (کتێبێك بۆ هەمووان و کەس نا) کە لێرەشدا ئەو

دەستەواژەیەش ئەتوانێ شتێکی دیکەمان سەبارەت بە شووناسی ئەو تێکستە پێشکەش بکات، بەوەی تێکستێکە بۆ هەمووان، ئەو (هەمووان)ە، ئەکرێت ئەویش دیسانەوە کۆمەڵە پرسیارێکی تر دروست بکات، کە ئەو تێکستە بە دید و بۆچوونە فەلسەفییەکانی نیچەوە گرێبداتەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆ مە گرینگە ئەوەیە کە نیچە رەهەندێکی شووناسی تێکستەکەی ئەوەیە کە بۆ هەمووانە، بۆ کەسێك نیە، بۆ دەستەبژارەیەك نیە، هەر دەستەبژارەیەك کە پێشوەختە ئێمە تێگەیشتنێکی حازرمان لەسەری هەبێت، بۆ هەمووانە، بەو واتەیەی بۆ هەر تاکێك کە بەشێکی پێکهاتەی هەمووانە، جا ئەو تاکە هەر شووناسێکی هەبێت،چەپ بێت یان راست، رۆژئاوایی بێت یان رۆژهەڵاتی، نێر بێت یان مێ، مەسیحی بێت یان نا، خوا بکوژێت یان بیپەرستێت، عەقڵانی بێت یان باوەڕدار، یان هەر فۆرمێکی دیکە بۆ تاکێك کە ئێمە بۆمان هەیە، نەوەك نیچە، لێرەدا زیاتر رەنگە ئەو تاکە خاوەنی ئەو تاکیتییە بێت کە "بیتەر سلوتەردایك" لە سیاقێکی دیکەدا وەسفی تاکییەتی نیچەی پێ ئەکات ( ئەو تاکییەتەی توانای پەیوەندیکردنی بە هەموو ئاراستەکانەوە هەیە، و نیچە دروستکەر و پێغەمبەرییەتی) "3"

لە لایەکی دیکەشەوە، ئەو تایتلە ئەبێتەوە ئەو تەعبیرەی کە نیچە بۆ فەلسەفەکەی ناوی ئەنێت کە " فەلسەفەی ژیانە" بۆ هەمووانیش، ئەو دەربڕینەیە، بۆ تێکستێك کە بتوانێ باس لە هەموو ژیان بکات بۆ هەموو کەسێك، چونکە ژیان ئەتوانێت هەموو مرۆڤێك لەخۆیدا هەڵگرێت، بەڵام مرۆڤێك ناتوانێت هەموو ژیان لە خۆیدا هەڵگرێت، ئەمە بەو مانایەی کە دیتنی نیچە بۆ فەلسەفەکەی ئەوەبوو بە جیاواز لە فەلسەفەکانی دیکە، کە هەموویان باس لە لایەنێکی ژیان ئەکەن، باس لە چینێك ئەکەن، باس لەو بەهایانە ئەکەن کە ئەوان بەرهەمی ئەهێنن، ئەو ئەخلاقەی دەسەڵاتێك دوای سەرکەوتنی لە رێی هێزەوە بەسەر ئەوانی دی بەدەستی ئەهێنێت، ئەو مێژووەی کە لە ئەنجامی ململانێی هێزەکان و ئیرادەکان لەگەڵ یەکتریدا ماناکانی هێزی سەرکەوتوو ئەکاتە ئەخلاقی خۆی، ئەو مانایانەی لە ململانێی هێزەکاندا مانا و دنیابینی و شووناسەکان خەلق ئەکات، نیچە دێت و ئەیوێ، مرۆڤ لەوە بگات ئەو مێژووەی تیایدایە، مێژوویێك نیە بەرهەمی هەموو ژیان بێت، بەڵکو بەرهەمی ئەو هێزەیە کە لە شەڕەکانیدا سەرئەکەوێت، کە سەریش ئەکەوێت ئەبێتە ئەو دەسەڵاتەی هەوڵ ئەدا مانا و دنیای خۆی بەسەر تەواوی ژیاندا بڵاو بکاتەوە، کە واش ئەکات ئەوە هەموو بەشەکانی دیکەی ژیان، ئەخاتە دەرەوەی ئەو مێژووە، شووناسەکانی دیکە لەناو ئەبات، دەنگەکانی دیکە ئەکوژێت، ئیدی مێژوو، مێژووی هەمووان نیە، مێژووی دۆڕاوەکان نیە لەشەڕی دەسەڵاتدا، ژیان .. ژیانی ئیرادە لاواز و ژێرکەوتووەکان نیە، ژیان .. ژیانی ئەو مانا و شووناسانە نیە کە ناتوانن لە ململانێکاندا دەسەڵاتدار بن، مێژوو دەسەڵاتی ئەو هێزانەیە کە ئیرادەی خۆیان ئەسەپێنن، ئیدی ژیان ، ژیانی ئیرادە سەرکەوتووەکانە، لەو لاشەوە هەموو ئیرادە دۆڕاوەکان کڕ و کزۆڵە و بێدەنگ بەرەو نەمان و بێ شووناسی و بێ ماناییبوون تور ئەدرێن.

ئیدی لێرەوە نیچە ئەیوێت پێمان بڵێت زەردەشتی ئەو تێکستێکە، یان تێکستی ئەو زەردەشتێکە جیاواز، زەردەشتێکە لە سەر زمانی ئەودا ئەبێتە تێکدەری ئەخلاق، وەك خۆی وەسفی ئەکات:

(ئەبوایە لێیان پرسیبام ناوی زەردەشت لەسەر زمانی من مانای چییە؟ لەسەر زمانی یەکەمین نائەخلاقی،چونکە ئەو شێوە بێ هاوتاییە مەزنەی ئەو کەسایەتییە فارسە کە بە درێژایی مێژوو نوێنەرایەتی ئەکات، لێرەدا رێك بەرەواژی ئەو شتەیە کە باسی ئەکەین، زەردەشت ململانێی نێوان خێر و شەڕی بە رەوڕەوەی بزوێنەری شتەکان دانا، تەرجەمەکردنی میتافیزیکییانەی ئەخلاق بەوەی وزە ، هۆکار و ئامانجە لە خودی خۆیدا، دروستکراوی ئەوبوو، بەلاَم ئەکرێت ئەم پرسیارە  هەر لە خۆیدا وەلاَمیش بێت، چونکە زەردەشت، ئەخلاق.. ئەم هەڵە گەورەیەی داهێنا، بۆیە ئەبوایە یەکەم کەسیش بوایە دانی بەو هەڵەیەدا دانابا، نەوەك لەبەر ئەوەی کە تەنیا لە چاو بیرمەندەکانی تر ، درێژترین و زۆرترین ئەزموونی هەیە. چونکە مێژوو بە هەموویەوە بە درۆخستنەوەیەکی ئەزموونگەرییە بۆ گووتەزای "رژێمی گەردوونی بۆ بەهاکان" لەمەش گرنگتر لێرەدا ئەوەیە زەردەشت لەهەر بیرمەندێکی دیکە راستگۆترە، رێساکانی، تەنیا رێساکانی، هەقیقەت ئەکاتە بەهایەکی بالاَ، واتە پێچەوانەی ترسنۆکی مسالییەکانە کە لە هەقیقەت هەڵدێن، ئازایەتی زەردەشت بارتەقای ئازایەتی هەموو هزرمەندەکانی دیکەیە پێکەوە، قسەکردن بە هەقیقەتەکان و سەگڤانی، ئەمە چاکەکاری فارسییە. تێمگەیشتن؟ تەجاوزکردنی ئەخلاق بۆ خودی خۆی لە مونتەلەقی راستگۆییەوە، و تەجاوزی ئەخلاقگەراش لە خودی خۆی بۆ ئەوەی لە دژی خۆیدا جێ بگرێت _ لە من _ دا، ئەوە مانای ناوی زەردەشتە لەسەر زمانم )"4"

بە تێبینی کردنی ئەو پەرەگرافەی سەرەوەی نیچە، لێرەدا پەیوەندی (تێکست و نووسەر) و راڤەی زەردەشتی فارسی (وەك یەکەمین نووسەر) و (زەردەشتی نیچە) وەك دووەمین نووسەر، لە بەرامبەردا، تێکستی زەردەشتی یەکەم، کە ئاڤێستایە و نیچە ئاماژە بە ناوەکەی ناکات، و تێکستی نیچە (زەردەشت وەها ئاخاوت). لێرەدا ئەبینین نیچە جەغت لەسەر راڤەی مانای ناوی زەردەشت ئەکاتەوە لەسەر زمانی ئەودا، بۆ ئەوەی سنوورێك لە نێوان زەردەشتی یەکەم و زەردەشتی دووەم دانێت، و هەروەها سنوورێك لە نێوان تێکستی یەکەم و تێکستی دووەم دانێت، سنووردانان بۆ هەردوو تێکست و نووسەرەکە، سنووردانانە بۆ مانا و دنیای هەردوو تێکستەکە و مانای ناوی زەردەشتیش، گەورەترین جیاوازیش لە دیدی نیچەوە، لە نێوان ئەو دوو تێکستەوە ئەوەیە کە تەواو پێچەوانەی یەکدین، یەکەم پێچەوانەش ، پێچەوانەی " سرووشت- شێوە - گابع" ی زەردەشت و کارەکەی نیچەیە، کە لە کتێبەکەیدا دەستی داوەتێ، کە ئەویش خۆی لە ئەخلاقگەرایی و نائەخەلگەرایی ئەبێنێتەوە، یان بەواتەیەکی راستر ململانێی نێوان خێر و شەڕ، بەواتەیەکی هێشتا راستریش، مێژوو، جیاوازی ئەو مێژووەی زەردەشت راڤەی ئەکات و ئەو مێژووەی نیچە ئەبینێت، واتە جیاوازی دیتنی نیچە و زەردەشت بۆ مێژوو. ئەو مێژووەی زەردەشت تیایدا ئەبینێت ئەخلاق تیایدا وزە و هۆکار و ئامانجە لە خودی خۆیدا، و میتافیزیکییانە ئەو ململانێیەی نێوان خێر و شەڕ پێشبەر ئەکات. نیچە ئەو هەنگاوەی زەردەشت بە هەڵەیەکی گەورە ( شنیع) ئەبینێت، کە ئەخلاق وەك وزەیەك و هۆکار و ئامانجی مێژوو ببینێت، بەوەی ئاهورامەزدا و ئەهریمەن لە ململانێدان و شەڕیان شەڕی دوو ئیرادەی باش و خراپە، واتە

دابەشبوونێکی ئەخلاقی لە نێوان هێزەکاندا ئەبینێتەوە، باش و خراپ، رووناك و تاریك، جوان و کرێت وهتد...، لەو دابەشبوونە دووانەییانەی ئەو ئەخلاقە دروستی ئەکات.دواتریش ئەو ئەخلاقە میتافیزیکییە لە شێوەی وزە و هۆکار و ئامانجەوە، یان با بڵێین وەك شێوەیەکی وزەی مەعریفە و هۆکاری هەقیقەت و ئامانجی ئەخلاقگەرییانە لە پشت رەورەوەی مێژووبن. ئەو مێژووەی (نیزامێکی گەردوونی بەهاکان) دروست ئەکات ، یان بە واتەیەکی دیکە، هەقیقەت بەرهەم ئەهێنێت. دیارە نیچە ئەمە بە هەڵەیەکی کوشندە دائەنێت و لای ئەو مێژوو، ئەو ئەخلاقگەراییە نیە کە زەردەشت باسی ئەکات، بەڵکو رێك پێچەوانەی ئەوە، مێژوو ئەوە ئەسەلمێنێت کە رژێمێکی گەردوونی بۆ بەهاکان، تێگەیشتنێکە مێژوو بەدرۆی خستۆتەوە، هەقیقەت لە پشت مێژووەوە نیە، وەك ئەوەی مسالییەکان بۆی ئەچن. هەقیقەت ئەوە نیە لە ململانێییەکان لە خراپەوە بەرەو باشیەوە هەڵکشێن، یان ئاراستەی مێژوو لە خراپەوە بۆ باش بێت، مێژوو لە وزەی ئەهریمەونەوە بەرەو وزەی ئاهورامەزدا ئاراستە بگرێت، لە مەعریفەی ئەهریمەنەوە بۆ مەعریفەی ئاهوراوە بڕوات.

هەر چۆنێك بێت لێرەدا زیاتر مەبەستم ئەوەنیە، باس لە مێژوو بکەم لای نیچە، یان لای زەردەشت وەك خوێندنەوەیەك بۆ مێژوو، بەڵکو زیاتر مەبەستم ئەوەیە، کە لایەنێکی جیاوازی "تێکست و نووسەر" لە لای نیچەوە روون کەینەوە.

لە لای نیچەوە، نووسەری یەکەم، زەردەشت، هەڵەیەکی گەورەی کردووە، ئەویش وەك نووسەری دووەم دێت و بە کارێکی تەواو پێچەوانەی ئەو، رووبەڕووی ئەبێتەوە، لێرەدا هەم وەك نووسەر و هەم وەك تێکست رووبەڕووی ئەبێتەوە، تەنیا وەك نووسەر یان تەنیا وەك تێکست نا، ئەمەش ئەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بابەتەی لە پێشەکی ئەم باسەدا وروژاندمان لە نێوان کردەی "نووسین و خوێندنەوەدا"لە نێوان "نووسەر و خوێنەردا". لێرەدا من وای ئەبینم لەو پەرەگرافەی نیچەدا، کردەی نووسینی زەردەشتی نیچە بۆ زەردەشتی یەکەم، خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی تێکست و خودی زەردەشتیشە، لە یەك ئاستدا، هەم خوێندنەوەیەك بۆ تێکستی زەردەشتی یەکەم ئەکات و لە هەمان کاتیشدا رووبەڕووبوونەوەیەکی رەخنەیی لەگەڵدا ئەنجام ئەدات، کردەی نووسین و خوێندنەوەکە ئاراستەی تێکست و زەردەشتی یەکەم ئەکات، هەر بە ناوی زەردەشتیشەوە هێرشی ئەو بەهایانە ئەکات کە زەردەشت باسیان ئەکات، واتە لێرەدا کۆمەڵێ شت پێکەوە لە دایك ئەبن لەو کردەی خوێندنەوە و نووسینەدا، یەکەمیان: بەکارهێنانی زەردەشت خۆی و دروستکردنەوەی زەردەشت بە مانایەکی دیکە، رەنگە لێرەدا وامان بەخەیاڵدا بێت کە ئەمە کوشتنی نووسەرە لە رووێکیدا، بەڵام من پێموایە، نەخێر، ئەمەیان مردنی زەردەشتی یەکەم نیە وەك نووسەر، بەڵکو زیندوو راگرتنییەتی لەسەر ئاستی رووبەڕووبوونەوەدا، نیچە زەردەشتی نەکووشتووە، بەڵکو ماناکانی " ئەخلاقگەرایی" زەردەشت ئەکوژێت، رەخنەیان ئەکات لە سەر ئاستی تێکستێکدا کە بە وەرگێڕانێکی میتافیزیکی ئەبینێت بۆ ئەخلاق، کە نیچەش ئەمەی پێ راست نیە و هەڵەیەکی گەورەیە، لێرەدا لە ئاستێکی دیکەدا کە ئەگەینە شتی دووەم: نیچە تێکستەکە ئەکوژێت، بەوەی رێك کارێك پێچەوانەی راڤەی زەردەشت

ئەنجام ئەدات بۆ مێژوو و هەقیقەت و ئەخلاقگەرایی، واتە لێرەدا جیاوازیی خوێندنەوەی نیچە لە راڤەی تێکستی زەردەشتدا، پەنا ناباتە بەر ماناکانی خۆی تەنیا، پەناش ناباتە بەر میتا زمانێکی دیکە بە مانا بارتییەکەی، بۆ ئەوەی لەسەر زمانی یەکەم دایمەزرێنێت، لەهەمان کاتیشدا راڤەیەك ناداتە دەست بۆ ئەوەی زەردەشتی یەکەم، لە بەرپرسیاریەتی و حوکمدان بە دوور بگرێت، یان مانایەك بەرهەم بێنێت دوور لە زەردەشتی یەکەم و ماناکانی ئەو و مێژووی ئەو، واتە لێرەدا ئەگەر باس لە رووە رەخنەییەکەی کردەی نووسین و خوێندنەوەی نیچە بکەین بۆ زەردەشت و کارەکەی، ئەوە ئەبێتە خوێندنەوەیەکی نیچەیی بۆ ئاڤێستا بێ ئەوەی زەردەشت بمرێنێت، لەهەمان کاتیشدا ماناکانی زەردەشت لە کارەکەی خۆیدا تەفروتوونا ئەکات. لە بنیاتەوە هەڵیان ئەوەشێنێتەوە، ئەگەر کۆششی زەردەشتی یەکەم بۆ تاکخودایی و ئەخلاقگەرایی بێت لە دیندا، ئەوە نیچە خوا ئەکوژێت و ئەخلاقگەراییش لە نائەخلاقیی دا فەنا ئەکات. واتە لێرەدا نیچە خۆی وەك نووسەری دووەم لەو ئاستەدا رووبەڕووی زەردەشت نووسەری یەکەم ئەبێتەوە، کە خاوەن تێکستێکی تەواو جیاوازن.تێکستەکانیش لەو ئاستەدا رووبەڕووی یەکدی ئەبنەوە کە زەردەشت و نیچە دوو پێغەمبەری ناکۆك و دژن، لێ نیچە دێت و بە زمانی ئەو قسە ئەکات، کۆمەڵە قسەیەك، کە کتێبی زەردەشت وەها ئاخاوت نابێتەوە هەمان ئاخاوتنی گاتاکانی زەردەشتی یەکەم، واتە ئێمە لێرەدا لەبەرامبەر "قسەگەراییەك"داین، یان ئاخاوتنگەراییەکداین، کە تەواو جیاوازن، ئاخاوتنگەرایی گاتاکانی یەکەم، هەمان قسەگەرایی نیچە نیە، لێرەدا نیچە قسەگەرایی یەکەم فەنا ئەکات و ئەیانکوژێت، نایەت مانایەکی دیکەیان پێ ببەخشێت، بەڵکو لایان ئەبات و قسەکانی خۆی لە شوێنی ئەواندا جێگیر ئەکات، هەروەك خۆی ئەڵێت (ئینجیلی پێنچەمە) لێرەدا رەنگە شیاو بێت بڵێین گاتای دووەمی زەردەشتە، گاتایەك کە تەواو پێچەوانەی وتەگەراییەکانی یەکەم بێت، لێرەدا من ئەو کرداره ناو ئەنێم " کردەی مردنی تێکستی یەکەم" بەڵام بەومانایە نا کە میتا ئاخاوتن بێت، یان میتا زمان بێت لسەر ئاخاوتنی یەکەم یان تێکستی یەکەم، چونکە کردارەکە بەتەنیا خوێندنەوەیەك نیە تەئویلی دەقی یەکەم بکات، بەڵکو دەقی یەکەم ئەکوژێت، ماهییەتی یەکەم دەق لە ناو ئەبات، و لەهەمان کاتیشدا ئەوە نیە کە تەنیا ماهییەتێکی دیکەی تایبەت بە خۆی پێ ببەخشێت، واتە مەسەلەکە ئەوە نیە کە نیچە بە تەنیا تەئویلێکی دیکە بۆ مێژووی زەردەشت لە گاتاکان ئەکات، یان ماهییەتێکی دیکە بە هەقیقەتی زەردەشت ئەدات لە گاتاکاندا، یان بەهایەکی دیکە بە ئەخلاقی زەردەشت ئەدات لە گاتاکاندا، یان رەهەندی دیکە لەو تێکستەدا ئەبینێتەوە. بەڵکو ئەو هەر لە بنەڕەتدا دەقەکە رەت ئەکاتەوە، بەڵام نەوەك بێ ئەوەی رووبەڕووی زەردەشت نەبێتەوە، بەڵکو لێرەدا هەر بە زەردەشت رووبەڕووی زەردەشت ئەبێتەوە. واتە لێرەدا کەسایەتییەکی دیکە لەبەرامبەر زەردەشت دانامەزرێنێت، بەڵکو هەر زەردەشت خۆی رووبەڕووی خۆی ئەبێتەوە بەڵام بە زمانێکی دیکە و مانای دیکە و تەئویلێکی دیکە بۆ مێژوو و هەقیقەت، تەئویلێك نا ئەخلاقگەرایی، دوور لە وەرگێڕانە میتافیزیکییەکانی ئەخلاق بۆ وزە و هۆکار و ئامانج. ئەو دێت و زەردەشت رووبەڕووی خۆی ئەکاتەوە.

لە گاتاکانەوە ئەبینین، زەردەشت ئەڵێت:

( ئەوە کە لە سەرەتادا،
بە هزری خۆی،
رۆشنایی بە گەردوون بەخشی و
بە خێرەتی خۆی
هەنجاری بوونی ئافراند،
تا چاوەدێر و پشتیوانی،
رامانە هەرە باشەکان بێت.
ئەی مەزدا ئەهۆرا..!
ئەی ئەوەی کە میناى یەکسانیت..!
بە هێزی پیرۆزی مینووی خۆت،
رووناك و سەرفرازمان بکە.) "5" بابان سەقزی، گاتا سرووده پیرۆزەکانی زەردەشت لاپەڕە 81، وەزارەتی رۆشنبیری زنجیرە "488."، 2006سلێمانی.

یان لە گاتایەکی دیکەدا ئەبینین زەردەشت "مەزدا ئەهۆرا" وەك هاوڕێیەك وەسف ئەکات:

( مەزدا ئەهۆرا،
بە زانست و سرووشی خۆی
خەلاتی پێگەیشتن و جاویدان بوون،
راستی و توانامەندیی مینوویی و
یارمەتیی رامانی پاك
بە کەسێك دەبەخشێت،
هاوڕێ و ئەڤینداری بێت) "6"

لەم دوو گاتایانەی سەرەوەدا، زەردەشت لە یەکەمیاندا خودا بە رۆشنایی بەخش و لە دووەمیشیاندا بە هاوڕێ و ئەڤیندار وەسف ئەکات، بەلاَم نیچە لە سەرەتای زەردەشت وەها ئاخاوتدا دوای ئەوەی زەردەشت لە خەلْوەتگەکەی خۆی دێتە دەرەوە و ئەگاتە دارستانێك و لەگەلْ قدیسێکدا گفتۆگەیەك ئەکەن، دوای ئەوەی زەردەشت لە پیرەمێردەکە جیا ئەبێتەوە و ئەڕوات : " کاتێك کە زەردەشت خۆی بە تەنیا دیتەوە، بەم ئاخاوتنە دلْی خۆی دواند: ئەمە بەرئاقلْە؟ئەم پیرە قدیسە لێرە لە دارستانەکەیدا هێشتا گوێی لێنەبووە کە خوا مردووە!" "7"

مردنی خوا کە بابەتی سەرەکی تێکستەکەی نیچەیە، و لەوێشەوە بۆچوونەکانی نیچە سەبارەت بە "مرۆڤی بالاَ" پێشکەش ئەکات، پێچەوانەی تێکستی زەردەشتە کە خوا بە رۆشنایی بەخش و هەنجاری بوون و سەرچاوەی وزە و ژیانی ئەزانێت، نیچە خوا ئەمرێنێ، ئەم مردنەش مردنی رەمزیی گاتاکانە،

لە هەمان کاتیشدا زیندوو ڕاگرتنی زەردەشت و ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی فکری و ڕەخنەگرانەیە لەگەڵی.

لێرەدا نیچە، نووسەر نامرێنێت، نووسەری تێکستیش لای ئەو مردوو نیە، وەك لە لای دریدا ئەیبینینەوە، هەروەها تێکست، تەنیا زمان نیە لە قولاییدا،وەك لای "بارت" ئەکەوێتەوە، و تەئویلیش بەس نیە بۆ خوێندنەوە، بەرپرسیاری نووسەر لەسەر ڕاڤەکانی بۆ مێژوو و خوا و دین و ئەخلاقگەرایی، بۆ ئەو میتافیزیکییایەی لە تێکستدا نمایش ئەکرێت، ناچێتە خانەی تەئویلێك دوور لە مەبەستگەرایی، نووسەر بەرپرسیارە لەسەر تێکستەکەی و لەسەر ئەو تەئویلانەی بۆ هەقیقەتی ئەکات و بە ڕەخنەش پێویستە ڕووبەڕووببێتەوە.

ئەمە لە کاتێکدا لە لای جاك دریداوە، لە ڕەهەندی " مەرگی نووسەر "ەوە، (نووسین لەناوبردنی هەموو دەنگێك و هەموو کەسێکە، نووسین ئەم بێلایەنییە یە، ئەم دانان " تألیف" و پێچ و پەنایەیە کە خودی کارامانی تیادا ون دەبێ وئەو ڕەشایی – سپاییەیە کە هەموو ناسنامەیەکی تیادا ون دەبێ و پێش هەمووشیان ناسنامەی ئەو جەستەیەی کە دەنووسێ) "8"

لێ ئەوەی ئێمە لە لای نیچەدا ئەیبینینەوە، نووسین ئەوە نیە کە خودی زەردەشت بسڕێتەوە، بە پێچەوانەوە خودی زەردەشت ئەو دانانە ئەسڕێتەوە، وردە وردە تێکست ڕێ بۆ زەردەشت خۆش ئەکات، خوا ئەمرێت و "مرۆڤی بالا" دەست پێئەکات، لێرەدا مرۆڤی بالا ئەگەر وەك ڕەمز بە کار ببەین، نووسەرە لە بەرگە نیچەیەکەیدا، مردنی خواش کە تەوەری سەرەکی کتێبەکەیە، مردنی تێکست خۆیەتی، لە نێوان زەردەشت و خوادا، یانی نووسەر و تێکستدا، وردە وردە تێکست ئەمرێت و نووسەر دەست پێئەکات، ئەم پرۆسەیە پرۆسەی سڕینەوەی ئەوەیە کە دێریدا ئەڵێ :( لە کۆمەڵگە ئەتنۆگرۆفیەکاندا، کەسێکی دیاریکراو سەرگوزەشتەکە ناگێڕێتەوە)"9" لێرەدا نیچە کەسێکی دیار کە زەردەشتە وەك نووسەری تێکست ئەبینێت، دێریدا لە بارەی نووسەرەوە ئەڵێ: (نووسەر کەسێتەکە تازە هاتۆتە گۆڕێ، بێگومان زادەی کۆمەڵگەی خۆرئاوایە، کە لە کۆتاییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا و لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئەزموونگەریی ئینگلیزی و ئەقلانییەتی فەرەنسایی و تاکگەرایی کە هاوکات لەگەڵ بزووتنەوەی ریفۆرمی دینیدا پەیدابوو، هاتە ئاراوە، وەکو وەبیرهێنانەوەیەك بۆ بەهای تاکەکەس یان وەك دەوترێ (کەسێتی مرۆڤ)"10" ئەوە زەردەشتە ، لە گاتاکانەوە قسە دەکات نەوەك زمان، هەروەها ئەوە نیچەیە لە سەر زمانی زەردەشتی دووەمدا قسە ئەکات نەوەك زمان، ڕێك پێچەوانەی دێریدا کە پێی وایە (ئەوە زمانە دەدوێ نەك نووسەر) "11"

لە لای نیچەدا نووسەر قسەکەرە، ئاخاوتنکەرە، دیارە بەو مانایە نا کە کێشەی "ئاخاوتن " و پێشکەوتنی لە "نووسین" دا، لە خاڵی فۆسێنترالیزمدا جێگیر بکەین، لە شێوە ئەفلاتونییەکەیدا، بەوەی :(نووسین لە جەوهەردا شتێکی خراپە، شتێکی دەرەکییە بۆ یادەوەری، زانست بەرهەم ناهێنێت،

بەڵکو راوبۆچوون بەرهەم دێنێت، حەقیقەت بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو تەنیا روخساری شتەکان بەرهەم دێنێت).

یان لە لۆگۆسێنترالیزمدا لە شێوە (دیکارتییەکەی) (من بیر ئەکەمەوە، کەواتە من هەم) ، تا ئەگاتە خوێندنەوەکانی میتۆدی بونیادگەری لە شێوە بارتییەکەی (دنیا هەیە و نووسەریش قسەی خۆی دەکا. ئەدەبیات ئەوەیە، بابەتی رەخنە هێندێك جیاوازە. ئەم بابەتە دنیا نییە، بەڵکو پەیڤە، قسەی کەسێکی دیکەیە، رەخنە قسەیە لەسەر قسەیەکی دیکە، زمانی دووهەمین یان وەك لۆژیکزانان دەڵێن، بان زمانییە کە لە سەر زمانی یەکەم ( زمان – بابەت) پیادە دەبێ،)"12"

تا هەڵوەشاندنەوەگەراییەکەی جاك درێدا، بەڵکو زیاتر مەبەستمان روونکردنەوەی ئەو وزەیەیە کە نیچە بە نووسەری ئەبەخشێ، ئەو بەرپرسیاریەتییەی پێویستە لە بەرامبەریدا دابنرێت و ئەو لێپێچینەوە فکرییەی لەگەڵ بکرێت و رووبەڕووبوونەوەیەکی رەخنەیی لەگەڵ ئەنجام بدرێت.

لە مەرگی نووسەری درێدادا ئەبینین کە، چەند پێشنیارێکمان ئەخاتە بەردەم بۆ خوێندنەوەی " سارازی"ی بالزاك، با تەماشای ئەو پەرەگرافە بکەین:

(لە چیرۆکی " سارازین" دا بالزاك کاتێ دەربارەی پیاوێکی خەسێنرا و دەدوێ کە دەمامکی ئافرەتانەی پۆشیوە، نووسیویەتی:

" ئافرەتەکە بە ترس و لەرزە کتوپڕەکانی و هەواو هەوەسە دێوانە ئاسایی و دوو دڵییە غەریزییەکەی و ، پرکێشییە بێ بەهانەکەی و جەربەزەییەکانی و ناسکیی هەست و سۆزە گەرموگوڕەکەی..."

ئەمە کێیە بەم جۆرە دەدوێت؟ ئایا پاڵەوانی چیرۆکەکەیە کە خۆشاردنەوەی ئەو پیاوە خەسێنراوەی لە بەرگی ئافرەتدا بەلاوە مەبەستە؟ یان بالزاکی مرۆڤ خۆیەتی کە ئەزموونی تایبەتی خۆی: فەلسەفەیەکی بەرامبەر ئافرەت لا دروست کردووە؟ یان بالزاکی نووسەرە و راو بۆچوونی "ئەدەبی" ی بەرامبەر بە مێینە ئاشکرا دەکات؟ یان ئەمە حیکمەتی گەردوونییە؟ یان سایکۆلۆژیای رۆمانتیکە؟ زانینی ئەمە ئەستەمە، لەبەر هۆیەکی بنەڕەتی، ئەویش ئەوەیە کە نووسین لە ناو بردنی هەموو دەنگێك و هەموو کەسێکە) "13"

لەم پەرەگرافەدا درێدا چەندین پێشنیارمان ئەداتێ بەو مەبەستەی "زانینێك" لەسەر ئەم تێکستە پەیدا بکەین، زانینی ئەوەی کێیە لەم تێکستەدا ئەدوێت؟ هەر پێشنیارێکی درێدا قەبوڵ بکەین و ئەوانیدیکە رەت بکەینەوە، ئەوا درێدا لەگەڵمان رازی نابێت، چونکە ئەو پێی وایە نووسین لە ناو بردنە، لەناو بردنی هەموو ئەو پێشنیارانە، کە وەك "دەنگ و کەس" ئەیانناسێنێ.

چونکە پێی وایە لێکترازانێك لە نێوان " زانین " و "نووسین" دا هەیە، لە رێی نووسیندا ناگەینە هیچ زانینێك. هیچ دەنگ و کەسێك، بەر لەهەمووشیان دەنگ و کەسی نووسەر، بۆیە نووسەر مردووە.

پێش ئەوەی ئێمە بڕوا بکەین یان نا، ئەو تێزەی درێدا راستە یان ناراست "وەك زانینێك" با لە لایەکی دیکەوە دەست پێبکەین.

یەکەم: "هەموو" پێشنیارەکان، کە قابیلی رەتکردنەوەن و نازانرێت کامە پێشنیار لەوانە و لە دەرەوەی ئەوانەد هۆکاری دروستی ئەو نووسینەیە، ئەو پێشنیارانە و یان ئەکرێت پێشنیاری دیکەش بخرێنە سەر ئەو پێشنیارانە، هەموویان لە ئاستێکدا وەك پێشنیاری رەخنەگرێك دێن لە دەرەوەی تێکستەکەدا، بەو مانایەی " پێویستییەك بۆ زانین" ئەم پیپێشنیارانەمان ئەخەنە بەردەست، پێویستی زانینینیش بۆ ئەوەیە "بڕوایەك" یان "چەند بڕوایەکمان" لە لا دروست بکات، بۆ ئەوەی قەناعەتێك، "هەقیقەتیك" لەسەر ئەو تێکستە پەیدا بکەین. واتە هەقیقەتی ئەو تێکستە بناسین، بوون و ماهییەتی ئەو تێکستە بناسین.

لێرەدا لە ئاستێکی دیکەدا ئەگەینە ئەو پرسیارەی : ئایا تێکست "هەبوونی نووسەرە" یان "ماهییەتی نووسینە"؟، ئایا "نووسین" وەك هۆکارێکی بنەڕەتی "بوونێك - نووسەرێك" ئەرکی ئەوەیە کە دەنگ و کەسەکانی نووسین لەناو ببات یان "ماهییەتێکە - نووسینە" کە دەنگ و کەسەکانی نووسەر لەناوببات؟

هەر لە پرسیارەکەی درێداوە ئەتوانین شیمانەی هەندێ وەڵام بکەین، بەوەی نووسین ئەگەر بێت و هۆیەکی بنەڕەتی هەبێت بۆ لەناوبردنی "دەنگ و کەسەکانی نووسەر"، ئەوە ئەبێت لە سەرەتادا "هەبوونی تێکست" هەبێت، دوای ئەوەش ماهییەتی تێکست ئەوەبێت کە " لەناوبەری نووسەر" بێت.واتە ئەوە راڤەیەکی درێدا نیە بۆ نووسین، بەڵکو نووسین خۆی لە خۆیدا، لە هەبوونی خۆیدا، لە ناوبەرە، نەوەك شتێکی دی.

بەڵام بۆ لەناوبەرە؟ بۆ نووسین ناتوانێت خاوەنی ئەو ماهییەتە بێت کە لەناوبەر نەبێت؟ ئەو هۆیە بنەڕەتییە چییە نووسین ئەکاتە لەناوبەر؟ چ وزەیەکی بنەڕەتییە تەنیا کاری وێرانکردن و لەناوبردنی کەسەکان و دەنگەکانە، پێش هەمووشیان نووسەر؟

لێرەوە با بە هەندێ رەهەندی ئەم پرسیارەدا شۆڕببینەوە.

# خوێندنەوە لە نێوان تێکست و نووسەردا:

نووسین بە چاوپۆشین لە ماهییەت و ئەرکە بنەڕەتییەکەی کە لەناوبردنە، لەگەڵ هەموو ئەو هزرانەی تر کە دریدا لەپاڵ مەرگی نووسەردا ئەیخاتە روو، لە "رەخنەی پۆزیتیڤیسیت" و "باوکایەتی نووسەر و کوڕییەتی تێکست" و "پێشین"ی نووسەر و "پاشینی" نووسین و "نووسەر لەگەڵ دەقدا"، یان نووسین لە نێوان "رەسمکردن" و " ئەنجامدان"دا، یان "پەیام" ی دانەر، یان" خوێنەر"

لە پاڵ هەموو ئەو شتانەی سەرەوەدا ئەکرێت من بە جۆرێك لە جۆرەکان لەگەڵ بۆچوونەکانی دریدا دابم، لە دوا ساتیشدا سەبارەت بە " لە دایکبوونی خوێنەر بەندە بە مەرگی نووسەرەوە" هەڵوەستەیەك بکەم.

سەرەتا دریدا ئەوەمان پێ ئەڵێت کە تێکست هەیە، جا ئەرکی هەر چ بێت؟ بوونی هەیە. دوای ئەوەش "خوێندنەوەی تێکست" بەندە بە "مەرگی نووسەر"ەوە.

لێرەدا ئایا پەیوەندی نووسەر و تێکست و خوێندنەوە چییە؟ ئایا خوێندنەوە بە زەروورەت بۆ ئەبێتە مەرگی نووسەر؟ بۆ نابێتە مەرگی تێکست؟ ئایا بۆ نابێت خوێندنەوە رووبەڕووبوونەوەیەکی فکری و رەخنەیی بێت لە گەڵ نووسەردا؟

قەبوڵکردنی هەر یەکێك لەو پێشنیارانەی درێدا بۆ دەقەکەی بالزاکی ئەکات، ئەکرێت بە دەیان پرسیار و پێشنیاری ترمان بداتێ بۆ ئەوەی رووبەڕووی بالزاکی بکەینەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە ناو وتووێژێکی بێ کۆتایی سەبارەت بە گەلێ مانا و چەمکەوە، لەگەڵ هەر زانینێکدا، ئەکرێت پێشنیاری چەندین زانینی تر بکەین، کە لێرەشدا پرۆسەکە ئەبێتە خوێندنەوە و نووسینێك لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، لە پێناو زانینی زیاتر و کردنەوەی پێشنیاری تر بۆ زانینی زیاتر، خۆ ئەگەر هەر یەکێك لە پێشنیارەکان لە لای بالزاك وەڵام بدرێتەوە، ئەوە رەنگە بە مانا درێدادییەکەی وەڵامی کۆتایی بێت، کە لێرەشدا پرۆسەی خوێندنەوە بە کۆتایی ئەگات بۆ ئەو مانایە، بەڵام خۆ ئەو مانایە ئەگەر لە لای بالزاکیشەوە (هەقیقەت) بێت و راستی کۆتایی بێت، بەڵام ئەکرێت لەسەر خودی ئەو مانایە و ئەو راستییە کۆتاییە کە بالزاك ئەیداتە تێکستەکەی، و تێکستەکەی پێ ئەکوژێت، ئەوە ئەکرێت لێرەوە بەرەو ئەوە بچین کە لەسەر ئەو راستییەی کە تێکستەکەی بالزاك وەك هەقیقەت ئەمانداتێ بکەوینە گفتوگۆ و بەدەیان پرسیار لەسەر ئەو راستییە بوروژێنین، بەو واتەیەی لە ماناکانی تێکست دەرباز بین و روو بکەینە ماناکانی نووسەر و ئەو مانایە بکەینە پنتی پێشنیاری نوێتر، نەوەك بە مردنی تێکست، نووسەریش و رەهەندەکانی تاك مانایی ئەو بکوژین، بەڵکو لێرەوە ئەکرێت، رووبکەینە ئەو جیاوازی و ناکۆکییانەی ئەو مانایە ئەیداتە بەردەستمان، ئەو بیر و بۆچوونانەی ئێمە هەمانە بەرامبەر بەو مانایە و رووبەڕوویان ببینەوە. بەم شێوەیەش ئەکرێت، ئێمە دەرگا لەسەر تێکستەکە داخەین، کە تەواو رووناك بۆتەوە و پێویستی بەوە نیە کە زیاتر تیایدا بگەڕێین، بەڵام ئەو ماڵە رووناکەی کە بالزاك ئەمانداتێ لەوێوە ئایا ناتوانین چەندین پنتی تاریکی دیکە بدۆزینەوە؟ چەندین مانای تر لە پشت ئەو مانایە کەشف کەین؟

با ئێمە بێین و ئەم پەرەگرافە جارێکی دیکە بخوێنینەوە:

(ئەمە کێیە بەم جۆرە دەدوێت؟ ئایا پاڵەوانی چیرۆکەکەیە کە خۆشاردنەوەی ئەو پیاوە خەسێنراوەی لە بەرگی ئافرەتدا بەلاوە مەبەستە؟ یان بالزاکی مرۆڤ خۆیەتی کە ئەزموونی تایبەتی خۆی: فەلسەفەیەکی بەرامبەر ئافرەت لا دروست کردووە؟ یان بالزاکی نووسەرە و راو بۆچوونی "ئەدەبی" ی بەرامبەر بە مێینە ئاشکرا دەکات؟ یان ئەمە حیکمەتی گەردوونییە؟ یان سایکۆلۆژیای رۆمانتیکە؟ زانینی ئەمە ئەستەمە، لەبەر هۆیەکی بنەڕەتی، ئەویش ئەوەیە کە نووسین لە ناو بردنی هەموو دەنگێك و هەموو کەسێکە)

با ئێمە یەکێك لەو پێشنیارانە قبوڵ کەین، بەوەی ( ئەوە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە کە خۆشاردنەوەی ئەو پیاوە خەسێنراوەی لە بەرگی ئافرەتدا بەلاوە مەبەستە ) لێرەدا ئەو دەستەواژەیە، ئەگەر

هەقیقەتی ئەو تێکستە بێت یان دوا ڕەهەندی ئەو نووسینە بێت، ئەوە ئەکرێت لێرەوە واز لە نووسینەکە بێنێن و بیکوژین، بەڵام ئایا لێرەدا ناکرێت بالزاك ڕووبەڕووی ڕستێك پرسیار بکەینەوە لەسەر ئەو مانایە؟

1. ئەو پیاوە ڕەمزە بۆ پیاوێکی ئاسایی، کە تەنێکی فیزیکی تەواو یان ناتەواوی هەیە؟
2. مەبەست لە خەسێنراویی چیە؟ ئایا هێمایەکە بۆ خەساندنی جەستە؟یان مەبەست لێی خەساندنی روحییە؟
3. جەستە لای بالزاك چییە؟ جیاوازی جەستە لە نێوان بالزاك و نیچە هەر بۆ نموونە، چییە؟
4. هۆکارەکانی جیاوازی کە لە پشت جەستەوە ئەوەستن چین، لە نێوان تێکستێکی بالزاك و تێکستێکی وەك (زەردەشت وەها ئاخاوت)دا.
5. بەرگی ئافرەت بۆ ئەبێت هەڵگری شاردنەوەی تەنێکی خەساو بێت؟
6. ئایا چەند ئەکرێت لەرووی دەروونشیکارییەوە ئەم دەستەواژەیە بخوێنینەوە و نەگەینە کۆمەڵێ دەلالاتی زۆر دوورتر لەوەی دەستەواژەکە ئەماندداتێ؟

ئیدی ئەمانە تەنیا چەند پرسیارێك بوون بۆ نموونە، کە ئەکرێت لەسەر ئەو دەستەواژەیەدا، کە بەشێکە لە تێکستەکە چەندین پێشنیار بکەین و هێشتا داوای زانینی زیاتر بکەین، و تێکستێکی نوێتریش لەسەر ئەو تێکستە ئاوا بکەین، کە بەتەواوی دژی مانای تێکستی یەکەم بێت،ماناکانی بەتەواوی هەڵبەوەشێنێتەوە، تێکستێك کە خوێنەر ئەینووسێت، ئەو نووسینەش ئەوە نیە مردنی نووسەر بۆی فەراهەم ئەکات، بەڵکە بە پێچەوانەوە، بەرپرسیارییەتی نووسەر و ڕووبەڕووبوونەوەی بە کۆمەڵێ پرسیار و زانینی ترەوە بەرهەم دێت.

واتە ڕەهاکردنی تێکست، بەوەی پەیوەندی بە نووسەرەوە نەماوە، زیاتر خۆدزینەوەیەکە لەو ڕووبەڕووبوونەوانەی کە ماناکانی تێکستەکە، جا ئەگەر یەك ماناش بێت، یەك زانینیش بێت، دیسان هەڵگری جیاوازی و خوێندنەوەی جۆراوجۆرە، بەڵام بەو مانایە نا، کە نووسەر ئەرکی نیە، جارێکی دی گفتوگۆ لەسەر ئەو مانایە بکاتەوە کە وەك هەقیقەتێك ئەیداتە خوێنەر. بەڵکو خودی نووسین، کە هەمیشە بە شێوەیەك لە شێوەکان، مانایەك یان چەند مانایەك بەرهەم ئەهێنێت، هەتا لە ئاستێکدا کە تەنیا گەڕان بێت لە ستاتیکاشدا، دیسانەوە هەر خولقێنەری مانایەك یان چەندین مانایە، تێکست ئەگەر گوێزانەوەی نووسەر بێت لە نێوان ساتەکانی دەروونی و هزریدا بۆ ساتە فیزیکییەکاندا، ئەوا گومانی تێدا نیە کە ئەزموونەکە وەك خۆی دەقاودەق ناگوێزرێتەوە و زمانیش ناتوانێت بە تەواوی ئەو ئەزموونەی لە فکردایە یان لە دەروون دایە، وەك خۆی لە دەمە فیزیکییەکەدا کۆپی بکاتەوە، کۆپییەکەی چەند چاکیش بێت ئەوە ناکاتە هەستی ئەو ساتەی دەروون لە ئەسڵدا لەناویدا ئەژی، لێرەدا ڕەنگە دیسانەوە ئێمە سەرەتایەکی دیکە بگرین بۆ ئەوەی کە تێکست، هەمیشە کەم و کوڕی هەیە، هیچ بەرهەمێك تەواو نیە وەك پۆڵ ریکۆر ئەڵێت، بەڵام ناتەواوییەکەی هۆیەکەی ئەوە نیە، کە

زانیاری دەرەکیمان هەمیشە کەمە و روو لە زیادبووندایە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێمە هەمیشە ناتوانین ئەوەی هەستی پێئەکەین لە دەروونددا بە وشە، یان بەزمان بیگوێزینەوە سەر تێکست وەك کات و شوێنێکی فیزیایی، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هاندەرێکی دیکەیە بۆ کوشتنی تێکست و یان هەمیشە ناتەواوبوونی جەستەی تێکست و خەسێنراوییەکەی، یان بەمانایەکی دی، جەستەیەکی مردوو، خوێندنەوەش هەوڵێکە بۆ زیاتر پەرەدان بەو ساتانەی کە نووسەر نەیتوانیوە هەستەکان لە دەروون و دەماغەوە بگوێزێتەوە بۆ سەر تێکست، واتە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نووسەر ، رووبەڕووبوونەوە نیە لەگەڵ تێکستدا، چونکە تێکست هەمیشە ناتەواوە یان خەسێنراوە، ئیدی ئەو تێزەیەی ئەیەوێت هەمیشە تێکست لاقە بکات، پێش وەختە مەحکومە بە مردن، چونکە لاقەکردنی جەستەیەکی خەساو، نابێتە کردەیەکی خەلاق، بەڵکو ئەو رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ساتی پێش لە دایکبوونی ئەو تێکستەیە، رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو هەستەی لە ناو دەروونی نووسەردا هەیە و پێش ئەوەی ببێتە زمان لە فۆڕمێك لە فۆڕمە ئەدەبییەکاندا رووبەڕووی ئەبێتەوە، واتە رووبەڕووی زمانی تێکست و وێنەکانی ناو تێکست نابێتەوە، بەڵکو لەو قوڵاییە ئەگەڕێت کە زمان و وێنەکان نەیانتوانیوە لە هەستی نووسەرەوە بیگەیەنە سەر تێکست. گەڕانی زمان لە قوڵاییدا چەند بێت، هێشتا ناتوانێت دەقاودەقی هەستە رەوانییەکانی نووسەر بگەیەنێتە شوێن و دەمی فیزیایی نووسین. لێرەشدا رەنگە ئێمە زۆر لە درێداوە نزیك بین بەوەی پەیڤی (نووسەرەوە) جێگەی (دانەر) بگرێتەوە، دواتریش " تێکست" یێك نەبێت، دەقاودەقی بیر و هەستەکانی بنووسێتەوە، واتە کردەی نووسینەوە (لە هەر فۆڕمێکی) ئەدەبیدا بێت، هێشتا نابێتە ئەو تێکستەی کە بتوانێت ئەزموونە رەوانی و روحی و مەعنەوی و هزرییەکانی نووسەر وەك خۆی بێ کەم و کورتی بگوێزێتەوە، هەمیشە تێکست، ئەدەب ، کەمتەرخەمە لە گوێزانەوەی ئەو شتانەی نووسەرەوە بۆ زمانێك، تێکستێك و نووسینێك و ئەدەبێك. لێرەشدا من ئەڵێم ئەوە مردنی نووسەر نیە، بەقەد ئەوەی مردنی تێکستە.واتە کە تێکست یان نووسین وەك درێدا ئەڵێ ناتوانێت (زانین) بدات، تەواو راستە کە نووسین ناتوانێت زانین یان زانینی تەواو بدات، بەڵام ئەوە مانای وا نیە، کە نووسەر نیە، ئەوەی نیە زمانێکە کە بتوانێت ئەزموونی ئەو نووسەرە وەك خۆی کە لە دەمە هزری و رەوانییەکاندا هەستیان پێ ئەکات، بگوازێتەوە ناو تێکست، ئەزمونەکە لەدەمێکی دەروونیدا هەیە، بەڵام لە دەمێکی فیزیکیدا نیە، لە دەمی نووسینەوەدا هەمیشە ناتەواو و کەمتەرخەمە. بۆیە لێرەدا خوێندنەوە چەند تەماهی زانینی ئەو ئەزموونە بکات، ناگاتە ساتە تەواوەکانی دەروونی، ناگاتە زانینێکی رەهای ساتەکانی نووسەر، بەڵکو ئەو تەنیا لەسەر دەمە فیزیکییەکانی تێکست گەمەی خۆی ئەکات، واتە خوێندنەوە، خوێندنەوەی ئەو ساتە کەموکوڕ و ناتەواوانەی هەستە رەوانییەکانی نووسەرن کە بەسەر تێکستدا بڵاوبوونەتەوە، خوێندنەوەی تێکستیش ناگاتە هەقیقەتی تەواوی نووسەر، بەڵکو تەنیا لەگەڵ ئەو هەقیقەتە نسبییانەی تێکست سەودا ئەکات، کە ئەمەش جۆرێك لە دابڕان لە نێوان هەقیقەتی نووسەر و هەقیقەتی تێکست دروست ئەکات. واتە لێرەدا ئێمە رێکین و تەباین لەگەڵ درێدا بەوەی خوێندنەوە ناگاتە هەقیقەتی نووسەر، بەڵکو تەنیا لەگەڵ تێکست پەیوەندی هەیە، ئەو هەقیقەتانەی دواجار ئەبنە شوێنی راستەقینەی ئەو دەنگ و کەسانە، نووسین نیە بەڵکو خوێندنەوەیە، بەڵام لێرەدا ئایا ئەوەی وا ئەکات هەقیقەتی

نووسەر بێ کەموکوڕی نەگات چیە؟ ئایا نووسەرە یان زمانە کە ناتوانێت فۆڕمێك بە تەواوی هەستەکان ببەخشێت؟

ئایا خوێندنەوە چەند ئەتوانێت ئەو زمانە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەقیقەتە نسبییەکانی نووسەر گفتۆگۆ بکات؟ و خۆی لە تێکست دەرباز بکات؟ بە واتەیەکی تر چۆن بتوانین کردەی خوێندنەوە بکەینە پردێك بۆ پەڕینەوە لەسەر تێکست و بگەینەوە بە نووسەر؟ لێرەدا ئەرکی تەئویل و فانتازیای رەخنەیی چییە بۆ ئەوەی لەو تێزەی درێدا رەت بکەین و بتوانین بە هەندێ کەرەستەی خوێندنەوە، مەرگی تێکست و زیندووبوونەوەی نووسەر رابگەیەنێن؟

بەتایبەتیش کە ئەبینین، لە ئەدەبیاتی کوردیدا، هەر نووسەرێك ئەتوانێت، جۆرەها تێکستی باش و خراپمان بداتێ و جۆرەها نووسینی مردوو و زیندوومان پێشکەش بکات و بێ ئەوەی خەمی رووبەڕووبوونەوەیەکی فکری و رەخنەیی هەبێت. بێ ئەوەی لە خەمی ئەو بەهایانە بێت کە لەرێی ئەدەبەوە ئەیانچێنێت و بە هۆکار و هاندەری خوێندنەوەی تێکست و مەرگی نووسەر و پەیوەندی نەبوونی نووسەر بەو شتانەی ئەیلێت و ئازادی و رەهایی لە خوێندنەوەدا، خۆدزینەوەیەکی سەیر و گەورە لە بەرامبەر ئازادی و وەڵامباری هەڵبژاردنەکان ئەنوێنن.

ئەوەی لێرەدا بەدواوە لەسەری ئەڕۆین ئەوەیە، کە هەندێك لە ئەدەبی کوردی، چۆن لەو پاشاگەردانییەی مەرگی نووسەرەوە بگوازینەوە بۆ شوێنێکی دی و بەهایەکی دی، کە مەرجیش نیە بڕوایەك یان زانینێك دروست کات، بەڵکو هەوڵێکە بۆ پەڕینەوەیەك بەرامبەر سەودایەکی دیکە لەگەڵ فکر و ئەدەب و خوێندنەوە و رەخنەدا.

## گەڕانەوەیەك بۆ بنەچەی مەرگی نووسەر:

له سەرەتادا کێشەی بوونی مرۆڤ و ماهییەتی مرۆڤ بوو کە هەر لە ئەفلاتونەوە تا دیکارت و دواییش هیگڵ و مارکس و دواتریش تا نیتشە، و دوای ئەوانەش لە سەردەستی بارت و دریداوە بابەتەکە گەیشتە مەرگی نووسەر.

ئەفلاتون کە بە بۆچوونێکی میتافیزیکیانەوە، باس لە پەیوەندی مرۆڤ و جیهان ئەکات، بەوەی مرۆڤ بەدەرە لە کاریگەرییەکانی جیهان، مێژوو، دواتریش دیکارت لە رێی کۆجیتۆکەیەوە، کە ماهییەت پێش بوون ئەخات و پێی وایە مرۆڤ پێشوەختە مەحکومە بە ماهییەت و لە مێژووی دادەبرێت.لە لای هیگڵ و مارکسەوە مێژوو وەك کاریگەرییەکی حەتمی و جەبری ئەبینرێت لەسەر مرۆڤدا، لە لای نیچەوە زەردەشت خۆی دەچێتە خەڵوەت و دواییش هەر خۆی بڕیاردەدات لە خەڵوەتەکەی بێتە دەر و دەست بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانی بکات، رەتکردنەوەی میتافیزیك و هۆشەکییەکەی دیکارت و جەبری مێژوو ی هیگڵ و مارکس، لە لای نیچەوە سەرەتایەکە بۆ مەرگی ئەو بیروباوەڕانەی باس لە پێشکەوتنی ماهییەتی مرۆڤ ئەکەن پێش بوونەکەی.( زەردەشت ئەیوێ لە نوێوە ببێتەوە مرۆڤ)"14".

رەتکردنەوەی مرۆڤی (کۆن و بوونەوە بە مرۆڤێکی نوێ)، کوشتنی ئەو مرۆڤەیە کە پێشوەختە ماهییەتی چ لە لایەن هێزێکی میتافیزیکییەوە بۆ دەستنیشان کرابێت یان لە لایەن جەبرییەتی مێژووە بەسەریدا سەپابێت، لە لای نیچەوە ئەگاتە ئەوەی مرۆڤ خۆی بڕیادەری خۆیەتی، بڕیارەکانی ماهییەتی ئەون، مرۆڤ هەیە وەڵێ کێن ئەوانەی وەك زەردەشت ئەتوانن بڕیاربدەن لە نوێوە لە دایك ببنەوە؟!. ئەمە سەرەتایەکە بۆ مردنی مرۆڤ بە تێگەیشتنە میتافیزیکییەکان و لە دایکبوونەوەی وەك بوونێکی خاوەن وزە کە خۆی ماهییەتی خۆی ئەخوڵقێنێ.مرۆڤی کۆن، لە لای نیچەدا هەڵگری ئەو میراتە میتافیزیکییەی رۆژئاوایە کە سەردەمانێکی زۆرە لەخۆیدا هەڵیگرتووە، مرۆڤی نوێش ئەو کەسەیە کە نەفی ئەو میراتە ئەکات و خۆی ئەبێتەوە بە خاوەن ئازادی و بڕیارەکانی خۆی، نەفی "بەڵێ"ی پیرۆز ئەکات و ئەڵێ: "نا" نای ئەو عەقڵەی هیچ ئیمانێك قبوڵ ناکات.

لێرەوە ئەگەر لە نیچە بڕوانین، ئەبینین ئەو مەرگی مرۆڤی کۆن رائەگەیەنێت و لە دایکبوونی مرۆڤی نوێش – باڵا. بەیان ئەکات. واتە لەیەك کاتدا هەردوو پرۆسەی مردن و لە دایکبوونەوە رووئەدەن. ئەم بیرۆکەیە، مردنی مرۆڤی تژی میتافیزیك و جەبری مێژوو، هاوکاتە لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤی باڵا.

لە لای دریداوە ئەو مرۆڤە ئەبێتە نووسەر، نووسەریش نیە. مەحکومە بە مردن، چونکە نووسین ناتوانێت دەمە میتافیزیکەکانی نووسەر بکاتە فیزیك، تا لەوێوە لەگەڵ نووسەردا بکەوینە گفتوگۆ و رووبەڕووبوونەوەی فکری و رەخنەیی، بەڵکو تێکست ئەبێتە ئەو مەیدانەی خوێنەر لە ناویدا، دوور لە نووسەر تیایدا دەست بە گەڕان ئەکات، دیارە ئەگەر بگەڕێینەوە پێش دریداش، لە لایەن (فرۆید)ەوە، زۆر لە کار و کردەوەکانی مرۆڤ ئەگەڕێنەوە بۆ نائاگایی مرۆڤ و ، نەستی مرۆڤ هاندەرە بۆ زۆر لەو

هەڵبژارن و کار و کردەوانەی مرۆڤ ئەنجامیان ئەدات. کە ئەمەشیان سەرەتایەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بیکاتە هەنجەتێك بۆ ئەو کارانەی ئەنجامیان ئەدات و لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقگەرایییەکانی سستەم و کۆمەڵگە و مێژوودا ناگونجێن. لەم رەهەندەوە، مردنی مرۆڤی کۆن لای نیچە، نەست لای فرۆید، مەرگی نووسەر لای درێدا. رستێکە لە تێگەیشتنێك بۆ رەخساندنی زەمینەیەك تا لەوێوە مرۆڤ بە شێوەیەکی دیکە تەماشای مێژوو و ئەدەب و هەقیقەتی پێبکات، ئەگەر لای نیچە مەسەلەکە یەکسەر گرێ ئەدرێتەوە بە لە دایکبوونی مرۆڤی باڵا، لای درێدا گرێ ئەدرێتەوە بە لە دایکبوونی خوێنەر.

بەڵام مرۆڤی باڵای نیچە، خودی خۆیەتی کە نووسەری تێکستە، وەلێ لە لای درێدا خوێنەرە لە خوێندنەوەیدا بۆ تێکست.

لە لای نیچە ، مرۆڤی باڵا رەخنەکانی ئاراستەی (زەردەشت) وەك نووسەر ئەکات و تێکستێکی نوێ و پێچەوانەی ماناکانی ئەو بەرهەم ئەهێنێت، لێ درێدا کرداری خوێندنەوە ئەکاتە لەدایکبونی خوێنەر و مردنی نووسەر.کە رەنگە مانایەك یان چەند مانایەك بەدەست بێنێت لەگەڵ نووسەر کۆك بێت یان ناکۆك، بێ ئەوەی رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بکات.

لە لای نیچەدا رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە لە نێوان نووسەرەکاندا بەرپائەبێت، کە ئەگاتە حاڵەتی خەڵقکردنی دنیا و مانا و هەقیقەتێکی تەواو جیاواز لەوەی پێش خۆی. لەلای درێدا خوێندنەوە ئەبێتە پرۆسەی لەدایکبوونی خوێنەر و خوێندنەوەش نابێتە کرداری رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ نووسەردا.

لەلای نیچەدا، پرۆسەی رەخنەکە، کە رووبەڕووبونەوەیە، ئەبێتەوە تێکستێکی دیکەی (شعری-ئەدەبی-فەلسەفی- رەخنەیی) بەڵام لە لای درێدا، تێکستی دووەم خوێندنەوە و هەڵوەشاندنەوەیە.

لێرەدا ئەو خاڵەی کە ئەمەوێ زیاتر جەختی لەسەر بکەمەوە، رووبەڕووبوونەوەیە، کە ئەکرێت لەگەڵ هەر تێکستێکدا، بەتایبەتی (ئەدەب) کە ئەکرێت، هەم لەو فۆڕمانەوە دەربازبین کە کردەی رەخنەی پێ ئەکرێت تا ئێستا، دووەمینیش، کردەی رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ نووسەردا لە فۆڕمێکی رەخنەیی نوێدا، کە رەنگە ئەمەشیان تا رادەیەك زۆر نوێ نەبێت ئەگەر بێت و کەمێك بگەڕێینەوە دواوە.

# گەڕانەوەیەك بۆ فۆڕمەكانی رەخنەی كوردی:

دیارە یەكەمجار، فۆڕمی شعر ، ئەو شێوازە بووە، بۆ ئەوەی مرۆڤی كورد، رەخنەكانی خۆی لە دەسەلأت و باری سیاسی و كۆمەلأیەتی و رۆشنبیری و پەروەردەیی و هتد..، دەربڕێت، واتە سەرەتا شعر ئەو پێگەیە بوو بۆ دەربڕینی رەخنە لە دنیا و ژیان، هەروەها لە رەهەندێكی دیكەدا تێكست رەخنە بوو لە نێوان نووسەر و نووسەرێكی دیكەدا،(وەك زۆرێك لە شعرەكانی شێخ رەزا) یان هەتا خوێندنەوەی شاعیرێك بوو بۆ شاعیرێكی دیكە، هەروەك دەقی (مەستورەی نالی بۆ مەستورە)، یان هەتا زۆرجار زۆر شاعیر بە شعر وەلأم یان رەخنەیەك یان پەیامێكی دیاریكراویان بۆ شاعیرێكی دیكە نووسیوە، یان زۆرجار شاعرێك لەگەڵ خوێندنەوەی بەرهەمێكدا شعرێكی نووسیوە.

دواتر لە گەڵ لەدایكبوونی چیرۆكیشدا رەخنە فۆڕمی چیرۆكی وەرگرت.(جەمیل سائیب)، لەگەڵ چیرۆكی لە خەومادا، فۆڕمی چیرۆك بۆ رەخنە لە دەسەلأتی شێخ مەحمود بەكار ئەبات، دیارە ئەوەیان ساتێكی گرنگە لە رۆشنبیری رەخنەیی كورددا، كە جەمیل سائیب فۆڕمی چیرۆك وەرئەگرێت بۆ رەخنەكردنی باری سیاسی و كۆمەلأیەتی و رۆشنبیری كوردی لە سەردەمێكی دیاریكراودا. دیارە دیسانەوە چیرۆكی (مەسەلەی ویژدانی) ی ئەحمەد موختاریش بە هەمان شێوە، رەخنەیەكی دیكەیە لە فۆڕمی تێكستێكی ئەدەبیدا بۆ دەسەلأتی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤدا.هەروەها دواتر رۆمانیش دیسان ئەبێتەوە تێكستێك بۆ رەخنە گرتن لە دەسەلأت و شار و چەوساندنەوەی چینایەتی و مرۆڤایەتی.

دواتر ئەبینین رەخنەی كوردی لە شێوازی ئەدەبییەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ شێوازی رەخنەیی لە سەر تێكستدا، بەوەی ئەمجارەیان رەخنە لە تێكست بگیرێت، ئەو تێكستانەی كە رەخنەی دیاردەیەكی كۆمەلأیەتی یان سیاسی یان ئابووری یان رۆشنبیری ئەكەن. سەرەتاكانی رەخنەی كوردیش رەنگە زیاتر خۆیان لەو شێوازانەوە دیتەوە كە بە رەخنەی قوتابخانەی ئیشتراكی و ئیشتراكی نەقدی و ریالیزم و رۆمانسی ئەدیتەوە، تا دواتر گەشەی كرد و گەیشتە ئەوەی میتۆدی نوێ بۆ رەخنەكردنی تێكستی كوردی بەكاربێت و وەك خوێندنەوەی مێژوویی و بونیادگەری یان دەروونشیكاری و دەروونناسی و راڤەی تێكست و هەلۆەشاندنەوە و كۆمەڵێ خوێندنەوەی جۆراوجۆر و فرە رەهەند بۆ تێكستی كوردی. كە رەنگە دواترینیان رەخنە خۆی لە خوێندنەوەی میتۆدییانە یان دەرچوون لەهەر میتۆدێك و سوود وەرگرتن لە كۆمەڵێ میتۆدی رەخنەیی بۆ خوێندنەوەی هەر تێكستێك بووبێتە رەخنەیەكی تا رادەیەك دیار لە رەخنەی كوردی دا، لێرەدا باسمان لەوەنیە، ئەو جۆرە رەخنانە چیان بۆ رەخنەی

ئەدەبی کردووە، چەند باش و چەند خراپ بوونە و کاریگەرییان بە باش و خراپەوە چی بووە؟ بەڵام پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە:

( مەرگی نووسەر یان مەرگی تێکست ئەکرێت چی بۆ رەخنەی کوردی بکەن، لە هەردوو ئاستی شێوە و ناوەڕۆکدا؟)

دیاریشە من هەموو ئەو نووسینەی پێش ئێستا خوێندرایەوە بۆ ئەوەبوو، ئەم پێشینەیە بە ئەدەب و رەخنەی کوردییەوە ببەستینەوە.

ئێستا با بپرسین ئایا نیچە و درێدا لەو رەهەندەی پێشنیارمان کردن و جەختمان لەسەر کردنەوە، کە ئەویش سێ خاڵی سەرەکی بوون: 1. مەرگی تێکست، 2. مەرگی نووسەر، 3. رووبەڕووبوونەوە لە نێوان نووسەر و رەخنەگردا_هەردووکیان وەك نووسەری تێکست. ئەکرێت چی پێشکەش بە رەخنەی کوردی بکەن؟

یەکەم شتیش کە من مەبەستم بێت ئەوەیە ئایا ئەتوانن رووبەڕووبوونەوە پێشکەش بکەن؟

رووبەڕووبوونەوەی نووسەری تێکست لەگەڵ نووسەری رەخنە؟ و چەند ئەکرێت لەم رێیەوە سنووری نێوان تێکستی رەخنەیی و تێکستی ئەدەبی بشکێنین و لە فۆڕمێکی نوێدا دایانڕێژینەوە؟

دیارە مەبەست لە دارێژتنەوەی فۆڕمێکی نوێ بۆ رەخنەی کوردی گەڕانەوە نیە، بۆ فۆڕمی شعر بەو شێوەیەی کە نالی یان شێخ رەزا یان قانع یان هەر شاعرێکی دیکە بەکاری بردبێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەدەب خۆی وەك وزەیەکی رەخنەیی ئاراستە کراو بۆ خودی تێکستێکی دیکە رەوانە بکرێت.

بۆ نموونە، وەك ئەوەی لە رێی بەکارهێنانی فانتازیاوە، پاڵەوانی رۆمانێك وەربگریت و لە سیاقی رۆمانەکەدا هەڵگەڕێتەوە و کۆمەڵێ رووداو دروست کات، پێچەوانەی ئەو رووداوانەی لە رۆمانەکەدا نووسەر نووسیویەتەوە؟ یان وەك ئەوەی شعرێك نووسرابێت و یەکێکی دی هەر بە شعر دیوێکی دیکەی ئەو شعرە بنووسێتەوە؟

دیارە بۆ ئەم مەبەستە، نموونەی بەردەست هەیە، کە ئەوانەش دوو دەقی نووسەر (هەندرێن حەمەدەمین)ە، کە یەکێکیان لەسەر تێکستێکی بەندە( نووسین لەسەر برژانگەکانت) کە تێکستێکی کراوەیە لە نێوان شعر و رۆماندا، دووەمیشیان (نامەی موزەفەری سوبحدەمە) بۆ بەختیار عەلی. دیارە پێش ئەوانەش ئەزموونێکی دیکەی سێ کەسی هەبوو، کە ئەویش شعری (هەناسەکانی هۆشەنگ) بوو کە هەندرێن حەمەدەمین (دیوی دووەمی هەناسەکانی هۆشەنگی) نووسی، و هەروەها (گولاڵە) ناوێك (دیوی سێیەمی هەناسەکانی هۆشەنگی نووسی). هەروەها بەندەش ئەزموونێکی هەیە لەگەڵ رۆمانی (مریەما)ی سەبری سلێڤانی.

لەم ئەزموونانەی سەرەوەدا، کە ئەزموونی رەخنەیین، تا رادەیەك رەنگە خزمەتی ئەو تێزەیەی ئێمە بکەن کە لێرەدا پێشبەری ئەکەین، بەوەی ئەم چوار ئەزموونە، ئەو خالآنە بەدی ئەهێنن کە لێرەدا جارێکی دی کورتیان ئەکەمەوە:

1. شووناسی نووسەر و رووبەڕووبوونەوە.
2. شووناسی تێکست و رووبەڕووبوونەوە.

لێرەدا رەنگە پێویست بێت کەمێك لەسەر ئەم دوو خالە راوەستین، بەلآم پێش ئەوە فەرموون تەنیا وەك نموونە، ئەم رەخنەیە بخوێنەوە، کە هی هەندرێن حەمەدەمینە و بە ناوی موزەفەری سوبحدەمەوە، پالەوانی دواهەمین هەناری دنیای بەختیار عەلی، نووسراوە، دوایی زیاتر درێژە بە باتەکەمان ئەدەین.

### لە موزەفەری سوبحەدەم بۆ بەختیار عەلی

هاوڕێم بەختیار، تۆ توانیت وەك ئەوەی کە خۆت دەتەوێت بمبەیت و بمهێنێت، هەر لە سەرتا تا ئەو کاتەی لەناو دەریای وونا بەیەکەوە بووین یەکترمان باش ئەناسی، ناوانم بۆ خۆت لە من شاردەوە، خۆ تۆ دروستکەری من بوویت و بەردەوام دەتویست پەیامەکانی خۆت بە من بۆ ئەو خەلکە بنێریت کە لەدەریا وونن یان ئەیانەوێت وونی دەریا بن یان ئەوانەی کە لە بەندیخانەکان بێ سەرو شوێنن تۆ پەیامی خۆت بە من ناردە ناو دەستفرۆش و کاسبکارانی سەر عارەبانەکان، تۆ کەسانێکت بە من ناساند کە من پێشتر ئەم ناسینەیەم بۆیان نەبوو، تۆ لە کەسانێکت دوور خستمەوە کە پێویست بوو لێیان دوور نەکەومەوە، جا تۆ چیت بە من نەکرد؟؟؟

من تا ئەوکاتەی کە تۆم ئەبینی لەسەر پشتی ئەو بەلەمەی کە نەمانئەزانی بە کوێمان ئەگەینێت، بە هەموو ئەو کارانە رازی بووم کە تۆ پێت ئەکردم، تۆ واتکرد من بەسەرهاتی ئەو هەموو سالآنە لە ناو ئەو بەلەمە بگێڕمەوە، کە تۆ رۆیشتی دلّم بەوە خۆش بوو کە ئەگەر منیش نەگەم بە سەریاسی سێیەم ئەوا تۆ پێی ئەگەیت، من لە لای خۆم تەواو نائومێد بووم ئەمزانی من تەواو هەموو سەریاسەکانم لەدەستدا، هەرئەوەم بۆ مابوویەوە کە خۆزگە بڕوێنم لەسەر پشتی ئەو بەلەمە کوێرەی نە رێگای گەیشتنی بۆ ئەبڕدرا و نەرێگای گەڕانەوەی بۆ ئەدۆزرایەوە، هەموو خۆزگەم ئەوەبوو کە ئەم رێگایەم نەگرتبایە بەر و لەوەیە بە قسەی تۆم نەکردبایە،دەبوایە لەوێ مابامەوە لەوێ تا ئەو کاتەی بەهەر شێوەیەك بوایە سەریاسی دووەمم لە زیندان ئازاد ئەکرد و بە هەموو شێوەیەك کۆششی ئەوەم ئەکرد کە ناوەکەی خۆی نەگۆڕێت، ئا بڕوا بکە ئەمتوانی ئەوە بکەم، بەلآم کە تۆ چارەنووسی خۆت بوو بە منت بەخشی، ویستت لەگەلّت بم، نازانم بۆ ئەوەندە بە من نووسابوویت، بۆ هەر زوو دەسبەردارم نەبوویت و هەر زوو ئەو راستیەت نەزانی کە ئەبێ رۆژێك بێت بگەڕێیتەوە، من ئەو کات

ئەمزانی تۆ ئەم ڕێگایە ئەخەیتە بەردەمی من و خۆشت بۆت تەواو ناکرێت، تۆ بەدوای شتێك ئەگەڕایت کە لێی بە گومان بوویت، تۆ ئەتویست لەوێوە رابکەیت، راکردن بۆ نادیار، نەتئەزانی ئەوەی بۆی ئەچیت و منت بۆی بەڕێکردووە چەند جیاوازە لەگەڵ ئەویٚ، ئەویٚ بۆ من باشتر بوو چونکە سەریاسی دووەمی لێبوو، بەس نەبوو زانیم شوێنەکەی لە کوێیە، خۆ تۆ منت دایە بەر ڕێگایەك بەدوای سەریاسی سێیەم کە تا ئێستاش نازانم ئەو شوێنە لە کوێیە، تۆش نازانی، کەسمان نازانین، ئەوە ئەگەر تۆ لە خۆتەوە ئەوەت دروست نەکردبێت، تەنها بۆ فریودانی من، بەڵێ تۆ پێویستت بە کەسێکی وەك من بوو ئەو ڕێگایەت لەگەڵ ببڕێت، منت دایە دەست ئەم دەریایەی کە کەنارەکانی بزرکردوون، من نازانم تۆ کەی و چۆن خۆت لە من شاردەوە و توانیت بگەڕێیتەوە کەنار، ئەو کەنارانەی بەردەوام نەفرەتت لێیان ئەکرد ئێستا بە خۆشحاڵی خانووی لەسەر ئەکەیت، بەختیار تۆ پێت گووتم ئەو زەمینە بە تایبەت ئەویٚ جێگای ئێمەی تیا نابتەوە، تۆ وتت تەواو دەست لە سەریاسی دووەم هەڵگرە وەك نەمابێت وایە، تۆ فێرت کردم هەر ئەوانە بوون سەریاسی یەکەمیان کوشت، تۆ واتکرد کە من قێز لەویٚ بکەمەوە، راستە من کەسم نەئەناسی کە ئەو قسانەی تۆیان بۆ بکەم و ، بەلاّم کاتێك کە واتکرد بەسەرهاتی خۆم بگێڕمەوە من وامئەزانی هەر بۆ ئەو خەڵکانەی سەر ئەم بەلەمە کوێرەیە، قەت نەمئەزانی ئەم خەڵکە ڕێگاییێکیان هەیە بۆ دەربازبزن، من نەمدەزانی ئەوانە زۆربەی هەرە زۆریاتن ئەگەن و ئەو چیرۆکانەی من ئەگێڕنەوە، ئەگەر بمزانیبایە ئەوەشم بۆیان باس ئەکرد کە تۆ بە زۆری پێتکردم، تۆ تێتگەیاندم کە ئێمە تازە لەم خاکە جێگامان نابێتەوە، ئەبێت بڕۆین، منت بە گەیشتن بە سەریاسی سێیەم فریودا، من ئەو راستییەم بۆ ئەو خەڵکە باس نەکرد کە من باوەڕم وابوو بۆ ئازادکردنی سەریاسی دووەم بمێنمەوە، تۆ منت لەگەڵ من شاردەوە، رەنگە رۆژێك منیش ئەو ڕێگایەی کە تۆ منت تیا لەبیر کرد، من ئێستاش نازانم تۆ چۆن خۆت لە من شاردەوە، رەنگە رۆژێك منیش ئەو ڕێگایە بدۆزمەوە کە تۆی پێگەیشتیەوە سەر زەوی، ئەو ڕێگایە ئەگەر بشمهێنێتەوە ئەو خاکەی کە تۆ واتکرد بەجێی بێڵم، ئەو جارەیان وەك تۆ نابم، تازە من و تۆ دوو ڕێگای جیاوازمان هەڵبژارد، تۆ ناتوانی جارێکیتر بە من بگەیتەوە، تۆ خۆت لە ڕێگاکەی من لادا، تۆ خۆت لە من دزیەوە، من ببووم بە بارێکی قورس بەسەر تۆ، تۆ ئێستا من ناناسیت و ئەو شاعیرەش ناناسیت کە بەردەوام لە گۆشەیەکی ئەم بەلەمە گوێی ئەگرت لە قسەکانمان، ئەو وەکو ئەوانیتر نەبوو، ئەو هەندێك شتی ئەزانی کە من نەمئەزانی، لە هەمووی سەرسوڕهێنەرتر ئەوە بوو کە لێم پرسی تۆ بۆ ئەو کات ئەم راستیانەت پێ نەگووتم؟؟ بە خەندەیەکەوە گووتی: جا تۆ چۆن باوەڕت پێ ئەکردم؟؟؟ ووتم بۆ؟؟؟ ووتی تۆ ئەوکات عاشقی بەختیار بوویت، نانا تۆ دیلی بەختیار بوویت. هیچ شتێکت نەئەبینی ئەگەر پێشتر بە چاوانی بەختیار گوزەری نەکردبایە، تۆ توانیت بە قسەی بەختیار دەسبەرداری سەریاسی دووەم بیت و ڕێگایەکی هەیە و بەبێ ئێمە ئەتوانێ تیای بگەڕێتەوە، تۆ بەو هەموو میهرەبانییەی خۆت ئامادە ئەبوویت بمکەیت بە خواردنی ماسیەکان، گووتم هەندرێن سەیرە!!! کە تۆ ئەزانیت، خۆ من لە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆم باسم لەوە نەکرد بوو کە من ئارەزووی مانەوەم هەبوو لە تەك گۆڕی سەریاسی یەکەم و باوڕم بەوە هەبوو کە تێبکۆشم بۆ ئازادی سەریاسی دووەم، تۆ ئەمەت چۆن زانی؟؟؟ هەندرێن حەمەدەمین ئەمەت چۆن زانی؟؟؟؟؟ ئەو خۆشی نەیئەزانی ئەمانەی چۆن ئەزانی، باوڕی

نەبوو کە ئەمە بەهرەیەکە لە خودایەك یان لە بوونێکی سەرووی مرۆڤ وەریگرتبێت چونکە هەندرێن هەر باوڕی بەوە نەبوو کە شتێك هەبێت لەسەرووی مرۆڤ، بەلاّم من نامەوێت ئەو باسانەی لەگەڵ بکەم چونکە ئەو ئەزانێ خۆی و شعرەکان ئەبن بە خواردنی ماسیەکان، ئەو ئەزانێت ئەگەر بگاتە هەر کەنارێك جارێکیتر دێتەوە ناو دەریا، ئەو عاشق بووە بە دەریا، ئەو نایەوێت بە قسەی من بکات و چاو لە بەختیار بکات، ئەو وا ئەزانێت بەختیار تا ئەو کاتەی کە پارچە زەوییەکی نەبوو ئەیتوانی دەستی منی موزەفەری سوبحەدم بگرێت بە ئارەزووی خۆی بمبات و بمهێنێت، بەختیار نەیئەزانی کە بە گەڕانەوەی، موزەفەر ئەوەی بۆ ئەنووسێت، ئێستاش رەنگە دڵی بەوە خۆش بێت کە ئەو نامەیەی سوبحەدم شەوێکی کورتی ناو دەریایە و بەسەر ئەچێت، بەختیار تۆ کە منت بەجێهێشت بەو کات تا ئێستا بیرت لە من کردۆتەوە؟؟ ئای کە سەیرە بیرت لێم کردبێتەوە ئای کە خۆشە بزانم چۆن بیرت لە من کردۆتەوە، پێت وایە هەر لەناو دەریام و تا هەتا هەتایە ناگەم بە کەنار؟؟ یان پێت وایە مردووم و فڕێ دراوم و دەمێکە بوومەتە خواردنی ماسیەکان؟؟؟ بڕوا ناکەم باوڕ بکەیت کە من ئێستا لە لای سەریاسی سێیەم بم!!! ئەوەی رەنگە هەرگیز بەخەیاڵت دانێت کە من رۆژێك لە رۆژان بگەڕێمەوە، رۆژێك لە رۆژان لەوێ لەو خاکەی کە بەیەکەوە بەجێمان هێشت یەکتر ببینینەوە، بڕوا ناکەی لە تێگەیشتنەکانی تۆ پەشیمان ببمەوە و بێمەوە بۆ ئازادکردنی سەریاسی دووەم و هەموو هاوڕێکانی سەریاسی یەکەم بکەم بە سەریاس، ئەزانم زۆر شت هەیە باوڕ ناکەیت، من کاتی خۆیش بە دزیەوە زۆر لەو شتانەم پێ گووتی بە قسەت نەکردم، تۆ بەردەوام خۆت بەراست ئەزانیت، قەتیش ناتەوێت دان بەهەڵەکانی خۆت بنێیت، من دەمێکە تۆ ئەناسم، مێژووی من و تۆ بۆ کەمێك بەر لە زیندانیەکەی بیابان ئەگەڕێتەوە، ئەو بیست و یەك ساڵە تۆ لەگەڵم بوویت و نەتویست باسی بکەم، هەر سووربووی لەسەر ئەوەی لە گێڕانەوەکەم بڵێم تەنیا بووم، لە هەموو کاتەکانیتر لەگەڵم بوویت و منت بە تەنیا ناساند، ئەو کاتەی بەجێتهێشتم من بوومە خاوەنی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆم، تۆش بە بێ منیت یان منت لە ناو خۆتدا هەڵگرتووە ئەوە هەر خۆت ئەیزانی، ئەوەی کە من ئەیزانم بوونی من لە تۆی ئێستادا هیچ کەڵکی نیە...............

موزەفەری سوبحەدم

# ئەدەب: تێكست و نووسەر و رەخنە:

لەمیانەی (ئەسڵی كاری هونەری)دا، هایدیگەر(1889-1976) ئەڵێ: (هونەرمەند ئەسڵی كاری هونەرییە، كاری هونەریش ئەسڵی هونەرمەندە، یەكیان بێ ئەویدیكە نابێت، هەردووكیشیان بە هۆی شتێكی سێیەمەوە كە پێش هەردووكیان ئەكەوێت، هەردووكیشیان ناوی خۆیان لەو وەرئەگرن، كە ئەویش : هونەرە.كەواتە پرسیاركردن لە ئەسڵی كاری هونەری ئەبێتە پرسیاركردن لە ماهییەتی هونەر، و لەبەرئەوەی پرسیاركردن لە چییەتی ئەوەی هونەر لەو رێگەیەدا هەیە پێویستە پرسیارێكی هەمیشە كراوە بێت، ئنجا هەوڵ ئەدەین هونەر بدۆزینەوە بەوەی كە هونەر هەیە، وە بە رێگەیەكی واقعی هونەر ئەبێتە ئامادەگی لە كاری هونەریدا)"15"

خاڵی بناغەیی لەو پەرەگرافەدا ئەوەیە، كە هونەر بریتی یە لە نێوان ( ئەسڵ ) و ( ماهییەت)دا. و هەروەها هایدیگەر پێی وایە كە ئەكرێت لە رێی (هونەرەوە) لە (كاری هونەری بگەین ) و لە رێی (كاری هونەریشەوە) لە (هونەر) بگەین.

سەفا عەبدولسەلام لە كتێبەكەیدا سەبارەت بە هێرمینۆتیك، ئەڵێ هایدیگەر لە راڤەیەكی فینۆمۆلۆژی بۆ تابلۆی (پێڵاو)ی ڤان كۆخ، ئەگاتە ئەو ئەنجامەی كە (هەقیقەتی هونەر دەرخستنی هەقیقەتی هەبوونە، هەقیقەت لە كاری هونەریدا "رووئەدات" و ئاوێتەی ئەبێت، وەك لە تابلۆكەی ڤان كۆخدا)"16"

لە لای هایدیگەر، هونەرمەند بە كەشف كردنی هەبووەكان رائەبێت و لە رێی كاری هونەرییەوە دائەمەزرێنێ. (كەشف)یان كرانەوەش ، لە كاری هونەریدا هەقیقەت بەرهەم ئەهێنێ. هەقیقەتی هەبوون.

لێرەدا ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنج و بایەخە، زیاتر جەختكردنەوەی هایدیگەرە لەسەر هەردوو (هونەرمەند) و (كاری هونەری)، كە ئەگەر قسەكە تۆزێ لار كەینەوە ئەتوانین بیكەینە، (نووسەر) و (تێكست)، چونكە هەم نووسینیش كاری هونەریە و هەم نووسەریش هونەرمەندە، ئەمە لە لایەك، لە لایەكی تریشەوە، نووسەریش، بە تایبەتی لە ئەدەبدا لە رێی قوڵایی زماندا، یان لەرێی زمانێكی ئاماژەییەوە، ئەتوانێت كارێك بەرهەم بێنێت هەم كراوە بێت و هەم كەشف بێت لە خۆیدا، بەو مانایەی كە تێكست وەك بەرهەمێكی هونەری و ئەدەبی بوونەوەرێكی فانتازی بێت لە ژێر كاریگەری زمانی خۆیدا.

ئەگەر ئێمە ئەوەش زیاد بکەین، کە هایدیگەر پێی وایە (پێویستە بوونی مرۆڤ لە ناو بونیادی جیهان و کۆمەڵ و مێژوودا بناسرێت ، بوون لە ناو جیهاندا شا مەرجێکی ئۆنتۆلۆژی بوونی مرۆڤە)(17)

هەروەسا لە لای هایدیگەر هیرمینۆتیك بە تەنیا تەفسیرکردنی کاری هونەری نیە یان بەتەنیا تەفسیری تێکست بێت، وەك لە نموونەی راڤەکەی بۆ تابلۆکەی فانکۆخ، بەڵکو راڤە لای ئەو راڤەی هەبوونی مرۆڤیشە.

لێرەوە ئەگەر ئێمە لە راڤەی هایدیگەرەوە بگەڕێینەوە سەر نووسەر و تێکست و نیچە و درێدا، و درێژە بە کەڵکەڵەی خۆمان بدەین، سەبارەت بە تێکست و نووسەر و رەخنەکردنەوە. ئەوا لای هایدیگەر تێکست کە کاری نووسەرە و کارێکی هونەرییە، واتە مرۆڤێك لە پشت تێکستەوە وەستاوە، یان مێژوویێك، هەبوونێك بە تێگەیشتنی خۆیەوە لە تێکستدا ئامادەیە. بۆیەشە پێش کردەی راڤەکردن، تێگەیشتنێك لە تێکست دا هەیە، ئەو تێگەیشتنەش ، هونەر خەڵقی ئەکات. جا ئەو تێگەیشتنە هەرچەندە قابیلی کرانەوە و کەشف کردن و راڤەی جۆراوجۆریش بێت، بەڵام مێژوویێك لە پێش راڤەکاندا هەیە.

نووسەر لە لای هایدیگەر ئەو کەسەیە کە لە رێی ئەوەوە (هەقیقەت) رووئەدات، نەوەك خالقی بێت، هەروەها لە کاری هونەریشدا نیە، بەڵکو هەقیقەت لە (هونەردا) دیار ئەبێت. واتە ئەگەر ئێمە باس لە مانا بکەین، ئەوا مانا نە لە لای نووسەر و نە لای تێکستە بەڵکو مانا لە زماندایە، ئەوە سەبارەت بە (ئەدەب)

لێرەدا، با بیر بکەینەوە، ئەگەر نە نووسەر و نە تێکست نەتوانن (هەقیقەت) لە ئەدەبدا دیار بکەن، و زمان ئەو وزەیەی هەبێت کە ئەم کارە بکات. لێرەدا ئەبێت کۆمەڵە شتێك ورد کەینەوە.

یەکەم: بەرهەمی ئەدەبی ئەکرێت کۆمەڵەیەك راڤەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت، چ راڤەی فەلسەفی و چ راڤەی ئەدەبی چ مێژوویی و چ ستاتیکایی.

دووەم: ئەوەی لە بەرهەمی ئەدەبیدا ئەگەڕێت، نە نووسەرە و نە تێکست، بەڵکو زمانە.

سێیەم:ئێمە ناکرێت رووبەڕووی نە ماناکانی نووسەر و نە ماناکانی خوێنەر ببینینەوە. چونکە ئێمە تەنیا لە رووبەڕووبوونەوەی زماندایین.

چوارەم: ئەتوانین هەم مەرگی نووسەر و هەم مەرگی تێکست رابگەیەنین.

پێنچەم: هەقیقەتی ئەدەب، ژێدەری هەم نووسەر و هەم تێکستە.

کەواتە ئەگەر ئێمە باس لە شووناسی نووسەر و تێکست بکەین، ئەوە ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە هەردووکیان ئەگەڕێنەوە بۆ زمان. زمانیش ژێدەری هەقیقەتەکانە.

بەڵام پیێش وەختە هایدیدگەر پێی گووتین کە ئەکرێت هەم لە رێی تێکستەوە لە نووسەر بگەین و هەم لە نووسەریشەوە لە تێکست بگەین.هەروەها نووسەر هەقیقەتەکانی زمان لە تێکستدا کەشف ئەکات.

واتە لێرەدا نووسەر ئەرکێکی هەیە، کە ئەویش ئەوەیە هەقیقەتەکانی زمان، بخاتە ناو تێکستەوە.بۆ ئەوەی هەقیقەتی ئەدەب بەرهەم بێنێت، ئەو هەقیقەتەی وەك تێگەیشتنێك لە پێش راڤەدا لە تێکستدا هەبوونی هەیە.

ئەرکی تێکستیش ئەوەیە هەقیقەتەکانی زمان لە ناوخۆیدا بگرێت، زمانێك کە وەك بارت بۆی ئەچێت گەڕان بێت لە قوڵاییدا.

ئەوانە ئەو ئەرکانەن، کە ئەدەب ئەیبەخشنە نووسەر و تێکست و زمان، بەڵام ئەگەر کار گەیشتە سەر رەخنە، ئەوە ئەکرێت لەم سیاقانەدا رەخنە وەك وزەیەکی فانتازی، بێت و سەروکاری جۆراوجۆر لەگەڵ ئەم مژارانەدا ببەستێت.

سەروکاری رەخنە ئەگەر وەك بارت بۆی ئەچێت میتا زمان بێت لەسەر زمانی یەکەم، کە زمانی تێکستە. ئەوە لەو حاڵەتەدا، رەخنە لە سەر زمان ئیش ئەکات، بەواتا هایدیگەرییەکەی لەسەر هەقیقەتەکان.

هەقیقەتەکان کە نووسەر ئەیانکاتە رووداو لە ناو تێکستدا، تێکستیش بەهایەکی ئەدەبیان پێ ئەبەخشێت.، ئەوە ئەکرێت لێرەوە رووبەڕووی ئەو هەقیقەتانە ببینینەوە، واتە لێرەدا رەخنە تەنیا نابێتە میتا زمان، بەو شێوەیەی بارت بۆی ئەچێت، بەڵکو ئەبێتە کەشفکردنی ئەو کەشفەی کە ئەدەب ئەماندانتێ. لێرەشەوە ئەکرێت جۆرەها هەقیقەت لە ئەدەبدا لە رێی راڤەوە کەشف کەین. هەر راڤەیەکیش رەنگە ببێتەوە هەقیقەتێکی دی کە رەنگە لەگەڵ هەقیقەتە ئەدەبییەکەی تێکستدا رێك بێت یان دژو بەرەواژی بێت.

لێرەدا ئەگەر رووبەڕووی ئەو هەقیقەتانە ئەبینەوە، لە رێی راڤەکردنی جۆراوجۆر و دژ و جیاوازەوە، ئەبێت ئاراستەیەکمان لەو رووبەڕووبوونەوانەدا هەبێت. ئەو بەها ئەدەبییانەی کە نووسەر ئەیانکا بە رووداو لە ناو تێکستدا، با تێکستەکەش تەواوی ئەو هەقیقەتە ئەدەبییانەی نووسەر ئەیانکا بە رووداو نەگوێزێتەوە ناو تێکست، بەڵام هەر بەرهەمێکی ئەدەبی خاڵی نیە لە هەقیقەتێك یان زیاتر.لە مانایەك یان تێگەیشتنێك زیاتر. لێرەدا ئەگەر بکرێت وەك جەستەیەکی سڕ و خەسیویش تەماشای تێکست بکەین، ئەوا ئەکرێت لە رێی نووسەرەوە دەم لە هەقیقەتەکان بدەین.هەتا ئەو دەقانای تەنیا راڤەی ستاتیکیشیان بۆ بکرێت دیسانەوە ستاتیکاش شێوەیەکی تێگەیشتنەکانە.وەك

هایدیگەر بۆی ئەچێت. واتە لە بەر رۆشنایی ئەو تێگەیشتنەوە، رەخنە کاری رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ ئەو تێگەیشتنە ئەدەبییانە بە پلەی یەکەم، ئەویش لە رێی ئەو لایەنانەی لە ئەنجامی ئەو بەها و تێگەیشتنانەوە هەبوونیان هەیە، کە نووسەر و تێکستن، تێکست ئەگەر بە کەموکوڕییەکانی تۆمارکردنی هەموو ساتە رەوانییەکانی نووسەریش تووشی جۆرێك لە خەسێنراویی هاتبێت، ئەوە نووسەر وەك بەرووداوکەری بەهاکان و هەقیقەتەکان، ناکرێت تووشی رووبەڕووبوونەوە نەبێت. لە پاڵ تێکستی خەسێنراو یان مردوو، نووسەرێك ئامادەیە، کە نامرێت، چونکە هێشتا ئەکرێت ئەو وەك بەرپرسی مردنی تێکست ببنین، چونکە ئەو هەقیقەتی ئەدەبی بە رووداو ئەکات، تێکستیش تەنیا فۆڕمی ئەو رووداوانەیە. هەر لەو فۆڕمەشەوە ئەتوانین بەرەو نووسەرەوە ئاراستە بگرینەوە. و لە نووسەریشەوە بۆ تێگەیشتنە ئەدەبییەکان.

کەواتە لێرەدا لە نێوان نووسەر و تێگەیشتنە ئەدەبییەکاندا، هێڵێك هەیە بەدەر لە تێکست، بەدەر لەو فۆڕمەی نووسەر هەقیقەتەکانی ئەدەبی پێ فۆرمەلەکردوون. واتە راستەوخۆ لە نێوان بەها ئەدەبییەکان و نووسەردا پەیوەندییەکی کراوە هەیە کە ئەکرێت کەشف بکرێت و روون بکرێتەوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر نموونەکەی هایدیگەر کە تابلۆی پێڵاوی فان کوخ بە کار ئەبات، باس لە هەقیقەتی پێڵاو ئەکات کە چۆن ئەتوانێت لە رێی بەرووداوکردنی پێڵاوەوە لە تابلۆدا، پەیوەندی نێوان جووتیار و زەوی و ژیان و کۆمەڵی چەمکمان پێ ئەڵێ.کەشفێك بۆ هەقیقەتی هەبوون ئەکات. لێرەدا رەنگە کەرەستەکانی تابلۆکە لە رووی جوانکاری تابلۆکە رۆڵی گەورەیان هەبێت، بەڵام ئەوەی رۆڵی سەرەکیتر و گەورەترە، ئەو هونەرمەندەیە کە هەقیقەتەکانی هەبوون لەو تابلۆیەدا بە رووداو ئەکات.

واتە ئەو تێگەیشتنانەی هونەرمەند وەك بەهایەکی هونەری کەشفییان ئەکات، ئەکرێت لەسەر ئەو بەهایانە گفتوگۆ و ململانێ و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بکرێت. بەو واتایەی بۆ ئەو مانایە یان ئەو چەند مانایە لە تابلۆی پێڵاوێکدا دروست ئەبن؟ و چەند ئەکرێت بەلای ئێمەوە ئەو مانایانە مانای هەقیقی هونەر و ژیان نەبن؟

لە ئەدەبیشدا بە هەمان شێوە شعرێك یان رۆمانێك، کە چەندین مانای ئەدەبیمان پێشکەش ئەکات، بە دوور لە فۆڕمەکەی، کە ئەویش ئەکرێت رووبەڕووی ببینەوە، بەڵام بە دوور لەو فۆڕمەش، ئایا نووسەر چ بەهایەك یان هەقیقەتێکی ئەدەبیمان سەبارەت بە عەشق یان مردن یان خیانەت یان هەبوون یان هەر چەمکێکی دیکە ئەداتێ؟

ئەو تێگەیشتنانەی ئەو وەك هەقیقەتێك ئەمانداتێ چەند بڕوای پێ بکەین و بە یەقینەوە وەریبگرین؟ چەند بە رەهایی ماناکانی وەرگرین و باوەڕی پێبکەین؟ ئەگەر وامان نەکرد بۆ رووبەڕووی نەبینەوە؟ رووبەڕووی ماناو تێگەیشتن و هەقیقەتەکانی؟

## لە تەئویلی تێکستەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی نووسەر:

بە گشتی تەئویل یان راڤە، لە رەخنەی کوردی دا زیاتر لەوە کورت کراوەتەوە، کە راڤەیەك یان چەند راڤەیەك بۆ تێکستی ئەدەبی بکات، بەدەیان نووسەر بە ئاشکرا بانگی ئەوەیان داوە کە دوای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانییان ئەوان پەیوەندییان بە بەرهەمەکانییان نەماوە و خوێنەر دێت و بەهاکانی خۆی بەو بەرهەمانە ئەبەخشێت، واتە نووسەر خۆی مردنی خۆی راگەیاندووە و خوێنەر بە مێژووی خۆی، خۆی ئەکا بەخاوەنی بەرهەم و بەهاکانی بەرهەم.

بۆ من ئەو جۆرە راڤەیە یان خوێندنەوە، سەرباری بارە هونەری و ستاتیکییەکانی، لە رووی بەهاکانەوە، نووسەری لە هەموو رووبەڕووبوونەوەیەکی رەخنەیی و فکری دوور خستەوە، بەوەی خوێنەر ئازادە چۆن تێکست راڤە ئەکات بێ ئەوەی پەیوەندی بە نووسەرەوە هەبێت، نووسەر مردووە و تێکست گۆڕەپانی زیندووی خوێنەرە.

نیچە سەبارەت بە تێکستی (زەردەشت وەها ئاخاوت) وتوویەتی: (هەموو هزر، ئێش و هیواکانم لەو کتێبەدانە، وەهای لە ژیانم کرد وەك ئەبینم کە خودم ئەیەوێت لە رێی ئەو پەرتوکەدا خۆی تەبریر بکات، جارێکی تر شەرم لەخۆم ئەکەم، چونکە بەو کارە من دەستی خۆم گەیاندە چەپکەکانی شکۆداریی، ئەو شکۆدارییەی لەمێژە بەشەرییەت دەستی لێبەرداوە)"18"

لەم پەرەگرافەدا، نیچە زۆر بە روونی ئەوە ئاشکرا ئەکات، کە هەموو ئێش و هیواکانی خۆی لەو بەرهەمەدا نیشتەجێکردوون، لەمەش زیاتر ئەیەوێت کە خودی خۆی لە رێی ئەو تێکستەوە تەبریر بکات.

لێرەدا ئێمە لەبەرامبەر تێکستێکداین، کە نیچە نەوەك هەر نووسەرییەتی، بەڵکو هەموو هیوا و هزرەکانیشی لەو کتێبەدانە، بە شێوەیەك ئەو بەرهەمە ئەبێتە تەبریرێك بۆ خودی خۆی، لێرەدا من پێموایە نیچە بێ ئەوەی بیەوێت بەلاّم خۆی بە زیندوویی و پڕی هیوا و ئێش و هزر رائەگرێت لەو تێکستەدا، تێکستیش بێ هیوا و ئێش و هزر و خودی ئەو شتێك نیە، شتێك نیە لەدەرەوەی ئەو، لە رێی ئەم تێکستەش دەستی گەیشتۆتە شکۆداریی. بە دوور لەوەی کە نیچە زۆر بلیمەتانە باسی خۆی کردووە و گەورەیی و زیرەکی و لێهاتووی خۆی ناسیووە، لە پاڵ ئەم تێگەیشتنەشدا نیچە دێت ناراستەوخۆ تێگەیشتنێکی فوڵتریشمان ئەداتێ بەرامبەر بە نووسەر و تێکستدا، بەوەی تێکست بەرهەمی نووسەرە، و نووسەر تیایدا هزرەکانی و خودی خۆی تێدا پێشکەش ئەکات، ئەو لە وای خوێنەر ناگەڕێت بۆ ئەوەی بێت و پەیوەندی نیچە لەگەڵ بەرهەمەکان دابڕێت، بەڵکو ئەو زۆر جەخت لەسەر ئەوە ئەکاتەوە کە دوای ماوەیەکی زۆر دوای مردنی ئەو ئەخوێنەوە، لە رێی بەرهەمەکانیدا، چونکە بەرهەمەکانی ئەو، نیچەن، نەوەك شتێکی دی، یان کەسێکی دی کە خوێنەرە. لێرەدا بۆ من ئاشکرایە، لە بەرهەمەکانی نیچەدا تێکست مردووە و نووسەر خاوەنی هەقیقی تێکستە، نووسەر بە هزر و هیواکانی رووبەڕووی خۆی ئەبێتەوە لە تێکستدا و خودی خۆی پێ تەبریر ئەکات.

من لە نیچەوە تێئەگەم، ئەو لە هێز و وزەی هزر و هیواکانی خۆیەوە، نەوەك زمانەوە، تێکست ئەکاتە بەرهەم، ئەو قسەی خۆی ئەکات، نەوەك تێکست بکاتە قسەی خوێنەر، پێموایە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی نیچەی رووبەڕووی ئەو هەموو رەخنە و لەسەر نووسینە کردۆتەوە، چونکە ئەو بە کردار پرۆسەی نووسینی کردۆتە مەیدانی هزر و هیواکانی و ناتوانرێت تێکستەکانی لەو دابڕین. ئەو خۆی نووسینەکانی کردوونەتە رووبەڕووبوونەوەکانی خۆی لەگەڵ نووسەر و هونەرمەند و پێغەمبەرەکاندا.

لەبەرامبەر ئەمەدا، من پێموایە بە تێزی(مەرگی نووسەر)ی دریداوە، تێکست ئەکاتە سەروەری خوێندنەوە نەوەك نووسەر، ئەیەوێت خوێنەر لەگەڵ تێکست بکەوێتە خوێندنەوە، نەوەك رووبەڕووبوونەوە، کردەی کەشف لە لای دریداوە، تەنیا ئەرکی کەشفکردنی مانایەك یان چەند مانایە لە تێکستدا، نەوەك ئەوەی دوای کەشفکردنی ئەو مانایانەوە لەگەڵ نووسەر بکەوینە ململانێ، واتە ئێمە کە ئەزانین تێکستێك پاڵوانێکمان ئەداتێ بەدوای بۆ نموونە (جوانی) دا ئەگەڕێت لە پێناو (چێژدا)، ئێمە وەك خوێنەر ئەرکمان کەشفکردنی ئەو جومگە و دەستەواژە و ئەو زمانەیە کە تێکست لە رێیەوە ئەو جوانی و ئەو چێژەمان لێ ئەشارێتەوە، واتە کردنەوەی ساتە گەشەکانی زمان، لە رێی خوێندنەوە، لێ لێرەدا ناتوانین لەگەڵ نووسەردا بکەوینە ململانێ بەوەی ئەو (جوانییەی) ئەو باسی

ئەکات لای من جوانی نیە، رەنگە ناشیرینی بێت یان هیچ نەبێت، ئەو (چێژەی) لە تێکستەکەشدا ئەیدۆزینەوە رەنگە لای من نەخۆشی بێت یان هەر شتێکی دیکە بێت. و دوای ئەوەش لەگەڵ ئەو نووسەرەدا بکەوینە پرۆسەیەکی رەخنەیی و فەلسەفییانە بەوەی ئەو هەقیقەتەی ئەو وەك جوانی و چێژ پێشکەشی ئەکات، وانیە، رەنگیشە وابێت.یان هەر چ نەبێت گومان بکەین بەوەی کە رەنگە وانەبێت. یان ئێمە تێگەیشتن و هەقیقەتێکی دیکەمان لە لا بێت.

واتە لێرەدا من ئەمەوێت بڵێم، هەر تێکستێك، تێکستی هەر نووسەرێکی کورد، قابیلی ئەوەیە، کە بە رەخنە رووبەڕووی ببینەوە لەسەر ئەو هزر و هیوایانەی ئەو لە تێکستەکەیدا شینیان ئەکات، ئەم کردارەش پێویستییەکە زۆر رۆچوو بە قوڵایی کردەی رەخنەوە، نەوەك خوێندنەوە، لیچرەدا جیاوازی خوێندنەوە و رەخنە دەست نیشان ئەکەم بەوەی خوێندنەوە دەلیفەیەکی زۆری داوەتە نووسەرانی تێکستی کوردی بەوەی زۆر بێ منەتانە هەقیقەتەکانییان پێشکەش بە خوێنەری کورد بکەن بۆ ئەوەی بیدۆزنەوە، نەوەك ململانێی نووسەری پێ بکەن. خوێندنەوە تەنیا ببێتە چێژی کەشف و ئازار نەخواردن بەو بەهایانەی یان مانایانەی یان ئەو جوانییانەی نووسەر پێشکەشیان ئەکات.

تێکستی کوردی لەگەڵ کردەی خوێندنەوەدا، سەرباری لایەنە ئیجابییەکانی، لێ گەورەترین زەرەریشی بەکاری ململانێی فکری گەیاند لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، کردەی تەئویل رێك بووە ئەو راڤەیەی پیاوێکی دینی بۆ ئنجیل یان قورئانی بکات و بە ماناکانییەوە رازی بێت و بکەوێتە بارێکی یەقینی بەوەی ئەوەی تێکست ئەیدات، راستە و هەقیقەتە و جێگەی گومان نیە، ئەگەر بەم رادەیەش نەبێت، ئەوە جێگەی ئەوە نیە بە هیوا و هزرەکانی خۆمان رووبەڕووی ببینەوە و ململانێیەکی فکری لەگەڵ بکەین. بەوەی بڵێین ئەو بەهایانەی ئەو نووسەرانە ئەماندەنێ رێگەیەکن بۆ بێدەنگکردنی خوێنەر لەناو راڤەی خۆیدا، تەنانەت کردارەکە پێموایە وایلێهاتووە، خوێنەر هەمیشە لە ناوی نووسەرەکان بترسێت، بەوەی نەوێرێت هەتا خوێندنەوەش بۆ زۆر لە تێکستەکان بکات، بەوەی نەوەك خوێندنەوەکەی ئەو خوێندنەوەیەکی راستی و درووستی مەبەستەکانی نووسەر نەبێت. زۆر لەو توهمەتانەش لەلای ئەو نووسەرانەوە حازر بەدەستن بۆ خوێنەر کە (نەتوانن یان نەزانن) بگەنە قوڵایی بەرهەمی نووسراو؟!

لەو توهمەتانە:

1. نووسەر پەیوەندی بە تێکست نەماوە.خوێنەریش تەنیا ئەتوانێ خوێندنەوەیەك بۆ دەق بکات دوور لە نووسەرەکەی.
2. هەر خوێندنەوەیەك بۆی هەیە، هیچ پەیوەندی بە مەبەستەکانی نووسەرەوە نەبێت، بەتایبەتی ئەگەر خوێندنەوەکە توانی کەمتەرخەمی نووسەر لە رووی ناوەڕۆك و شێوازەوە نیشان بدات.
3. خوێنەر ناتوانێت نووسەر بکاتە سەرچاوە و ژێدەری دەق.

4. نووسەر بەرپرسیار نیە لەهەر مانایەکی باش و خراپ، جوان و ناشیرین،بەکەڵك و بێکەڵك و سلبی و ئیجابی کە خوێنەر لەدەقەکەدا کەشفی ئەکات، هەر مانایەکیش بە دڵی نووسەرەکە نەبێت، ئەوە خوێنەر یان ئەبێتە، کەمشارەزا، کاڵفام، بێ ئەزموون، گێرەشێوێن، جاهل، تەقلیدی و هتد.

5. هەر رەخنەیەکیش بگریت ئەبێتە هێرش بۆ سەر نووسەر، چونکە ئەوان پێیان وایە خوێنەر تەنیا ئەتوانێت هێرشی تێکست بکات، بەدەر لەوەی کا هێرشەکەت بۆ سەر نووسەر چەند فکری و رەخنەیی و ئەدەبیانەیە.

6. پێشموایە، ئەم خوێندنەوەیە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی بێدەنگی خوێنەر بپەرێتەوە سەر زۆربەی کایە رۆشنبیرییەکان و پێکهاتەی رۆشنبیریی ئێمەوە هەر لە ئەدەبیاتەوە تا سیاسەت و دین و کۆمەڵگە و زمان و هتد....

7. خوێنەر هەر شتێك بڵێت، ئەوە چۆن دینییەکان ئەڵێن ئێوە لە ئیسلام نەگەیشتوون، سیاسییەکان ئەڵێن لە سەرۆك نەگەیشتوون، ئەوا ئەوانیش ئەڵێت تۆ لە مەبەستەکانی نووسەر نەگەیشتوویت.

زێدەرۆیی نیە ئەگەر بڵێم، کردەی خوێندنەوە، تێکستە شعری و رۆمانەکانیشی کردوونەتە دەقی پیرۆز و هەروەك گووتارە دینییەکان و گووتارە سیاسییەکان پڕن لە دۆگما و باوەڕی و عەقیدە و ئیمان، نووسەرەکانیشی کردۆتە دکتاتۆر و سەرکردە و خودا.

لێرەوە ئەگەڕێمەوە سەر نیچەو، تێزی (مەرگی خوا) لە بەرامبەر (مەرگی نووسەری) درێدا. کە من پێموایە، نیچە بکوژی ئەو تێکستانەیە، کە نووسەرەکان وەك خواوەند لە پشت تێکستەکانەوە، لە ئاسمانەوە دوور لە زەوییەوە تەماشای خوێنەرەکان ئەکەن و بە تەئویلەکانەوە یان توڕە ئەبن یان پێئەکەنن و هەمیشە چاوەڕێن چەپڵەیان بۆ لێبدرێت و وەك موعجیزە تەماشایان بکرێت. نیچە ئەو مانایانە ئەکوژێت کە تێکست پێشکەشییان ئەکات بۆ ئەوەی بچین یەخەی نووسەرەکان بگرین و بیانهێنینەوە سەر زەوی، بە پێچەوانەی درێداوە، کە تێکستەکانمان ئەداتێ و نووسەرانمان بۆ ئەباتە ئاسمان یان لە پشت ئاسمانیشەوە بۆ ئەوەی نەدەستمان پێیان بگات و نەدەنگمان بیانگاتێ. تا رووبەڕووی هیچ رەخنەیەکی فکری و ئەدەبی نەبنەوە و بە بەرپرسیار نەزانرێن لەبەرامبەر ئەو کەمتەرخەمییە فکری و روحییەی لە تێکستەکاندا پێشکەشمان ئەکەن.

کەواتە مەرگی تێکست، کوشتنی ماناکانی هەر تێکستێکە کە خوێنەر ئەکرێت راڤەی بکات و دوای ئەوەش لەگەڵ هەقیقەتەکانیدا بکەوێتە ململانێ و هەڵیانوەشێنێتەوە و جا چ هەقیقەتی دیکەی لە شوێندا چاند، یان نە.

نەمردنی نووسەریش، رەخنەکردنی نووسەرە لە بەرامبەر ئەو هەقیقەت و مانایانەی لە رێی تێکستدا ئەماندانێ.

## ئەوەی پێویستە بمرێ تێکستە نەوەك نووسەر:

**لێرەدا ئەمەوێ زیاتر بە هەندێ لە بڕگە و جومگەکانی ئەم تێزەوە شۆڕببمەوە:**

### یەکەم: بەرهەمهێنانی رەخنەیەکی فانتازی:

**هەڵگەڕانەوەی پاڵەوانی رۆمان، لە نووسەرەکەی، خۆی لە خۆیدا فانتازیایەکە لە واقعی رۆمانێکدا بەرهەم دێت، فانتازیایەك کە کەشی رۆمانەکە هەمووی یان پارچەیەکی ئەخاتە ناو فانتازیایەکەوە، کە سەر لەبەری رووداوەکان و مانا و هەقیقەتەکانی رۆمانەکە هەڵئەگێڕێتەوە. بەوەی ئەوەی رۆمانننوس وەك دکتاتۆرێکی بچووك یان خواوەندێك ئەمانداتێ، رەتی بکەینەوە و ململانێیەك لەگەڵ نووسەر دروست کەین. ئەو ململانێیەش بە فانتازیاکردنی واقعی رۆمانەکە ئەبێت.**

**لە نێوان واقع و فانتازیادا، دنیایەك ئاماژەی جۆراوجۆر و رەنگین لە دایك ئەبن. نووسەر کە پاڵەوانێك ئەخوڵقێنێ، بە پاڵەوانی خۆی یان رۆمانەکەی ئەزانێ، تا ئێستا هیچ نووسەرێك خۆی لە رۆمانەکانی یان نووسینەکانی بە گشتی جیانەکردۆتەوە، هیچ نووسینێکی دیکەش نەهاتووە باسی پاڵەوانێکمان بۆ بکات، دوور لە رۆمانەکە و رووداوەکانی یان دوور لە نووسەرەکەی. هەتا رۆمانە جیهانییەکانیش هەموویان بە نووسەرەکانییانەوە ئەناسرێنەوە، لێرەدا رۆماننووسی کوردیش وەك هەموو رۆماننووسەکان خالقی پاڵەوانەکانی خۆیانن، خالقی رروداو و بەسەرهات و فکر و بیروباوەڕی پاڵەوانەکانییانن، لە باشترین باردا رۆماننووس خوێندنەوەیەکی خۆی بۆ بارودوخی کەسێك یان**

حاڵەتێك یان دیاردەیەك یان وڵاتێك یان مێژوویەك یان هەقیقەتێك یان میللەتێك نیشان ئەدات. ئەو خۆیەتییەی رۆماننووس بە شعور یان لاشعور، رەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی لەسەر کەسایەتی و رووداوەکاندا هەیە، تێڕوانین و دیتنەکانی خۆی تیادا بەرجەستە ئەکات، ئازادبوونی پاڵەوان لە رۆمانی کوردی دا بۆ من ئەفسانەیەکە و تا ئێستا نەهاتۆتە دی،(بەلایەنی کەمییەوە ئەو رۆمانانەی من خوێندوومەتەوە!) پێشم وانیە، بشهێتە دی، هەرچەندە زۆربەی رۆماننووسەکان ئیدیعای ئەوەش بکەن کە پاڵەوانەکانییان ئازادن، بەڵام دیسانەوە ئەکرێت بە خوێندنەوەی هەر رۆمانێکدا راستی و ناراستی ئەم ئەفسانەیە ئاشکرا بکرێت. لەگەڵ شعردا رەنگە زۆر جیاوازی نەبێت، ئەوەی ئاراستەکانی هەر دەقێکی شعریش بە شێوەیەك لە شێوەکان دیاری ئەکات، هەر لە بن دەسەڵاتی ماناکانی شاعرەکان دان.

هەتا لە خوێندنەوە رەخنەییەکانیش، دیسانەوە ئەوە نووسەرە وەك خۆی بەدوای ماناکانی خۆیدا وێڵە. هەر نووسەر خۆیەتی دێت و هەقیقەتەکانی خۆی بە باڵای تێکستێکدا دائەبڕێت.

بێ گومان ئەوە مانای ئەوە نیە، هەر هەموو نووسەرەکان و نووسینەکان، بە یەك ماهییەت و بەیەك رادە لە بن دەسەڵاتی نووسەرەکان دان، نەخێر بەڵکو لێرەشدا جیاوازی هەیە، و جیاوازی هەم لە رێژە و هەم لە کاریگەرییەکان هەیە، بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە، تا ئێستا یەك تاقە پاڵەوانی تەواو ئازاد لە رۆمانی کوردی دا نیە.

مەبەستم لە تەواو ئازاد ئەوەیە، کە بەتەواوی لە چنگی ماناکان و هەقیقەتەکانی نووسەر ئازاد بووبێت.و پاڵەوان لە تێکستەوە خەلق بووبێت نەوەك لە نووسەر.

ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەرچەندە فانتازیای هەر نووسەرێك چەندی گەورە و فراوان و قووڵ بێت، دیسانەوە مەحکومە بە سنووری ئەو ئازادییەی نووسەر پێی ئەبەخشێت. یان با بڵێین بە سنووری ئەو ئازادییەی پاڵەوانەکە لە نووسەری ئەستێنێت. نووسەر رەنگە تا ئەوپەڕەکەی ئازادی بە خۆی ببەخشێت، یان کەمتر بە خۆی بدات، بەڵام رەهایی و رێژەیی ئازادی خۆی، پاڵەوانەکان سنووردار ئەکات.

واتە ئازادی پاڵەوان مەحکومە بە سنووری ئازادییەکانی نووسەرەوە، نووسەریش دیسانەوە مەحکومە بە ئازادییەکانی خۆی.

فانتازیای رەخنەیی لێرەدا، سەرەتایەکە بۆ دەستنیشانکردن و یاخیبوونی پاڵەوان لە سنووری ئازادییەکانی. تاکە رێگەیەك بتوانێت پاڵەوان بتوانێت لە رێیەوە ئازادی زیاتری خۆی تاقیبکاتەوە فانتازیایە.

ئەو فانتازیایەی رەخنەگر ئەوجارە لەسەر واقعی رۆمانەکە ئەیخولقێنێ، ئەوجارەیان رەخنەگر دێت و فانتازییایەکی دیکە بۆ پاڵەوان خەڵق ئەکات تا بچێتە ناوی، و لەوێوە رووبەڕووی نووسەر ببێتەوە و ململانێی لەگەڵ بکات، ململانێ لە سەر سنووری ئازادییەکان و رووداوەکان و قسەکان و نەخشەکانی نووسەر.

ئەو دێت و نەخشە و پلان و پلۆتی نووسەر تێك و پێك ئەشکێنێت، ئەوەی نووسەر بینای کردووە ئەو تێکی ئەدات، ئەو هەموو رەنج و ماندووبوونەی نووسەر کێشاویەتی بۆ ئەوەی پاڵەوانێك دروست کات کە وەك خۆی ئەیەوێت، رەخنەگر دێت و بە فانتازیاوە ئەو ماندووبوونە ئەداتە دەست ئاوەوە.

ئەو فانتازیایە کە هەر لە فانتازیای شعر ئەکات، رێك کاری ئەوەیە هەرچی نووسەر بینای کردووە، تەفروتونای بکات. لە پێناو ئەوەی ئەمجارەیان پاڵەوانەکە لە بن دەسەڵاتی نووسەر دەربازی ببێت و ئازادانە دژی دنیا و مانا و جوانی و هەقیقەتەکانی نووسەر بوەستێتەوە و بیانڕووخێنێ.

لێرەدا ئەرکی فانتازیا، رووخاندنە.تێکدانی هەقیقەتەکانی نووسەرە، لە رێی کەسیش نا، لە رێی پاڵەوانی نووسەرەکە خۆی. کە ئەمەش شۆکێکە بۆ نووسەر. شۆکێك کە ناتوانێت هەرسی ئەوە بکات، پاڵەوانەکەی (خۆی) یان (رۆمانەکەی) لە دژی ئەودا بوەستێتەوە. پاڵەوانێك کە مانای دیکە بە پاڵەوانییەتی و هەبوون و ماهییەتی خۆی ئەبەخشێت.

لەم شۆکەوە، نووسەر بەتەواوی ماناکانییەوە تووشی دڵەراوکێ و داڕووخان ئەکات، بەوەی ئەو دەسهەڵاتی بەسەر پاڵەوانەکەی خۆیدا نەماوە و ناتوانێت بیوەستێنێ، ئەمەیان گەمەیەکی تا بلێی فانتازیانەیە، کە واقعی رۆمان و واقعی نووسین و نووسەریش سەرەوژوور ئەکاتەوە.

## دووەم: فانتازیای نووسەر ، فانتازیای رەخنەگر:

رەنگە رۆمانێك، یان شعرێك بتوانێت فانتازیایەکی قوڵ بەرهەم بێنێت، نموونەی لەم جۆرە فانتازیانەش زۆرن لە رۆمان و شعری کوردیدا، بەڵام ئەو فانتازییانە چەندی قوڵیش بن، دیسانەکە قابیلی ئەوەن، لە پاڵ ماناکانییاندا بکرێنە واقعی رۆمانەکە و فانتازیای رەخنە نەفییان بکاتەوە.

فانتازیای رەخنەگر بریتییە لە هەڵبژاردنی پاڵەوانی رۆمان و یان چەند کەسایەتییەکی رۆمانەکە جا چ پاڵەوان بن، یان کەسایەتی دووەم و سێیەم بن. بە کارێك هەڵستن کە تێیدا لە دەسەڵاتی نووسەر یاخی ببن، نەفی ماناکانی بکەنەوە، واقعی رۆمانەکە، هەقیقەتی رۆمانەکە هەڵوەشێننەوە. ئەویش رەنگە بە زۆر شێوەوە بکرێت یەك لەو شێوانە:

1. نووسینی نامەیەکی پاڵەوانە بۆ نووسەر، کە تێیدا نووسەر ڕەخنەانی خۆی ئاراستەی نووسەر بکات و هەوڵدات ململانێیەکی فکری لەگەڵ دروست کات.
2. ئەکرێت کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بە گشتی چەندین نامە بۆ یەکتری بنووسن و هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیەوە لە ڕۆمانەکەدا بیروبۆچوونە جیاوازەکانی لەگەڵ نووسەر نیشان بدات.واتە ئەکرێت کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە بە شێوەی مێزگردێك یان هەتا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی باس لە یاخیبوونی خۆیان بکەن لە نووسەر و بەدەیان و سەدان پرسیار و گوومان ئاراستەی نووسەر بکەن.
3. ئەشکرێت دیسانەوە، ڕۆمانەکە سەر لەنوێ بە شێوەیەکی دیکە، بە پێچەوانەی ئاراستەکانی نووسەر بنووسرێتەوە.هەموو یان زۆربەی ڕووداوەکان و دیالۆگەکان و هەڵوێستەکان بگۆڕدرێن.

کە ئەمانەش فانتازیای ڕەخنەگرن، بۆ ئەوەی دنیای نووسەری پێ بهەژێنێت.

## سێیەم: دنیای نووسەر و دنیای ڕەخنەگر:

لەدوای ئەم فانتازیایە و ڕووبەڕووبوونەوەیە چی؟ ئایا پاڵەوانی ڕۆمان یان تێکستێکی شعری، دواجار ناکەوێتەوە بن دەسەڵاتی ڕەخنەگرەوە؟ واتە لەو دوو نموونەیەی پێش ئێستا خستمانە ڕوو، لە ئەنجامدا هەر ململانێی ڕەخنەگر نیە لە نووسەر و بەناوی پاڵەوانەوە ئەکرێت؟

ئایا نەفیکردنەوەی ماناکانی نووسەر و جێگیرکردنی ماناکانی ڕەخنەگر نیە؟ جیاوازی چیە لە نێوان دنیای نووسەر و ڕەخنەگر، کە لەکۆتاییدا هەردووکیان دنیای دوو کەسن؟

لێرەدا ڕەنگە بۆ من وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەوەبێت، بەڵێ ڕەنگە لە ئەنجامدا، هەر وابێت ئەوە دنیای ڕەخنەگرە، نەوەك پاڵەوان، کە لە تێکستە ڕەخنەییەکەدا بەرهەم دێت. دیتن و بۆچوون و دنیابینی و هەقیقەتەکانی ڕەخنەگرن، ئەمجارەیان لەسەر زمانی پاڵەواندا بە شێوەی ڕەخنەوە دەرئەبڕدرێن.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە پێموایە، جیاوازییەکی گەورە لە نێوان ڕەخنەگر و نووسەردا دروست ئەبێت، کە ئەویش ئەوەیە، نووسەر خالقی دنیای یەکەمە و زمانی یەکەمە، کە تێکستە، لەو دنیایەدا نووسەر وەك ڕۆشنبیرێك دێت و دنیایەك پێشکەش ئەکات، جا ئەو دنیایە بەهەر مانایەکەوە بێت.

لێ ڕەخنەگر میتا دنیایەك پێشکەش ئەکات، کە ڕەنگە تەواو جیاواز بێت لەگەڵ دنیای یەکەم.

ئەگەر نووسەر ئەرکی دروستکردنی دنیا بێت، ئەوە ئەرکی رەخنەگر خراب کردنی ئەو دنیایە. ئەگەر ئەرکی نووسەر خەڵقکردنی پاڵەوان بێت، ئەوە ئەرکی رەخنەگر کوشتنی ئەو پاڵەوانەیە.کوشتنی ئەو خوایەیە، کە نووسەر خەڵقی کردووە.

ئیدی بە کورتی ئاراستەی کاری نووسەر و رەخنەگر بەتەواوی پێچەوانەی یەکە. خەمەکانییان بەتەواوی لە یەکتری جیان، کردەی نووسین و رەخنەکە نابنە تەواوکەری یەکدی. رەخنەگر نایەت کەلەنەکانی دنیای نووسەر پڕ بکاتەوە، بەڵکو لەو کەلەبەرانەوە دنیای نووسەر ئەروخێنێت. ئەگەر خەمی نووسەر، خولقاندنی دنیایە، ئەوە خەمی رەخنەگر وێرانکردنی ئەو دنیایەیە. چونکە رەنگیشە رەخنەگر چ دنیای دیکە لەسەر کەلاکی دنیای نووسەر دروست نەکاتەوە، پاڵەوان نەزانێت پێویستە چی بکات و چی دیکە بەرهەم بێنێت. ئەوە ئەرکی رەخنەگریش نیە، ئاراستەی پاڵەوانەکەی بکات بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیفێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو دنیایەی کاولی کردووە.

## چوارەم:نووسەر و تێکست و سێنترالیزم:

ئەوەی تا ئێستا لە ئەدەبیاتی کوردیدا دیارە و ئەو کاراکتەرەی رەخنەی کوردی زیاتر بایەخی پێئەدات نووسەرە نەوەك تێکست، دیارە ئەم بایەخ و رەخنەگرتن و لەسەر نووسینەش لەسەر چەندین ئاستدا دیاربووە، لەوانە لە ئاستێکی سادەدا لە رەخنە سەرەتاییەکانەوە کە زیاتر ژیانی نووسەر و کەسایەتی ئەو جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوە و روانین بووە لە کاریگەرییە دەروونی و شێوەی ژیانی ئەو لەسەر دەقدا، کە دیسان ئەمەشیان بە چەندین ئاستی جیاواز لێی کۆڵراوەتەوە. بەوەی تێکست دەرهاویشتەی پاڵدەرە دەروونییەکانی نووسەر بێت، هەروەك چۆن لە پێش ئێستاش ئاماژەمان پێدا کە هەتا نیچەش لەم بارەوە لەسەری نووسراوە، لە رەخنەی کوردیشدا زۆر بابەتی رەخنەیی باس لە کەسایەتی نووسەر ئەکەن، و ئەوە روون ئەکەنەوە کە پاڵدەرە دەروونی و فکرییەکانی کاریگەریی تەواویان لەسەر تێکستدا هەیە.

رەنگە رەخنەی تەئویلی یان راڤەیی، بە تایبەتیش بە کاریگەریی رۆلان بارت و درێدا تا رادەیەك لەسەر بنەمای مەرگی نووسەرەوە هەوڵیان دابێت لەو شێوازە رەخنەییە دوور بکەونەوە و بەوەی کە زیاتر ئەم جۆرە رەخنانە هەم پۆزەتیفیستین و هەم رێگەش بە خوێنەر نادەن بۆ ئەوەی ماناکانی خۆی لە تێکستدا بدۆزێتەوە.

لە ئاستێکی دیکەدا رەنگە زۆربەی رەخنەی کوردی هێرش کردنێك بووبێت بۆ سەر کەسایەتی نووسەر نەوەك بۆ سەر تێکست، ئەمەش دیارە گورزی خراپی لە پرۆسەی رەخنەکردندا داوە، بەوەی

ڕەخنە ببێتە کار و گەڕانێکی مەعریفی هەم لە ناو نووسەر و هەم لە ناو تێکستدا، لێ بە شێوازێکی گشتی تا دوای نۆهەتەکانیش ڕەخنەی کوردی زیاتر سەودایەك بوو لە گەڵ نووسەردا نەوەك لە گەڵ تێکست.

لێ ئایا ڕەخنەی نوێی کوردی یان ڕاستتر بڵێین لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نۆهەتەکانەوە، ئەگەر زیاتر دەستنیشانیشی بکەین، لەگەڵ هەوڵەکانی مەریوان وریا قانع بۆ خوێندنەوەی تێکستەکانی گۆرانەوە بە میتۆدی بونیادگەرییانە و وەك خۆی ئەڵێت لە رووە (گۆڵدمانییەکەیەوە) ئەتوانین دەستنیشانی هەوڵە سەرەتاکانی ڕەخنەیەکی نوێی کوردی بکەین، کە ئەیەوێ زیاتر تەماس لەگەڵ تێکست بکات نەوەك نووسەر، کە لێرەشدا ڕەخنەگر وەك خوێنەرێك زیاتر سەرگەرمی خوێندنەوەی تێکست بێت و هێرشی بکاتە سەر نەوەك نووسەر.

دیارە دوای هەوڵە سەرەتاکانی مەریوان کۆمەڵێك نووسەری دیکە و بە تایبەتیش دوای ڕاپەڕین، بە سوود وەرگرتن لەکۆمەڵێ میتۆدی نوێی ڕەخنەیی توانیان کردەی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن بە ئاستێکی فرەوان بەسەر دەقە کوردییەکاندا بسەپێنن.

ڕەنگە ئەو ساتانە ساتی جیابوونەوەی تێکست و نووسەر لە یەکتری، ساتی لێك دابڕانێك بووبێت لە نێوان تێکست و نووسەردا، دواییش نووسەر هەقیقەت و تێکست و هەقیقەت و کردەی خوێندنەوە و هەقیقەت و مانادا.

دیارە کۆمەڵە نووسەرێك پەیدابوون کە بە شێوازی جیا و بە میتۆدی جیا گەڕانەوە سەر تێکست، نەوەك نووسەر، پێشموایە زیاترینی ئەوکەسانەی ئەو جۆرە ڕەخنەیەیان هێنایە کایەوە، خۆیان بە پلە یەك نووسەری دەق بوون، نەوەك خوێنەری دەق، واتە زیاتریان وەك نووسەر و شاعیر ناسراوبوون نەوەك وەك ڕەخنەگر.

دیارە چ ئەو برادەرانەی لە ڕەهەندەوە ئەیاننوسی یان ئەوانەی لە دەرەوەی پرۆژەی ڕەهەندەوە بوون، زیاتریان خاوەن دەقی شعری و ڕۆمان بوون، یان هەتا ئەوانەی ڕەخنەشیان ئەنووسی ڕەنگە بە دەگمەن نەبێت ئەگەر نا کەسیان نەبووە خاوەن دەقی شعری نەبێت.

لێرەدا پێموایە سەرەتای خوێندنەوە لە نووسەری دەقەکانەوە پەڕییەوە ناو ڕەخنە، بەوەی نووسەرەکان بەر لە ڕەخنەگرەکان ڕێگەیان بۆ ڕاڤە و خوێندنەوە خۆش کرد، نەوەك ڕەخنە ڕێی بۆ ئەم پرۆسەیە خۆش کردبێت.

هەر لە هەوڵەکانی مەریوان و بەختیار عەلی و هاشم سەراج و کەریم دەشتی و عەبدولموتەلیب عەبدوڵلا و ڕێبوار سیوەیلی و ڕێبین هەردی و نەجات حەمید ئەحمەد و چەندین ناوی دی.

کە رەنگە زۆربەی ئەو ناوانەی سەرەوە خاوەن دەقی شعری و رۆمان بن. کە لە پاڵ دەقەکانیشیاندا دیسانەوە کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی هزری و مەعریفی و فەلسەفی جۆراوجۆریان هەیە.

هەر چۆنێك بێت ئەوەی من لێرەدا ئەمەوێ لەسەری بوەستم ئەوەیە کە خوێندنەوە یان راڤە یەکێك لە سیما سەرەکییەکانی ئەوەبوو، کە تێکست بکاتە سەنتەری خۆی نەوەك نووسەر، کە لێرەشدا لێکترازانێك بەمانا درێداییەکەی لە نێوان نووسەر و هەقیقەت و مانادا دروست بوو، کە ئەمەش وایکرد لێپیرسینەوەی نووسەر لە بەرامبەر ئەو هەقیقەت و مانایانەی ئەو بە تێکستی ئەدا نەبینرێت و تەنیا حساب لەگەڵ تێکست بکرێت کە ئەو خاوەنی گووتە و قسەیە نەوەك نووسەر.

نەمانی پەیوەندی لە نێوان نووسەر و تێکستدا بە مانای بە پەراوێزکردنی نووسەر و سەروەرکردنی تێکست خاڵی نەبوو لە ئیشکالیەت و ئاریشە. لەو ئاریشانە:

1. دووفاقییەك لە نێوان خوێندنەوەکاندا بۆ نووسەر و تێکست. زۆربەی زۆری ئەو رەخنانەی گیراون ئەگەر بە مانای پەیوەندی نەکردنیش بێت بە نووسەر و تەنیا خوێندنەوەو هێرش بێت بۆ سەر تێکست. ئەوا خودی رەخنەکان نەیانتوانیوە تێکستەکان لە ماناکانی نووسەر دەرباز بکەن، ئەویش لەبەر یەك هۆی زۆر ساکار کە ئەوەیە: هیچ تێکستێك نەیتوانیوە لە دەسەڵاتی ماناکانی نووسەر دەربازبێت.
2. ململانێی نێوان تێکست و نووسەر هەمیشە بە سەرکەوتنی نووسەر تەواو بووە. هەر تێکستێك مانایەك یان چەندین ماناشی هەبووبێت مانای نووسەر بووە، نەوەك تێکست.
3. کاراکتەری نووسەر لە نێو دەقە رەخنەییەکاندا لە زۆربەی گووتە زاکانی رەخنەگرەکاندا گەڕانەوە بووە بۆ نووسەر، هەر لە دەستەواژە سادەکان وەك : (نووسەر ئەیەوێ بڵێ، یان بە رای نووسەر، بە بۆچوونی نووسەر و دیتنی نووسەر و هتد، لە ئاستێکی دیکەشدا رەخنە بەردانی ئەو ساتە گەشانەی زمان بووە کە نووسەر گرتوویەتی نەوەك تێکست، یان گەڕان بە نەستی نووسەر و ئاشکراکردنی هاندەر و پاڵدەرە ناوەکییەکانی نووسەر نەوەك تێکست)
4. ئەو نووسەرانەی کە رەخنەییان لێگیراوە، هەر هەموویان هەستیان کردووە رەخنە لە ئەوان ئەگیرێت نەوەك لە تێکستەکان، کە ئەمەش بۆتە هۆی دەمارگرژیی و توڕەبوون تا ئاستی نا ئەدەبیش.
5. بە شێوەیەکی گشتی خوێندنەوە، چ گەڕان بووبێت بە دوای مانادا یان هەقیقەتدا، یان ستاتیکا و چێژدا، نەیتوانیوە تێکست بکاتە سەنتەر و نووسەر پەراوێز بکات.

دیاره من لێرەدا نە نووسەر پەراوێز ئەکەم و نە تێکستیش، لە هەمان کاتیشدا نامەوێت یەکیان ڕەسەن بکەم و ئەوەی دیکەیان ساختە.

ڕەنگە من لە بۆچوونەکەی هایدیگەر نزیك بم، کە پێوابێت هەم نووسەر سەرچاوەی تێکستە و هەم تێکستیش سەرچاوەی نووسەرە.

ئەشکرێت لە خوێندنەوەی جۆراوجۆردا هەم نووسەریش بمرێت و هەم تێکستیش، بەڵام چ مردنێك؟

1. ئەو مردنەی من مەبەستمە، بە هیچ شێوەیەك ئەوەنیە نووسەر پەیوەندی بە تێکستەوە نەمێنێت، ئەگەر چی مێژووی ئازادی نووسەر تا ئەو ساتەیە بابەتی بڵاْونەکردۆتەوە، دوای ئەوە مێژووی خوێنەر دەست پێ ئەکات، بەڵام بەو مانایە نا کە مێژووی نووسەر هەبوونی نامێنێت و ماهییەتەکەی لەسەر کردەی خوێندنەوەی خوێنەردا یان لە ڕەخنەدا جێگەی بایەخ نەبێت، و ڕەخنە لە نووسەر نەگیرێت و تەنیا ڕەخنە لە تێکست بگیرێت.
2. مەرگی نووسەر لێرەدا ئەگەر بەمانای کوشتنی یان دەربازبوون بێت لە سستەمی بیرکردنەوەی نووسەر و خوێندنەوە بتوانێت تێکست بگەیەنێتە سستەمی بیرکردنەوەی خوێنەر. بیرکردنەوەیەکی جیاواز و دژ و ناکۆك و یان هەتا وێکچووش لەگەڵ نووسەردا. ئەگەر نووسەر توانی تێکستێك بنووسێت تیایدا بە ئامراز و کەرەستە مەعریفی و ستاتیکیاکانی وا بکات تێکست ئەو دەلیفەیە بداتە خوێنەر بۆ ئەوەی بە پێی سستەمی بیرکردنەوەی خۆی تێکست بخوێنێتەوە ئەوا کارێکی ئەدەبیانە و ڕەخنەگرانەیە، کە خوێنەر تیایدا ئەبێتە خاوەن مانا و هەقیقەتەکانی نووسەر و تێکست لەیەك کاتدا.ێ ئایا ئێمە چەند تێکستمان هەیە کە بە کردار لە ڕەخنەدا ئەو زەمینەیەی خۆش کردبێت کە خوێنەر بێت و بە سستەمی بیرکردنەوەی خۆی تێکست لە دەسەڵاتی ماناکانی نووسەر دەرباز بکات؟
3. زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم نووسەری مردوو بەو تەرحەوە هێشتا لە ئەدەبی کوردیدا بە دەگمەن نەبێت لە دایك نەبووە. زۆربەی خوێندنەوەکانی تێکستی کوردی (شعر و ڕۆمان) لە دەسهەڵاتی مانا و هەقیقەتی نووسەر دەرنەچووە، دەریش ناچێت چونکە نووسەران بە هەموو تواناییانەوە هەوڵ ئەدەن کۆنترۆڵی مانا و هەقیقەت و کەسایەتییەکانی دەقەکانیان بکەن.
4. ئەم ئاریشەیە وا نەبێت تەنیا وابەستەی خولیا و حەزی نووسەر بێت بۆ کۆنترۆلکردنی تێکست و فەرزکردنی خۆی، بەڵکو زیاتر پەیوەستە بەو ژینگە ڕۆشنبیرییەی نووسەری کوردی تیایدا ئەژی و نووسەری تێدا بەرهەم دێنێت. بە شێوەیەك کە ڕێگە نادات ئێمە خاوەن پیرۆزی و یەقین و ڕاستی و مانا نەبین. هەر نووسەرێك بگریت لەهەر تێکستێکدا، چەندین مانای فەلسەفی و دینی و سیاسی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی و ستاتیکاییت ئەداتێ. بە شێوەیەك کە ململانێیەکی تەواو دیارە لە نێوان ئەوەی نووسەر ماناکانی خۆی و هەقیقەت و جوانییەکان پەلکێشی ناو ئەدەب ئەکات، یان ئەدەب پەلکێشی ناو ژیانی خۆی ئەکات. دیاریشە مەبەستم لە ئاستە سادەیەدا نیە، بەوەی ڕۆماننووسێك بیۆگۆافیای ژیانی

خۆی لە رۆمانێکدا تۆمار ئەکات، یان لە تێکستێکدا زاتییەتی خۆی بەسەر تێکستدا فەرز ئەکات، بەڵکو مەبەستی من زیاتر لەو ئاستەیە کە تیایدا ئەدەب و دەسەڵاتی نووسەر لە تێکستدا ئەکەونە ململانێ و نووسەر ناتوانێت دەسبەرداری ئازادی و مانا و هەقیقەتەکانی خۆی بێت لە بەرامبەر ئازادی تێکستدا.

5. نووسەر بۆ ناتوانێت دەسبەرداری ئازادییەکانی خۆی بێت بۆ تێکست؟ بە دەربڕینێکی سادە چونکە نووسەر ئەیەوێت خۆی بێت، خۆبوونیشی لەو دەسەڵاتەدا ئەبینێتەوە کە مانا و هەقیقەتە رێژەیی و رەهاکانی خۆی بە خوێنەر بدات، جوانییەکانی خۆی لە تێکستدا نمایش بکات، کە لە دەرئەنجامیشدا ناتوانێت خۆی بێت و کۆمەڵێ هەقیقەت و باوەڕ و فەلسەفە و جوانیمان ئەداتێ، کە ناکرێت هەڵوێست و راو بۆچوونەکانی خۆی تێدا بشارێتەوە.

6. نووسەر لە تێکستدا بە هەر شێوەیەك بێت ماهییەتی خۆیمان بۆ نمایش ئەکات، ماهییەتێك کە هەمیشە خەریکی خۆ نیشاندان و خۆ دەربڕینە لە ناو تێکستدا، نووسەر هەردەم ئەیوێت لە پشت تێکست و لەناو تێکستدا دیار بێت. لە دەستەواژە شعرییەکان و لە رۆحی پاڵەوانەکان و رووداوەکاندا، من هەمیشە دژی ئەوەم یەك تێکستی کوردیش توانیبێتی نووسەر کاڵ کاتەوە،چ لە رێی زمانەوە بێت یان لەرێی پاڵەوان و کاراکتەرەکانییەوە بێت.

7. زمانی نووسەر یان پاڵەوانەکانی نووسەر، موڵکی نووسەرەکانن، ئەوان خالقی ئەو نووسەرانەن و خواوەندییانن، هەر بۆیەشە نووسەرەکان زۆر بەوە پەست و تورەن کە رەخنە بێت و پاڵەوانەکانی ئەوان بەکار ببات و لە رێی رووداو و ئەو کەسایەتییەی نووسەر پێی بەخشیوە لابدات. وەك ئەوە وایە تۆ کوڕی یان کچی باوکێك بە رووی باوکی یان دایکییەوە بتەقێنییەوە و یاخیبوونیان لەو ژینگە و ئاسمان و کەشەی رۆمانووس خەلقی کردووە بیانهێنییە دەر و هەوڵی دەرچوون و دەربازبوون بکەن لە دەسەڵات و سنووری نووسەر.

8. ئەو ئەزموونەی هەندرێن و من، پێموایە یەکێکە لە ئەزموونە رەخنەییە هەر جوانەکان و نوێیەکان کە دێت و ململانێیەك لە رێی کەرەستەکانی نووسەرەوە لەگەڵ نووسەر ئەکات، بەوەی تەواوی ئەو دنیایە بڕوخێنێت کە رۆمانووس بە دنیای راستەقیەنەی خۆی ئەزانێت، بە جەوهەری ژیانی پاڵەوانەکانییەوە ئەزانێت.

9. دنیای (هەقیقی) و (جەوهەر)ی نووسین و ، جەوهەری پاڵەوان و جەوهەری رەخنە و جەوهەرەکانی دیکەش، ئەخاتە ژێر پرسیارکردن و ئەکرێت بڵێین جەوهەر چیە؟

10. ئایا شتێك هەیە ناوی جەوهەری نووسەر یان جەوهەری تێکست یان رەخنە بێت؟

11. تا ئێستا من پێموایە نووسەرەکان، چ لە شعر بێت یان لە رۆمان بێت یان لە کردەی خوێندنەوە و رەخنەشدا هەمیشە بە دوای جەوهەردا ئەگەرێن، هەر جەوهەرێك بێت؟ جەوهەری ژیان یان ئەدەب یان نووسەر یان نووسین یان رەخنە یان خوێندنەوە و هتد.....، پرۆسەی بە جەوهەر بوون و جەوهەر گەرایی کردەیەك بووە هەمیشە نووسەرانی مژویل کردووە و تەواوی ئەو دنیا و کاراکتەر و رووداوانەی خەڵقیشیان کردووە بۆ نیشاندانی

جەوهەرێك بووە. کە ئەمەش وایکردووە هەر هەموو تێکستەکان گیرۆدەی مانا و هەقیقەت و جوانی و چێژ بن، کە نووسەریش خۆی گیرۆدەی ئەو شتانەیە.

12. ئەو چەمك و تێگەیشتنانەی نووسەرەکان پێشبەری ئەکەن، بە شێوەیەك لە شێوەکان نەیانتوانیوە، خۆیان لە راوێژکردن و نیشاندان و گایدکردندا بپارێزن، چونکە عەودالی ژیان و گیرۆدەی ماناکانی ژیانن، ئەمەش وایکردووە هەمیشە مانایان پێ بێت و بیفرۆشنە تێکست.

13. نووسەران زۆریان پێیان وایە، نووسەر سەنتەری زانین و راستییە ، چ رێژیی بێت چ رەها، زانین و راستی و هەقیقەت لە لای نووسەردا جەوهەرێکی شاردراوەیە لە تێکستدا یان ئاشکرایە، خوێندنەوەش دێت و کەشفی ئەکات.

14. لەگەڵ هەموو خوێندنەوەکانیشدا هەمیشە، نووسەر سەروەر بووە، لە زۆر ئاستی سادە و باڵاشدا نووسەران شانازی بەو خوێندنەوە و راڤانە ئەکەن کە لەسەر یان ئەنووسرێت، چونکە پێیان وایە نووسین لەسەر تێکستەکانییان ناو و شوهرەت و ناوبانگییان بۆ دروست ئەکات، بۆ ئەوان نەوەك بۆ تێکستەکانییان، خوێندنەوەش هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەوان و بەرهەمەکانییان.

15. لە ئاستێکی دیکەدا نووسینی رەخنەیەکی لەو جۆرەی من و هەندرێن، کە ناوی ئێمەشی لەسەر نەبووە، بۆتە مایەی شۆك بۆ نووسەرانی ئەو بەرهەمانەی کە لەسەریان نووسراوەو بۆ خوێنەرانیش. چونکە نووسینی بەرهەمێك و بڵاوکردنەوەی بە بێ ناو، خۆی لە خۆیدا شۆکێکە بۆ خوێنەر، چونکە تا ئێستا نووسەرانی ئێمە نەیانتوانیوە لە سەر هەر تێکستێکدا بەسەر ناوی خۆیاندا زاڵ بن و تێکست ناوی ئەوان بشارێتەوە، وەك رەمزێکی بچووك بۆ دەلالەتی حازرنەبوونی نووسەر و سەروەری بەخشین بە تێکست، لە لایەکی دیکەشەوە خوێنەر و نووسەری بەرهەمی رەخنە لێگیرا و وەك نموونە بۆ زۆربەی نووسەران و خوێنەران، تەعبیر لەو دۆخە تراژیدییەی رۆشنبیری ئێمە ئەکەن، کە نووسەران و خوێنەران هەمیشە لە دوای ناوی نووسەر ئەگەڕێن، نەوەك بەهاکانی تێکست، کە ئەمەش ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەقلییەتی نووسەرانمان و هەیمەنەی خۆیان وەك ناو نەوەك تێکست لەسەر رۆشنبیری کوردیدا، ئەوەی هەیمەنەی بەسەر رۆشنبیری کوردی دا هەیە ناوی نووسەرە نەوەك بەهای تێکست، ئەمەش وا ئەکات ئەگەر ئەو نووسینەی هەندرێن بۆ نموونە هی نووسەرێك با ناوەکەی هەیمەنەیەکی هەبا لە رۆشنبیری کوردی دا ئەوا بێگومان هەم لای بەختیار عەلی و هەم لای زۆربەی خوێنەرانی کوردیش بە شێوەیەکی دیکە پێشوازی لێئەکرا و کاردانەوەی ئەبوو، ئاخر زۆربەی نووسەرە بە هەیمەنەکانی رۆشنبیری کوردی کەی تاقەتی ئەوەیان هەیە نووسینێك بخوێنەوە کە خاوەنەکەی ناسراو نیە؟ کەیش تاقەتی ئەوەیان هەیە تێکستێکی نووسەرێکی بە هەیمەنە وەك تێکست بخوێنەوە نەوەك وەك خاوەنی تێکستەکە کێ یە؟ بۆ من ئەمەیان دۆخێکی تراژیدی زۆر گەورەیە کە وام لێئەکات لە هەمو ئەو ناوانەش بە گومان بم کە لە دەرەوەی کوردستان و رۆشنبیرییەکانی دیکەش ناویان هەیمەنەی رۆشنبیرییان کردووە، هەر بۆ نموونە ئەگەر باسی ئەفغانستان بکەین یان پاکستان یان هیندستان یان هەر وڵاتێکی

بێ بایەخ و بێ ناو لە رووی ئەو رۆشنبیرییەی زاڵە و توانای هەیمەنەی نیە، ئایا تۆ بڵێت لە رۆشنبیری جیبۆتیدا کەسێك نەبێت تێکستێکی بەقەد بۆدلێر و رامبۆ و لۆتریمۆن و چیخۆف و بەختیار عەلی و هێمنگوای و نووسەرانی دیکە نەبێت؟ تۆ بڵێیت لە ئەفغانستاندا شاعیرییان نەبێت لە ئەدۆنیس و ئۆکتافیۆ باز و ئالیۆت و دەیانی دیکە زیرەکتر و شاعیرتر نەبێت؟ تۆ بڵێیت لە مالدیف نووسەرێك نەبێت لە درێدا و بارت و هایدیگەر و دەیانی دیکە جوانتر نەبێت؟ بۆیەشە لە کوردستاندا ئایا ئەوانەی شاعیری رۆژن و رۆماننوسی رۆژن و دەرگەی دەزگەکانی چاپ و وەشخانەکانییان بۆ لەسەر پشتە، ئایا لە پشت ئەواندا نووسەری کارامەتر و تێکستی لەوانە جوانتر نین؟ ئایا نووسەرانی دیکە نین شتییان لەوان زیاتر لەباردا بێت؟ ئایا هەر بۆ نموونە سایتێکی وەك (ماڵێك لە ئاسمان) ناتوانێت بێتەوە سەر زەوی و تەماشای ئەو نووسەرانە بکات کە لە قوڕو چلپاوی گەڕەکە پیسەکانی سەر زەوییەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوك و دهۆکدا ئەنووسن، شتیان هەبێت لەو نووسەرانەی تێپەڕاندبێت کە لە ئاسمانەوە لە بورجێکی عاجییەوە تەماشای خەڵك و نووسین و تێکستەکان ئەکەن و رەنگە هیچ نەبینن تەنیا وێنە و ئاوێنەکانی خۆیان نەبێت؟ بە کورتی دۆخەکە ئەوەندە تراژیدییە ئەگەر نووسەرانی بە هەیمەنە رووبەڕووی ململانێیەکی جدی نەکەینەوە و لە ئاسمانەوە نەیانهێنینەوە سەر زەوی ئەوا بەهای تێکستەکان تەنیا بۆ ئەو خواوەندانە ئەبێت کە حوکم و بڕیاری رەها لە سەر جوانی و مانا و هەقیقەت و دنیا و ژیان بدەن.

16.دیارە مەبەستیشم لێرەدا لە شاردنەوەی ناوی نووسەر هەرگیز ئەو هەوڵە سادەیە نیە نووسەرێك لە تەوازعی خۆیەوە یان لە ئینکارکردنی ناوی خۆیەوە ناوەکەی لەسەر تێکست دانەنێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە تێکستێك بێتە ناو ئەدەب و رەخنەوە کە لە روحی خۆیدا، بێ ناوی ، هەڵگرێت و ماهییەتی تێکستەکە ناوی نووسەر رەت کاتەوە، واتە تێکست پڕ بە مانای وشە ئازاد بێت لە نووسەر، کە من بۆ خۆشم وەك سەرەتای ئەو جۆرە نووسینە ئەگەڕێنمەوە بۆ هەندرێن حەمەدەمین و منیش لەم نووسینەدا ئەمەوێت پەرەی پێبدەم.

17.رووبەڕووبوونەوەی ئەو دۆخە تراژیدیە، لەو هەوڵە سەرەتایانەی ئەبینمەوە، کە ململانێیەکان لە فکرەوە دەست پێبکەن و لە ماهییەتی ئەو نووسەرانەش بکۆڵینەوە کە لە دووفاقییەکی تەواودا تێکست بێ بەها ئەکەن و خۆیان سەروەر ئەکەن. بۆیە گەڕانەوەی من بۆ تێکست و تێکشکاندنی بۆ پیرۆزکردن و بە رەسەنکردنی نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە:

- یەکەم تێکست لە دەسەڵاتی نووسەر دەرباز بکرێت و ئینجا لە کردەی کوشتنێکدا کە لە ئینتحارەوە نزیکترە پاڵەوانەکان رووبەڕووی بەهاکانی نووسەر ببنەوە و تێکست تێك و پێك بشکێنن.
- دووەم: کوشتنی تێکست ، سەروو ژوورکردنی ماناکان و هەقیقەت و جوانییەکانی نووسەرە بۆ شتێك کە خەمی ئەوەی نەبێت تەواو دژی نووسەر ئەبێت یان لەگەڵی

تەبا ئەبێت، وەك چۆن لە خەمی ئەوەش نەبێت دنیایەکی دیکە بینا ئەکاتەوە یان نا، تەنیا تێکدانی باوەڕ و یەقینەکانی نووسەرە.

- سێیەم: خولقاندنی ئەو ململانێیە لە پێناو شڵەقاندنی ئەو دۆخە تراژیدییەی نووسەری کورد لە رۆشنبیری ئێمەدا شینی ئەکات، هەروەها گەڕانە لە رەهەندێکی دیکەی کردەی خوێندنەوە و رەخنەی کوردیدا.
- چوارەم:لە نێوان تێکست و نووسەردا هاوسەنگییەك هەبێت و کەسیان لەسەر حسابی ئەویتردا نەفی نەکرێتەوە و نەسڕدرێتەوە، لە هەمان کاتیشدا بەکارهێنانەوەی تێکست بۆ رووبەڕووبوونەوەی ماناکانی ناو تێکست و ماناکانی نووسەر.
- پێنجەم:ئیدی رەخنەش تەنیا کردنەوەی ساتە گەشەکانی زمان نەبێت کە تێکست گرتوونی، بەڵکو کردنەوە و گرتنیان بێتەوە لە رێی فانتازیای رەخنەوە. رەگەزی فانتازیا لەو رەخنەیەدا هەوڵێکە بۆ خولقاندنی تێکستێك کە ببێتە میتا تێکستێك لەسەر تێکستی یەکەم و هەروەها میتا تێکستێك کە کردەی راڤە تێپەڕێنێت و ببێتەوە بە تێکستێك لە رەخنەدا و رووبەڕووی تێکستی یەکەم ببێتەوە.
- لەم جۆرە رەخنەیەدا، رەخنەی فانتازی خۆیشی ئەبێتەوە دەقێکی نوێ، کە لە روحی شعر و هەندێ ماناکانی شعرەوە نزیکە، بۆ روونکردنەوەی ئەو هەندێ، لە ماناکانی شعرەوە تکایە لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا سێ گووتار بە ناوی شعر و خوا و شعر و شەیتان و شعر و تراژیدیا بخوێنەوە.

## پێنچەم: پێوەر:

لێرەدا ئەگەر بە کورتیش بێت ئەگەڕێمەوە بۆ بۆچوونی نیچە بۆ مێژوو، دیارە لای نیچە مێژوو سەرکەوتنی ئەو هێزە خێرخواز و هەقیقەتخوازانە نیە بەسەر هێزە شەڕانییەکان و نا هەقیقییەکان یان دوژمنانی هەقیقەت، هەر هێزێك کە دەسەلأت ئەگرێتە دەست جۆرە ئەخلاقێك دا ئەهێنێت کە بەرژەوەندییەکانی بپارێزێت، بۆ من پێوەری نووسەر و رەخنەگرانیش کردەیەکە زۆر دوور نیە لە ماناکانی خوێندنەوەی نیچە بۆ مێژوو، رەخنەی کوردیش و نووسەرانی تێکستیش بڕوایان بەو پێوەرانە هەیە کە ئەوان خۆیان دایئەهێنن و بە سوود وەرگرتن لە زۆر سەرچاوەی رەخنەیی و مەعریفی جۆراوجۆرەوە، بۆ ئەوەی شێوە و مانا و هەقیقەتەکانی خۆیان بکەنە بەهای هەقیقی تێکستەکان و بەو پێوەرانەوە تێکستەکان بپێون ،کا چەند لەوماناکانەوە نزیکە کە لەگەڵ ئەخلاقی نووسینی ئەوان کۆك و تەبایە؟! بۆ من ئەو کردەیە ، پێوەرەکانی تێکستی کوردی و رەخنەی کوردی، ئەگەر تێکستێك یان رەخنەیەك نەکەوێتە ناو ئەخلاقەوە ئەوە شایانی قبوڵ کردن نیە و ئەبێت رەت بکرێتەوە، رەتکردنەوەی ئەو رەخنەیەی ناتەباییە لەگەڵ ئەخلاقی نووسەرەکان لە پێویستییەکەوە دێت کە لە دەرەوەی پرۆسەی نووسین و تێکستەکانە، بەڵکو هەموو کاتێك کۆمەڵێ (پێویستی دەرەکی)

ئەبینرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو رەخنانە رەت بکرێنەوە، چونکە لەگەڵ پێوەری ئەو نووسەرانە ناگونجێت و ململانێ ئەکات،

یەکێك لە پێوەرە باو و کەییەکانی رەخنەی کوردی، (ئەکادیمیایە)، کە وشەی ئەکادیمیا، ئەوەندە سواو بووە کە هەر نووسەرێك بۆ رەتکردنەوەی هەر کارێکی رەخنەیی یان لێکۆڵینەوە یان هەر تێکستێکی دیکەدا کە لەگەڵ ئەخلاقی ئەو ناگونجێت و بەرژەوەندییەکانی ئەو ناپارێزێت بۆ رەتکردنەوەی ئەو رەخنەیە بەکاری دێنێ. وەك ئەوەی ئەوەی دەرچووی زانکۆ نەبێت و ئەکادیمیانە نەنووسێ ئەوە ئەو ناتوانێت هیچ بڵێت؟!

دووەمیشیان راڤە یان تەئویلە، کە ئەویش دیسانەوە رەخنەی هاوێشتۆتە قوڕنەیەکەوە کە هەر کەسێك لەو قوڕنەیەوە نەنووسێت، ئەوە لە دەرەوەی گەمەکانی رەخنە و نووسینی رەسەن و تێکستی مەعریفی و هزرییانەیە، تەوژمی دووەم، رەخنە لە خوێندنەوە کورت ئەکەنەوە، خوێندنەوەیەك کە پەیوەندی بە نووسەرەوە نەبێت بەڵکو تەنیا سەودا لەگەڵ تێکست بکات، من بۆ خۆم پێموایە، ئەو تەوژمە کە زیاتر لە دوای سەرهەڵدانەوە پەرەی بە خۆی دا، هاوکات بوو لەگەڵ بێدەنگ کردنی رەخنەی سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هتد..لە کوردستاندا، من پەیوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێز لە نێوان بێدەنگ کردنی خەڵکی لە بەرامبەر حزب و هێزە زلەکانی کوردستان لە کایەی سیاسیدا و بێدەنگ کردنی خەڵکی لە بەرامبەر دین و بەتایبەتی ئیسلام بە گشتی و پەرەسەندنی ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، لەو لاشەوە لە کایەی ئەدەبدا هەمان بێدەنگ کردن دروست بوو لە بەرامبەر ئەو دەنگانەی کە بوونەتە رەمزی نەتەوەیی و رۆشنبیری لە کلتوری کوردیدا.

لە یەك کاتدا کە زلهێزەکانی کوردستان ئەیانەویست هەموو خەڵك لە بەرامبەر کوشتن و تاوانەکانی شەڕی ناوەخۆ و گەندەڵی و بەدکارییەکان بێدەنگ بن و رەخنە نەگرن، و هێزە دینییەکان و رەمزە دینییەکانیش لە هەمان کاتدا ئەیانەویست کەسێك نەبێت رەخنە لە فەتوا و هێرشەکانی تیزاب و وانە تەکفیرییەکان و هێلە سیاسییەکانی ئەوان بگرێت، رێك لەو کاتەدا، (حەسار و سەگەکانی باوکم) ی شێرزاد حەسەن لە دایك بوو، کە هاوکات بوو لەگەڵ ئەو بەهایانەی سیاسەت و دین لە کوردستان ئەیانچاند، ئەوە ئەدەبیش لە رێی رەمزێکی گەورەی خۆیەوە، هەمان بەهای بێدەنگ کردنی ئەچاند. بەوەی نەمانی باوك_دەسەڵات_ ئەوە کوڕو کچەکان سەرگەردان ئەکات و فەوزای لە دواییەوە دێت، ئیدی بێدەنگی و نەکوشتنی باوك باشترە لە کوشتن و نەهێشتنی باوکە سیاسی و دینییەکانمان، دواتریش و لەگەڵ پەرەسەندنی ئەو بێدەنگییەدا، گووتارێکی دیکە دێت و داوامان لێئەکات ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات بەیەك چاو ببینین و بە یەك ماهییەت بیانخوێنینەوە، هەورەها ئەو رەوتە ئێستاش لە هەموو کاتێك بەهێزتر و پتەوترە و رەخنەی ئەدەبیش ئەوەندەی ئێستا تێکست و بەهاکانی تێکست و هەقیقەتەکان و ماناکانی لە نووسەرەوە دوور نەخستۆتەوە، لە رووی سیاسیشەوە ئەوە دیسان هەمان تەوژم کاری خۆی ئەکات و هەتا گەندەڵی و ئەو بێ سستەمییەی لە کوردستانیشدا

هەیە بەوە لێك ئەدرێتەوە کە پەیوەندی بە سەرۆك و سەرەگەورەکانی سیاسەتەوە نیە، بەڵکو ئەوە ئەو ئەندام و کادیرە بچووکانەی ناوەند و بنەوەن هۆکاری ئەو ئاژاوە و کایۆسە.

بە کورتی ئەمەویت ئەوە بڵێم، پێوەرە رەخنەییەکانی ئەمرۆی ئەدەبیاتی کوردی، پەیوەندییەکی توند تۆڵی بە دەسەڵاتی سیاسی و دینییەوە هەیە لە کوردستاندا، زۆربەی تێکستەکان گوێزانەوەی هەمان ئەو دۆگمایانەن لە سیاسەتەوە بۆ دین و بۆ ئەدەب، دیاریشە ئەو بەهایانە لە کایەکانی هونەر و سینەما و شانۆ و شێوەکاری و هەتا میوزیکیشدا دیارن و ئاشکران.

بەکورتتر ئەگەر سیاسی و دینییەکان داوای بێدەنگیمان لێ بکەن، ئەوە نووسەرەکانی کوردیش بە هەمان شێوە داوای رەخنەیەکمان لێ ئەکەن کە پەیوەندی بەوانەوە نەبێت، بەڵکو تەنیا ببین و تێکستەکانییان بخوێنینەوە، لە ماناکان بگەرێین و کەشفیان بکەین و بەس، ئەوە پێوەری ئەو بەرێزانەیە کە زۆربەی بڵاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامە و سایتە ئەلکترۆنییەکان باوەشیان بۆ کردۆتەوە، بۆیەشە نووسین راستەوخۆ لەسەر سەرۆکەکان، لەسەر رەمزە دینییەکان و لەسەر نووسەرەکان وەك یەك وایە، تورەبوونی نووسەرەکان هیچی لە تورەبوونی سەرۆك و مەلایەکان کەمتر نیە، رادەی رەتکردنەوەی نووسەران بۆ رەخنە لە وانی دی ، بێ هێزتر نیە.

چونکە ئەوان پێوەرێکیان هەیە تا ئەو ئاستە برِ ئەکات، تۆ تەنیا خوێندنەوە بکەیت و ماناکان بدۆزییەوە و دوای ئەوە بێدەنگ بیت، ئەو مانایانەی ئەیدۆزییەوە نەپەرێتەوە سەر میتای سێیەم، کە رووبەرِوونەوەی نووسەرە بەو مانا و هەقیقەتانەی نووسەر لە تێکستەکەیدا ئەماندا‌تێ.

هەر بەو پێوەرەوە، نووسەرەکانیش دەقی مردوو و نەمر، باش و خراپ، جوان و ناشیرین، مەعریفە و جەهل، رەسەن و نارەسەن، هەقیقی و وەهمی، پرمانا و بێ مانا و هتد..، لەبەرامبەر یەکتریدا ریز ئەکەن و بە پێوەرەکانیشیان ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەوان نەپارێزێت ئەوە فاشیلن و سەرکەوتوو نین، ئەوە رەخنە نین و جەهلن، ئەوە سەلەفین و نوێخواز نین، ئەوە دۆگماییین و نوێکەر نین، ئەوە نەزانن و لێزان نین.

پێوەرێك کە تا ئێستا نەیتوانیوە (جیاوازی) بناسێت و لە نێوان نووسەرەکاندا جیاوازی بکاتە پێوەر ، نەوەك ئەو بەهایانەی لەسەرەوە باس کران، بەوەی بگەنە ئەوەی (ئاست) لە نێوان تێکست و ناوەکاندا بسرێتەوە و بۆ یەك ساتیش رابمێنن کە ئایا ئەبێت لە نێوان هەر نووسەرێك و نووسەرێکی تردا، ئەوەی هەیە ئاستی بڵند و نزمە، یان جیاوازییە، ئەوەی لە نێوان نووسەرەکاندا هەیە، جوانی و ناشیرینی یە، یان جیاوازی، ئەوەی لە نێوان نووسەرەکاندا هەیە سەرکەوتن و فەشەلە، یان جیاوازی؟!

زۆربەی نووسەرە ئەزیزەکانمان رەنگە تێگەی (پاڵەوان و قارەمان) لە (مەم) ە وە بۆ (بەکۆ) بگوازنەوە، بەڵام تا ئێستا مەودای بیرکردنەوەی بۆ ئەوە نافرێت کە (پاڵەوان و قارەمان) وەك تێگەیەك زادەی بیرکردنەوەی ئەوانە و ئەوەی ئەیکەن تەنیا گۆڕینی ناو و کەسەکانە و تێگەکانیش هەروەك خۆیان ، بە دۆگمایی ئەمێننەوە، ئیش کردنی ئەو پێوەرە تەنیا ئیشکردنە لەسەر ناو و ناسنامەی پاڵەوان و قارەمان، بێ ئەوەی لە رەگەوە بێن و ئەو تێگەیانەمان بۆ بهەژێنن، چونکە سڕینەوەی ئەو تێگەیانە و بەتاڵکردنەوەیان لە مانا و جوانی و جەوهەر و هەقیقەت، لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەوانە، ئەوان بە پێوەرەکانییان ئەڵێن ئێمەین پاڵەوان نەوەك ئەوان، جا ئێمە ئەگەر بە مەجازەوە قسە بکەین، ئەوە (بەکۆین) ئەوانیش (مەمن) کە تا ئێستا رۆشنبیری کوردی بە پاڵەوانی ئەناسێت، ئیدی پێوەری ئەو نووسەرە بەرێزانە ئەوەیە کە رۆشنبیری کوردی پاڵەوانێکی دیکە بناسێت کە پاڵەوانی هەقیقیە، کە ئەویش (بەکۆیە) نەوەك (مەم) وەك ئەوەی (سەدام) پاڵەوان نیە و (هەر سەرکردەیەکی کورد) پاڵەوانە، یان ئەو سەرکردە کوردانەش پاڵەوان نین و (پێغەمبەر) پاڵەوانی هەقیقی یە، هەروەها رەمزە ئەدەبییە سەلەفییەکانیش (خانی) وەك نموونە، پاڵەوان نیە، بەڵکو ئەوە منم پاڵەوان.

ئیدی کوشتنی پاڵەوانێك و لەدایك بوونی پاڵەوانێکی دیکە، هەقیقەتێکە ئەو پێوەرە ئەماندات و وەك پێویستیش لەسەر مان ئەسەپێنێت کە بڕوای پێبکەین، وەك باوەڕ وەریبگرین.بێ ئەوەی رەخنەی ئەوە بکەین، تۆ خودایەك ئەکوژیت و خودایەکی دیکە دروست ئەکەیتەوە، رەمزێك ئەکوژیت و رەمزێکی دی بەیان ئەکەیت، ئیدی سوڕانەوەمان لە ناو ئەو بازنەیەدا، ئەرکی ئەو پێوەرەیە، کە ئەو نووسەرانە سەرئەخات و ئەیانکا بە داڕێژەری ئەو پێوەرانەی ئەدەب و دنیا و ژیان لە بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا کورت ئەکەنەوە.کە دیاریشە جیاوازی، یەکێکە لەو بەهایانەی لە ناو ئەو پێوەرەدا جێگەی نابێتەوە.

لۆگۆسێنترالیزم، بەهای ئەو پێوەرەیە، کە هەر لە دادگەکانی پشکنینەوە تا ئێستا درێژ ئەبێتەوە و لەناو مێشك و دەروونی ئەو نووسەرانەدا وەها رەگی داکوتاوە، کە ئەبێت هەموو رەخنەکان بە دەوری ئەودا بخولێنەوە و ئەوان چەقی ئەدەب بن، هەروەك ئەم دیاردەیە زۆر بە روونی لەو سایت و لینکانەوە بە ئاشکرا دیارە و (جیاوازی دەنگەکان) و (داواکردنی بەردەوامی سایتەکان کە بابەت لە شوێنی دیکەدا بڵاو نەکەنەوە) بابەتە (نوێکان) بەتەنیا بۆ ئەو سایتانە بنێرن، هەموویان بەڵگەی زۆر سادەی ئەو ئەقلیەتە سێنترالیزمەن. کە تیایدا نووسین بە جارێ ئەبێتە نوکتەی مەعریفی.

کاتێ (گالیلۆ)یان لە سێدارە دا، دوو تاوانیان ئاراستە کرد،یەکەمیان دژایەتیکردنی بیروباوەڕی کەنیسە و دووەمیشیان هەوڵدانی بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەڕانە بە زۆرترین رێگە و شێوە.

بڵاوکردنەوەی رەخنەکانی ئێمەش بە زۆرترین شێوە و لە زیاد لە سایتێك و لە گۆڤارێك و بڵاوکراوەیەك، تاوانێکە لە بەرامبەر ئەو رەخنانەی دیکەی لێمان ئەگیرێت، وەك چۆن هەموو یان زۆربەی کەناڵەکان و پەیوەندییەکان بەرامبەر بە سیاسییەکانی کورد و دینییەکان کراوەن، ئەوە بە هەمان شێوە رەمزە ئەدەبییەکانیش کاتێك تێکستێك ئەنووسن و لەگەڵ بەرژەوەندی کۆمەڵێ کەناڵ تەباییە و کۆکە، ئەوە بڵاو ئەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر بابەت لە بەرژەوەندی سایت و بڵاوکراوەکە نەبوو، ئەوە بە بەهانەی سەنتەری بوونی خۆیانەوە بڵاو ناکرێتەوە.هەر سایتێکیش بابەتێکی بۆ بێت و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەو کۆك نەبێت ئەوا بە بەهانەی (دەنگی جیاواز)ەوە قبوڵ ناکرێت.

لێرەدا لەبەرامبەر ئەم بە سەنتەریبوونەی کەس و نووسەران و رۆچوونی ئەو ئەقلییەتە بەناو جەستەی ئەدەبیاتی کوردیدا، بەڵگەی رەهەندەکانی ئەو پێوەرەن کە خودی ئەو نووسەرانە بە رەخنەی کوردیان فرۆشتووە.

رەخنەیەك کە تەنیا بۆی هەیە چەپڵە بۆ بەها و مانا و هەقیقەتەکانی نووسەر لێبدات و تووشی بچووکترین رووبەڕووبوونەوەی فکرییان نەکات.

لە فەرهەنگی ئەو پێوەرەدا زۆر بە ئاسانی وشەکانی (جەوهەر و هەقیقەت و مانا و جوانی و رەسەنایەتی و نەمری و کرۆك و دەیان دەستەواژەی دیکە ئەبینییەوە) کە تەنیا خزمەت بە نووسەرەکان ئەکات و ئەیانکاتە (پاڵەوان و قارەمان و خوداوەند).

1. بيتر سلوتردايك، "الانجيل" الخامس لنيتشه، ترجمه على مصباح، منشورات الجمل المانيا 2003 لاپەڕە 66-69"

2. هكژا تكلم زرادشت، كتاب للجميع و لغير احد، ترجمه على مصباح، منشورات دار الجمل، كولونيا (المانيا) 2007

3. بيتر سلوتردايك، "الانجيل" الخامس لنيتشه، ترجمه على مصباح، منشورات الجمل المانيا 2003 لاپەڕە 92.

4. هكژا تكلم زرادشت، كتاب للجميع و لغير احد، ترجمه على مصباح، منشورات دار الجمل، كولونيا (المانيا) 2007

5. بابان سەقزی، گاتا سرووده پیرۆزەکانی زەردەشت،لاپەڕە 81، وەزارەتی رۆشنبیری زنجیرە"488" 2006سلێمانی.

6. بابان سەقزی، گاتا سرووده پیرۆزەکانی زەردەشت،لاپەڕە 87، وەزارەتی رۆشنبیری زنجیرە"488" 2006سلێمانی.

7. هكژا تكلم زرادشت، كتاب للجميع و لغير احد، ترجمه على مصباح، لاپەڕە39منشورات دار الجمل، كولونيا (المانيا) 2007

8. ئازاد بەرزنجی، لاپەڕە پەرشەکان، چەند دەقێکی وەرگێڕدراو و نووسراو، وتاری جاك درێدا ، مەرگی نووسەر، لاپەڕە 155، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005

9. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

10. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

11. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

12. رۆلان بارت، رەخنە وهەقیقەت و: ئیسماعیل زراعی. لاپەڕە 13

13. ئازاد بەرزنجی، لاپەڕە پەرشەکان، چەند دەقێکی وەرگێڕدراو و نووسراو، وتاری جاك درێدا ، مەرگی نووسەر، لاپەڕە 155، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005

14. هكژا تكلم زرادشت، كتاب للجميع و لغير احد، ترجمه على مصباح، لاپەڕە39منشورات دار الجمل، كولونيا (المانيا) 2007لاپەڕە 37.

15. صفاو عبالسلام على جعفر،هيرمينوگيقا (تفسير)"الاصل ڤى العمل الفنى)دراسه ڤى الانگولوجيا المعاصره
16. صفاو عبالسلام على جعفر،هيرمينوگيقا (تفسير)"الاصل ڤى العمل الفنى)دراسه ڤى الانگولوجيا المعاصره
17. (د. کەمال محەمەد، نیهلیزم و رەهەندەکانی بیرکردنەوە، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005 بڕوانە لاپەڕەکانی 32-47)
18. بيتر سلوتردايك " الانجيل" الخامس لنيتشه، ترجمه: على مصباح، منشورات الجمل، كولونيا- المانيا 2003

## پاشکۆ:

# شعر و خودا

دەسپێك:

با به گومانەوە  دەست پێبکەین، بەوەی شعر چیە و خوا چیە بۆ ئەوەی لەم بابەتەدا پێکەوە کۆببنەوە؟ پرسیارکردن پێکەوە لە شعر و لە خودا، پرسیارکردن و گەڕانێکە جیا لەوەی کە بە جیا و بێی یەکدی باسیان بکەین. کۆکردنەوەی شعر و خوا ئەبێت چ پرسێکی لە پشتەوە بێت و بیەوێت خوا و شعر بکاتە چ بابەتێك و پرسێك؟ ئامانجی کۆکردنەوەی ئەو دووانە لە چیدا بەرجەستە ئەبێت؟

بە گومانەوە دیسان ئەڵێم رەنگە خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی هەردوو بابەتی شعر و خوا رەنگە بەس بێت بۆ ئەوەی پێکەوە لێیان بکۆڵینەوە و چەندین پرسیار و گومان پێشکەش بکەین؟ بەڵام بۆچی؟ ئایا ئەو پرسیارانە چین کە ئەکرێت سەبارەت بە جیاوازی و وێکچوونەکانی شعر و خوا بکرێن؟ لەسەر چ بنەمایەکەوە ئێمە ئەو پرسیارانە ئەکەین و بەرە و چ ئاقارێکی ئەدەبی یان فەلسەفی یان زانستی یان میتافیزیکی و زمان و ئەفسانە و لێکدانەوەیەك و رەخنەیەك و خوێندنەوەیەکەوە بۆ ئەم ناوانەوە ئەڕۆین؟

بە کورتی لەپشت ئەو جیاوازی و وێکچوونانەوە ئەمانەوێت چی بڵێین و چۆن بیڵێین و بۆچی بیڵێین؟

ئایا پرسیارکردن لە خودی شعر و لە خودی خودا پێکەوە پرسیارێکن لە چی و بە چ رێباز و مێتۆدێکەوە ئەو پرسیارانەمان دا ئەڕێژین؟

بە گومانەوە ئەڵێم رەنگە کۆکردنەوەی شعر و خودا لەم بابەتەدا گەڕانێك بێت لە ماناکانی تری شعر و خوا پێکەوە. لە ماهییەت و شووناسەکانییان لە تێکستێکدا کە ئەیەوێت لە بەرامبەریاندا رابمێنێت و هەر بە وشەشەوە هەندێك لە گەڕانەکانی خوا و شعر باس بکات کا ئەوان ئەگەر لە بابەتێکدا کۆبوونەوە ئەتوانین چی لە گەڕانەکانی ئەوان بە تەنیشت یەکدا ببینینەوە؟ بە مانایەکی تر ئەگەر خوا و شعر لەگەڵ یەکدیدا بکەونە گفتۆیەکەوە ئەبێت باسی چی بکەن و چۆن یەکدی و ئەویدی بخوێننەوە؟ ئەبێت تەماهییەکانی ئەو دیالۆگە چەند گەورە یان گچکە بێت بۆ ئەوەی مانای دیکەمان بدەنێ؟ ئەبێت شعر و خوا چۆن وێنای خۆیان بکەن لەبەرامبەر یەکدیدا؟ ئەبێت چ پرسیار لەسەر ماهییەتی یەکدی بکەن؟

ئیدی رەنگە لێرەوە کە ئێمە دیالۆگێکی شیمانەیی و فەرەزی لە نێوان خوا و شعردا دائەمەزرێنین سەرەتایەکە بۆ جۆرە خوێندنەوەیەکی شعرییانە و خودایانە وەك دوو بوونەوەری فانتازی ئامادە لەم نووسینەدا لەو رەهەندەوە تەماشای قسەکانییان ئەکەین. نەوەك لەدەرەوەی شیمانەکانی خۆماندا، چونکە دیسانەوە ئەگەر بە گومانیشەوە بێت بەڵام دیارە ئاگاییەك دەستمان ئەگرێت بۆ ئەوەی ئاگادارمان کاتەوە لەوەی شعر و خوا وەك دوو بوونی فانتازی و خاوەن پرسیاری جیاواز و دیتن و روانینی هاودژ و وێکچوو بۆ جیهان و دونیا و زمان و وەك دوو بابەتی هاوکۆك و هاودژ لە ماهییەتی خۆیاندا لەگەڵ یەك ئەکرێت لە بابەتێکەوە پێکەوە کۆبکرێنەوە و دیالۆگێك دروست بکەن کە خەمێکی مەعریفی و گەڕانێکی شیمانەیی و ئازادانە و فانتازییانە بە خۆیەوە هەڵگرێت.

دیاریشە ئەگەر لە زۆر رووی دیکەوە تەماشای پەیوەندی شعر و خوا بکەین ئەوە ئەتوانین لە رووی واقیعی و مادیشەوە لە زۆر رووی ئەو پەیوەندییە بکۆڵینەوە هەر بۆ نموونە ئەگەر باس لە

بنیاتەکانی شعر بکەین و لە ڕێی دینەوە ئەتوانین پەیوەندییەکی زۆر توند و تۆڵ لە نێوان شعر و خوادا ببینینەوە، لە شعرە دینییەکان و شعرە زۆرەکانی سۆفییە بەناوبانگەکانی ئیسلام و کورد بە دەیان و سەدان ئەزموونی گەورە و جوان ئەبینینەوە کە پەیوەندی شعر و خودا لە زۆر ڕووەوە باس ئەکەن. یان هەتا لە پەیوەندی شعر و سیاسەتدا ، لە پەیوەندی شعر و کۆمەڵدا، شعر و فەلسەفەدا، شعر و زانستدا، شعر و پەروەردەدا دیسانەوە ئەکرێت لەو سەرچاوانەشەوە دیسانەوە پەیوەندی شعر و خودا بدۆزینەوە.

کەواتە باسکردنی پەیوەندی نێوان خودا و شعر باسێکە نوێ نیە لە ڕووی زەمەنییەوە، باسێکە یەکەمین و دواهەمین نیە، باسێك نیە غەریب و نامۆ بێت نە بە شعر و نە بە خوا، ئەوە نیە شعر و خوا لە شوێنێکی دیکە و لە زەمەنی دیکەدا ڕووبەڕووی یەکدی نەبووبنەوە، هەر بۆ نموونە لە ڕێی ئیسلامەوە خوا ڕووبەرووی شعر بۆتەوە و قسەی لەسەر کردووە، شعریش لە زۆر بوار و باردا قسەی خۆی لەسەر خوا هەبووە. پێغەمبەری ئیسلام و باوەڕدارانی خوا لە زۆر بۆنەوە باسیان لە شعر کردووە.

بەڵام ئەوەی لێرەدا کە جێگەی مەبەستی منە ئەوە نیە بەو ڕووبە ڕووبوونەوانە دابچینەوە یان تۆماریان بکەین، ئەوە نیە باس لە بنیاتی دینی یان خوداییانەی شعر بکرێت، ئەوە نیە لە شعردا لە خودا بگەڕێین و لە خوادا لە شعر بگەڕێین. دەستنیشانی ئەو شعرانە بکەین کە باسی خوایان کردووە و ئەو خوایانەی باسی شعرییان کردووە. مەبەستمان ئەوەش نیە کە سیفەتێکی شعرییانە بە خوا ببەخشین و سیفەتێکی خواییانە بدەینە شعر.

ئەوەی مەبەستمانە ڕەنگە تەنیا ئەوەبێت گەڕانێك بێت لە جیهانی شعر و جیهانی خودا بۆ ئەوەی بگەینە هەندێ مانای ئەو دوو بوونەوەرە فانتازیانە، بۆ ئەوەش ڕەنگە سەرەتا پێویست بەوە بکات لێرەوە تۆزێك لەسەر چەمکی بە فانتازیاکردنی خوا و شعردا بوەستین.

شعر و خوا وەك دوو بوونەوەری فانتازی:

سەرەتا ئەبێت ئەوە بڵێم، هەر قسە کردنێك سەبارەت بە شعر و بە خوا وەك بوونەوەرێکی فانتازی، لە ناچاری و جەبرێکەوە ئەکرێت، کە جەبری میتۆد و جۆری پێشبەرییەکەمانە لەم باسەدا، ئەگەر نا نە شعر و نە خوا چ وەك بووێکی فانتازی و چ وەك بووێکی بەدەر لە فانتازیا ناکرێت لە فۆرمێکدا دیلییان کەین و تەنیا یەك یان چەند مانایەکیان پێببەخشین، نە شعر و نە خودا دوو بوونەوەر نین بتوانین لە ڕێی زمانەوە شووناسێکی نەگۆڕییان بدەینێ، بابەتێك نین بتوانین لە جۆرە تێگەیشتنێکی خۆماندا بەندیان کەین و ماناکانی دیکەیان لێ بستێنینەوە، بەتایبەتی وەك لە باسێکی ئاوادا کە شعر و خوا وەك فانتازیا پێشبەر ئەکەین، ئێمە لێرەدا هەوڵ ئەدەین مانای کۆنکریتی بەو دوو چەمکە نەدەین، بەڵام ئەمە هەوڵێکە و ئەکرێت سەر بگرێت و ئەگەری ئەوەش هەیە سەر نەگرێت. کرانەوەی ئەگەرەکان بەرووی ئەو چەمکانەدا شتێك نیە نامۆ بێت بە خودی هەردوو چەمك و بە شێوەی بابەتێك کە تەماهی ئەکات خۆیشی ببێتە فانتازیا. بە فانتازیا بوونی بابەتەکان خۆی لە

خۆیدا دەرگە کردنەوەیە لەسەر نە سەلماندن و نە گرتن و دانپێنەدانان و دانەمەزراندنی مانایەك یان چەند مانایەکی کۆنکریتی. دانەمەزراندنی ئەم سەلماندنەش پەیوەندی بە خودی فەنتازیا و شعر و خواوە هەیە لە سەرێك و پەیوەندی بە منی تێگەیشتوو لەو چەمکانەوە هەیە لە سەرێکی دیکەوە.

لێرەدا ئەگەر ئێمە بەوە دەست پێبکەین کە فانتازیا جۆرە دەسەلاتێکە یان هێزێکە یان وزەیەکی هۆشمەندییە بۆ ئەوەی بەو وزە و هێز و دەسەلاتەوە لەو چەمکانە بکۆڵینەوە، ئەوەش رەنگە لە سەرەتادا ئەگەری گومانکردنی بێ بن و بێ کۆتاییمان بۆ بڕەخسێنێ بەرامبەر بە قسەکانمان، کە وتەکانمان لەسەر خوا و شعردا پڕکەین لە گومان و پرسیار و وەڵامی هۆشمەندانە کە هەمیشە ئاقاری رێژەیێ بوونی وەڵامەکانمان لە لادا گەورەتر و فراوانتر بکات. ئەوە نەکات بگەینە بڕیاری رەها و ئەو وزەیە لە فانتازیا بستێنینەوە کە وامان پێبڵێت کە فانتازیا تەنیا کردەیەکە بۆ زاخاوی مێشك و وای نابینێت کە فانتازیا پەیداکردنی دەسەلاتێك و وزەیەکە کە لەدوا جاردا کاریگەری تەواوی ئەبێت بەسەر تێگەیشتن و ئاراستەکانی بیرکردنەوەمان و تەماشاکردنی بابەتەکان.

کەواتە لێرەدا وەك سەرەتا ئەمەوێت حورمەتێك بە پرسیارە فەرزەییەکانی مرۆڤ و وزەی فانتازیا ببەخشمەوە کە چۆن ئەتوانێت کاریگەر بێت لەسەر مێشکی مرۆڤ و ئاراستەکانی بیرکردنەوەی.

فانتازیا کە ئەگەری نەسەلماندن و نە سەپاندنی مانایەکمان ئەداتێ، خۆی لە خۆیدا ئازادییەك بە بیرکردنەوەمان و هۆشمەندیمانەوە ئەبەخشێت بۆ ئەوەی لە شعر و خوا نزیکتر ببینەوە و جورئەتی ئەوە بکەین کە لە نزیکبوونەوەمان لەو دوو چەمکەدا بە جیاواز لە هۆشمەندی و وشیاری کەسەکانی دیکەوە تەماشای بابەتەکان بکەین و بیانخوێنینەوە، کە خودی خوێندنەوەکەش رەنگە زۆر شتمان لەلا بڕوخێنێت و هیچیشمان لە لا دروست نەکات، کە لێرەشدا رەنگە زیاتر لە شعر نزیك ببینەوە و لە خودا دوورکەوینەوە.

کەواتە رەنگە لێرەدا وەك سەرەتایەك بۆ قسە کردن لە خواو لە شعر دا ئەوە ببینین کە شعر و خودا کاتێك ئەبنە فانتازیا رەنگە فانتازیا زیاتر لە دونیای شعرەوە نزیك بێت نەوەك لە خودا، دیاریشە بۆ پێوانەکردنی مەودای دووری فانتازیا لە خودا و لە شعردا ئەویشیان رەنگە پێوەرێکمان پێنەبێت بۆ ئەوەی بە تەواوی و بێ گومانکردن دووری و نزیکی هەردووکیانەوە بسەلمێنین، رەنگە ئەو کارەیان تەنیا لە رێی کەشفکردنی ماهییەتی فانتازیای هەردووکیانەوە مەیسەر ببێت نەوەك بە شتێکی دیکە.

پرسیارێك لێرەدا بێتە پێشێ ئەوەیە ئایا چ جیاوازییەك لە نێوان خودا و شعر ئەمێنێت لە کاتێکدا کە ئێمە هەردووکیان وەك فانتازیا پێشکەش ئەکەین؟ یان بە شێوەیەکی دی پرسیار بکەین، کە فانتازیا رابەرمان بێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی خواو شعر ئایا فانتازیا ئەبێت چەکی جیاوازی هەبێت بۆ رووبەڕووبوونەوەی شعر و خوا؟ یان ئەبێت شعر و خوا هەڵگری چەکی جیاواز بن لە رووبەڕووبوونەوەیاندا بەرامبەر بە خوا؟

لەو دوو پرسیارەدا رەنگە بتوانین ئەوە ببینینەوە کە فانتازیا ئەو دەسەلاتە رەهایە بێت کە هەمیشە وزەی نە سەلماندن و نە سەپاندن لەناو خۆیدا هەڵبگرێت، خودا رەنگە ئەو دەسەلاتە بێت کە

هەمیشە خۆی لەو دەسەلاتە رەهایەدا نمایش ئەکات کە بوونی خۆی بکاتە بوونێکی مادی هەستپێکرا و سەلما و و سەپاو. شەڕی خوا لەگەڵ فانتازیادا وەك شەڕی شعر نیە لەگەڵ فانتازیادا. شعر رەنگە هەر لەسەرەتادا شەڕ لەگەڵ فانتازیا نەکات ، بە پێچەوانەوە رەنگە فانتازیا بەردەوام خۆی لەشەڕی شعر بپارێزێت چونکە شعر خۆی لە خۆیدا لە زۆر رووەوە بوێکی فانتازییە و ئەکرێت فانتازیا وەك بەشێکی سەرەکی ئەگەر تەواوی شعر نەبێت تەماشا بکرێت.

بەلام لەگەڵ خوادا وانیە ، خوداش کە لەسەرێکەوە بووێکە فانتازییە و ناگیرێت و ناسەلمێندرێت و ناسەپێت بەسەر هەمووانـدا، بەلام خوا تەماحی ئەوەی هەیە هەمیشە خۆی لە فانتازیادا خەلاس کات، هەمیشە لە دەرکەوتنەکانی دا دەرکەوتەیەکی باوەڕ پێکرا و سەلما و سەپاو بێت و هێز و وزەی خۆی بەسەر مرۆڤەکان و تەواوی جیهانـدا بکێشێت و ببینرێت و بگیرێت و هەستی پێبکرێت و بۆن بکرێت و تام بکرێت و بە زۆر رێباز و میتۆدیشەوە هەوڵ ئەدات ئەو کارانەی مەیسەر بکات. بۆیە خوا لەبەرامبەر فانتازیادا بووێکە لە رووبەڕووبوونەوەیەکی بەردەوامی فانتازیا دایە. بەردەوام ئەیەوێت هێز و وزەی فانتازیا کۆنترۆل بکات و خۆی دەرکەوتەی هێز و وزەی خۆی بێت.

لە شعردا بە پێچەوانەوە رەنگە فانتازیا بەردەوام هەوڵی ئەوە بدات خۆی لەدەستی شعردا رابپسکێنێت و لێی دەرباز بێت، شعر قەفەز و بەندیخانەی فانتازیایە، شعر بەردەوام هێز و وزەی خۆی لە فانتازیا ئەستێنێت و خۆی وەك بووێکی فانتازی نمایش ئەکات، شعر بێ فانتازیا ناتوانێت بژی، بە پێچەوانەی خواوە کە لە فانتازیادا ئەو دەسەلاتەی ژیانکردنی نامێنێت، ماهییەتی شعر و خوا لە رووبەرووبوونەوەیان لەگەڵ فانتازیادا رووبەڕووبوونەوەیەکی چارەنووسسازانەیە. شعر لە فانتازیادا دەرئەکەوێت و ماهییەتی خۆی ئەکێشێت و تۆخ ئەکاتەوە، خودا بە بەرەوازی لە دەرەوەی فانتازیادا ماهییەتی خۆی تۆختر و قوڵتر ئەکاتەوە.

کەواتە شەڕ و چەك و کەرەستەکانی هەر یەك لە شعر و خوا و فانتازیا جیاوازن، شعر لە رێی زمان و ماهییەتی خۆیەوە شەڕی فانتازیا ئەکات و کۆنترۆڵی ئەکات، خواش بە زمانی خۆی و دەسەلاتی رەهای خۆیەوە شەڕی فانتازیا ئەکات و لەناو خۆیدا ئەیکوژێت.

شەڕی خوا و شەڕی شعر لەگەڵ فانتازیا خاڵێکی سەرەکی یە بۆ هەڵبژاردنەکان و هەڵوێستەکانی شعر و خوا لەبەرامبەر دین و سیاسەت و کۆمەڵ و فەلسەفە و بەهاکان و ژیان و هەبوون. ئەو شەڕە لە سەرێکی دیکەوە ئەبێتەوە شەڕی خوا و شعر لەگەڵ یەکدی وەك دوو هێز و دوو وزە ، کە یەکیان خودایە و ئەیوێت جیهان داگیر بکات، یەکیشیان شعرە کە ئەیوێت جیهان لە خوا بستێنێتەوە، خوا ئەیوێت نەخشەی هێز و دەسەلات وەك خۆی ئەیەوێت دامەزرێنێتەوە، شعریش ئەیوێت ئەو نەخشانانە تێك بشکێنێت. شەڕی خوا بۆ دامەزراندنی جیهانێکە بۆ خۆی، شەڕی شعریش کاولکردنی ئەو جیهانەیە، شەڕی خوا شەڕی سنووردانانە بۆ هەر هەموو شتەکان و بۆ شعریش ، شەڕی شعریش بۆ شکاندنی سنوورەکانە بۆ هەموو شتەکان و بۆ خوا خۆیشی. شەڕی ئەو دوو بوونەوەرە شەڕێکە لەسەر تەواوی جیهان و هەبوون، شەڕە لەسەر ماهییەتی یەکدی، شەڕە لەسەر دامەزراندنی هەبوون و تێکدانی، شەڕە لەسەر نەخشەکێشان و دیاریکردنی سنوورەکان و رەشکردنەوەی ئەو سنوورانە و خاپوورکردنی ئەو نەخشانە، شعر هەمیشە هەوڵ ئەدات پیلانەکانی خوا بۆ دونیا

تێکبـدات، خـواش هەمیـشە لەهـەوڵی بێوچـاندایە بـۆ گـەمارۆدانی شـعر و دونیـا. شـعر کردنـەوەی ئەگەرەکانـە بـە رووی دونیـادا، خـودا ئەگـەری داخـستن و قـەپاتکردنی دەرگـەکانی پێیـە لەبەرامبـەر دونیادا، بە کورتی شەڕی شعر و خودا شەڕێکە لەسەر چارەنووسی یەکتری. شەڕێکە لە پێناو ماناکانـدا، ئەو مانایانەی خودا بـە شـێوەیەك لێیـان ئەگـەڕێت و دروسـتییان ئـەکات، لەگـەڵ ئـەو مانایانـەی شعر تێکیان ئەشکێنێت و خاپووریان ئەکات و ئەیانکاتە هیچ.

لێـرەدا شـعر و خـودا تـەواو دژ بـە یـەکترن، دوو دوژمنـی سـەر سـەختی دونیـا و هـەبوونن. دوژمنێك کە هەرچی خودا بینای بکات شعر تێکی ئەشـکێنێت، و هـەر شـتێك شـعر خراپـی کـات خـوا چاکی ئەکاتەوە.

بـەڵام لێـرەدا بـا بپرسـین ئایـا ئـەم شـەڕەی خـودا و شـعر بـە چـی ئـەگات و کـێش ئەیباتـەوە؟ بۆئەوەی ئەو بردنەوەیە نەبێتە وەڵامێکی کۆنکریتی وا باش ئەبێت بۆ ئەوەی خۆمـان لـە وەڵامـی ئـەم پرسیارە جارێ بپارێزین وا پێویست ئەکات ئێمە زیاتر شۆڕبینەوە ناو ئەوەی شعر چیە و خـوا چیە؟ چەکەکانیان چین لەو شەڕەدا؟ چۆن ئەو ململانێ یە ئەکەن و چ کەرەستە و ئامرازێك بـەکاردێنن؟ بـە چ هۆشمەندییەکەوە ئەو پرۆسەسە بەڕێوە ئەبەن و چۆن رووبەڕووی یەکدی ئەبنەوە و چۆن ئـەتوانن فانتازیا لە دژی یەك و بۆ خۆیان بەکاربێنن؟

شعر چیە؟

با دیسان بەوە دەست پێبکەمەوە کە پێناسەی ناچار بۆ شعر ، زەبـری میتـۆدە وامـان لێئـەکات بـەدوای شووناسـێکدا بگـەڕێن. بـەڵام بـا هـەر بەگومانـەکانی خۆمانـەوە لـە زەبـری میتـۆدەوە دەسـت پێبکەین کـە ئایـا چـەند ئـەتوانێت رێ لـە بـەفانتازیابوونی شعر بگرێـت و رێ لـە ئێمـەش بگرێـت بـۆ ئـەوەی پێناسـەیەك بـە شـعر ببەخـشین؟ چـەند ئـەتوانین بـاس لـە ماهییـەتی شـعر بکـەین وەك فانتازیەیەك دوور لە جەبر و زەبرەکانی میتۆد؟ ئامانجی میتۆد چیە بـۆ ئـەوەی نەیـەڵێت ئێمـە وەك گەمەیەك لەدەرەوەی زەبری میتۆدەوە تەماشای شعر و خواش بکەین؟ میتۆد بـۆ رێگـە نـادات دوور لـە زەبرەکانییەوە ماهییەت بە شعر ببەخشین؟ شعر خـۆی چـەند توانـای ئـەوەی هەیـە خـۆی لـە زەبـری میتۆدەکـان بپارێزێـت؟ شـعر چـەند خـاوەنی ماهییەتێکـە نەکەوێتـە نـاو زەبـری میتـۆد و زەبـری تێگەیشتنەکانی ئێمە و هەتا زەبری خوداش، ئەم پرسیارانە لە کاتێکدا لـە شعر ئـەکرێن وەك بـووێکی فانتـازی لـە هـەمان کاتـدا پرسـیارن خـواش رووبـەڕووی میتۆدیـان ئەکاتـەوە و ئـەویش وەك بـووێکی فانتازی لەبەرامبەر زەبری میتۆدا لە شەڕێکی گەورەدایە.

بابەتەکان رەنگە بتوانن هەمیشە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەبەرامبەر زەبری میتـۆد دا بـزاف بکەن و ململانێیەکی توندیش بکەن.

بەڵام ئەوەی لێرەدا زیاتر مەبەستە ئەوەیە، بە فاتنازیا بوونی شعر چەند رێگرە لەوەی میتۆد نەتوانێت میتۆدێش چەند ئەتوانێت لەبەرامبەر شەڕی شعردا بکشێتەوە و بێدەنگ بێت؟

لێرەدا رەنگە سەرەتایەك بگرین كە ئەویش ئازدای یە، ئازادی شعر لە میتۆد، شەڕی شعر شەڕی ئازای بوونە لە میتۆد لە سەرەتادا، لە زەبرەكانی میتۆ د و جەبرەكانی. ئازادی شعر ئەو فەزایەیە كە تیایدا ئەتوانین لە بەفانتازیابوونی شعر و شەڕە فانتازییاكانی و گەمەكانی بگەین لە گەڵ خوا و میتۆ د و مێژوو و سیاسەت و فەلسەفە و تەواوی هەبوون، واتە شعر لە ماهییەتی خۆیدا لە هەوڵی ئازادبوونی خۆیدا بەردەوام هێزەكانی دیكە رەت ئەكاتەوە، بەردەوام لە هەوڵی خۆرزگاركردن و ئازادبوونییەتی لە هێز و دەسەڵاتەكانی دیكە، هەر بۆیەشە مل ناداتە بەر زەبری میتۆد و خودا و مێژوو و هەبوون،

شعر لە خۆیدا هەبوونێكە بەدەر لەوەی كە خالقێكیشی هەیە و دەستی لە نووسینەوەی تێكستەكانی ئەودا هەیە، لێرەدا ئەبێت رابوەستم و بڵێم نامەوێت بپەڕمەوە سەر (مەرگی نووسەر ) و تێزەكەی دریدا بۆ ئەوەی لە پەیوەندی شاعیر و شعر بكۆڵمەوە، بەڵكو من لێرەدا قسەم لەسەر شعرە وەك ماهییەتێكی ئازاد كە لە رێی زمانەوە دێت و دوور لە دەسەڵاتەكانی مرۆڤ و مێژوو و خواوە خۆی ئەنوێنێ.

شعر لە سەرەتادا فەزای ئازادی زمانە، ئازادی زمان لە ماناكاندا، هەموو ئەو مانایانەی كە هەموو شتێكن و شعر نین. بە سادەتر بڵێم ئازادبوونی مانای شعر لە زمانی خوا و دین و فەلسەفە و زانست و سیاسەت و ئایدیا و هەر كایەیەكی هزری دیكە. ئازادبوونی زمانی شعر و ئازادبوونی ماناكانی شعر خولقێنەری ئەو ئاسۆیەیە كە شعرە، كەواتە شعر لەدەرەوەی خۆیدا هیچ نیە، بەڵكو شعر لەناوەوەی خۆیدا جگە لە شعر هیچی دیكە نیە، شعر دوو دونیای نیە، كە یەكیان ناوەوە بێت و یەكیان دەرەوەی بێت ، شعر ماڵێك نیە دیوارێكی دوو رووی هەبێت و لە ناوە و دەرەوەوەڕا سنوورەكان دابنێت، شعر فەزایەكی وشەیە كە دیوار و هیچ سنوورێكی دوو بەر دروست ناكات، شعر هەبووێكە فانتازی كە وشە و زمان تێیدا زیاتر لە ئاراستەی با دەچێت نەوەك رووبەرێكی دیاریكرا و هەرێمێكی مادی دەستلێدرا و سەپاو، شعر ئەگەر ماڵ بێت ئەوە لەسەر زەوی دروست نەكراوە هەتا لە بناغەوە تا بانەكەی هەڵتەكێنین و دەستی لێبدەین و بیگرین و بیسەلمێنین. بەڵكو شعر ئەگەر ماڵێك بێت ئەوە لە ئاسمانەوەیە، یان لەسەر شەپۆڵی دەریایەكە بە بە ڤیت و ڤۆزییەوە ئەتوانێت رابوەستێت و خۆی لار كاتەوە و لە بۆشاییدا راوەستێ. شعر فانتازیایە، وزەی زمانێكە كە ئەتوانێت مانای هەموو شتەكان بكاتە مانایەكی هەمیشە نەفیكرا و بە هێزی فانتازیا، بە وزەی لە بننەهاتووی ئاماژە و زناكەكان، هەمیشە ئەو ئاسۆیە لەبەردەم وشەكاندا بكاتەوە بۆ ئەوەی نەگەن بە دەلالەتەكانییان، فەزای شعر وەك فانتازیا كردنەوەی ئاسمانێكە لەبەردەم زماندا تا بتوانێت تا بێكۆتا لە دەسەڵاتی ماناكان دەرچێت و مانای دیكەی تایبەت بە خۆی و بە خودی شعرەوە خەلق كاتەوە، كە لێرەشدا ماناكانی شعر لە ئازادبوونی زمان لە فەلسەفە و دین و خودا و مرۆڤەكان و زانستەكان و هەر بیركردنەوەیەكدا كە لەدەرەوەی كایەی شعرە لەدایك ئەبێت، لەدایكبوونێك كە خاوەن سەر و سیما و هۆشمەندی تایبەتی خۆیەتی، كە لەسەر و سیما و هۆشمەندیی كایەكانی دیكەوە ناكات.

لێرەشدا كە شعر خۆی لە زمانەكانی دیكە و وشەی كایەكانی دیكەوە جیا ئەكاتەوە و ماناكانی تایبەت بە خۆی لەرێی ئاماژەكانی زمانەوە بەرهەم دێنێت جیاواز ئەبێت. ئەم جیاوازیبوونە كە

سەرەتا لە بەکارهێنانی جیاوازی زمان دەست پێئەکات و دواتر ئەگاتە سەر تێگەیشتنی جیاواز و پێشبەریکردنی جیاواز بۆ کۆی هەبوون. لێرەشدا شعر لە فەلەسەفە و زانست و سیاسەت و کایەکانی دیکەوە جیاواز ئەبێت، ئەبێتە خاوەن رووبەری تایبەتی خۆی کە رێ نادات رووبەرەکانی دیکە بە شێوەی ماهییەتی خۆیەوە رووبکەنە ناوی، لێرەشدا کە زیاتر قسەمان لەسەر شعر و خوایە ئەوە لێرەدا شعر بەهۆی ئەو ئازادییەی کە لەبەرامبەر جەبر و زەبری میتۆد دا نیشانی ئەدات و ئەو ئازادییەی شەڕی پێئەکات و بە بەکارهێنانی جیاوازی زمان و گۆڕینی زمان لە ئامرازی مانا گەیاندنەوە بۆ ئاماژە، لەم رێیەوە لەبەرامبەر خوادا ئەوەستێتەوە و شەڕی خۆی بەیاندەکات، کە رێ نادات خوداش وەك خۆی رووبکاتە هەرێمەکانی و داگیری بکات، بەڵکو کە خودا روو لە ماڵی فانتازیای شعر ئەکات ئەویش ئەبێتە فانتازیا. ئیدی خوا لەماڵی شعردا وەك هەموو شتەکانی دیکە خۆی نیە، کە شتەکانی دیکە خۆیان نین و ئەبنە فانتازیا، لە شعردا ئەوە خوداش ئەبێتە فانتازیا، فانتازیایەك کە هێز و وزە و دەسەڵاتی خوداوەندانەی خۆی دۆڕاندووە، و بۆتە خودایەك شعر ئاراستەکانی دیار ئەکات و ماهییەتی پێ ئەبەخشێت، لێرەشەوەیە کە شەڕی خودا لە گەڵ شعردا هەرگیز بە داگیرکردنی ماڵی شعر کۆتایی نایێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە خودا ناچارە بەرگی خۆی فڕێبدات و ئەو جلانە لەبەر بکات و ئەو هۆشمەندییە هەڵگرێت کە لە ماڵە فانتازیاکەی شعردا بۆی داندراوە، هەر کەس و بابەتێ سەر بکا بە ماڵی شعردا ئەبێت لەبەردەم جەبری کراوەی ئاماژەکانی زماندا تەسلیم ببێت و چۆك دابدا و ئەو رەنگانە لەبەر بکات کە شعر لە ماڵی خۆیدا بۆیان دروست ئەکات، لێرەوەیە کە خوداش هەر چەندە هەوڵ ئەدات زمان بەکاربێنێت و جیا بێت لە کایەکانی دیکە ،بەڵام ناتوانێت زمان بکاتە ئاماژە وەك شعر ئەیکات، زمان نابێتە کەرەستە بۆ بیناکردنی جیهانێك کە شعر خاپووری نەکات.

ئیدی لێرەدا دەسەڵاتی فانتازیای شعر بەسەر زمان و گواستنەوەی زمان لە ماناوە بۆ ئاماژە. وزەی لە بننەهاتووی شعرە بۆ ئەوەی چیدیکە ئێمە خوا وەك خوای دەرەوە نەبینین وەك لەناو شعردا هەیە، چیدی خودا بەو رەنگ و شێوە و شەمایلە نەبینین کە لە کتێبەکانی خۆیدا هەیە، چیدی خودا بەو هۆشمەندییەوە نەبینین کە لە خەیاڵی مرۆڤەکاندا هەیە، ئیدی خوا چیدی ئەو خوایە نیە کە ئەیناسین.

لێرەشەوە کە شعر بەو وزەی زمانییەوە خۆی نمایش ئەکات و شێوەیەکی دیکە بە خوا ئەبەخشێت، ئەو نمایشە ئەبێتە نمایشی شەڕی خوا و شعر لەسەر ماهییەت و جیهان و نەخشەکان و هۆشمەندییەکان و وێنای هەردووکیان بۆ دەسەڵات و هەبوون بە گشتی.

خودا چیە؟

بۆ ئەوەی هەندێ لە قسەکانی پێشووم دووبارە نەکەمەوە سەبارەت بە زەبری میتۆد لەبەرامبەر شعر و خوادا، باش ئەبێت کە بەوە دەست پێ بکەین، خودا خۆی وەك (خالقێك) نمایش ئەکات، کە دەسەڵاتی بەسەر کۆی هەبوون و شتەکاندا هەیە، شعر ئەگەر تا ئێستا خۆی لەبارەی خۆیەوە قسەی نەکردبێت و زۆر جار بۆ باسی شعر میتۆد ببێتە گێرەڕەوەی هەکایەتەکانی شعر، ئەوە

خودا خۆی گێڕەرەوەی حەکایەت و ماهییەتی خۆیەتی، لە زمانی خۆیەوە خۆی پێناسە ئەکات و وەك بوونێکی سەروەر و رەها خۆی پێشکەش ئەکا، وەك هۆشمەندییەك کە دەستی لە دروستکردنی بچووکترین شت و گەورەترین شتی ئەم گەردونەدا هەیە، خودا خۆی لە کۆی ئەو شتانەی ئێمەوە پێناسە ئەکات، لە خودی ئێمەوە کە ئەو دروستەکەرمانە، لە خۆیدا هەبوونی خۆی جەغد ئەکاتەوە، ئەو باس لە بوونی خۆی ناکات لەدەرەوەی ئێمەدا ، رێگەش نادات ئێمە بپرسین ئەو لە کوێوە هاتووە و لە چی دروست بووە، ئەو ئەڵێ من ئێوەم دروست کردووە، من گەردوونم دروست کردووە، من چیام درووست کردووە دەریا و زەریا و بەهەشت و جەهەنەمم بۆ داناون. ئەو باس لە کردەوە و هێز و دەسەلاتەکانی خۆی ئەکات بەلاَم باس لە درووستبوونی خۆیەوە ناکات. باس لە هەر هەموو شتەکان ئەکات و بە خۆیەوە ئەیانبەستێتەوە، لە پەیوەندی خۆیەوە بە ئێمە و بە هەبوونەوە خۆیمان پێئەناسێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش زمان و وشە بەکارئەهێنێ. وەك شعر چۆن زمان کەرەسەیەتی بۆ دروستکردنی ئاماژەکانی خۆی، خوداش بە زمانەوە ماناکانی خۆی و ئێمە و هەبوون و گەردوونمان ئەداتێ. لێرەوەیە شعر و خودا هەردووکیان خاوەن زمانن، بەلاَم دوو زمانی جیاواز، خودا بەو زمانەی کۆمەڵێ مانا و دەلالەتمان ئەداتێ بۆ ئەوەی تێمان بگەینێ و هۆشمەندییەکی دیاریکراومان پێ ببەخشێت بەرامبەر بە خۆی و دونیا و هەبوون و شێوەی ئەو هەبوونەی ئەو خوازیاریەتی بۆ خۆی و بۆ ئێمە، کەچی شعر دێت و لەسەر ئەو هەبوونە خوازراوەی خوا بۆ خۆی و بۆ مرۆڤەکان کۆمەڵێك ئاماژەمان ئەداتێ تا ئەو دونیا خوازراوە تێك و پێك بشکێنێت.

خوا لە رێی زمانی خۆیەوە سنووری حەز و ویست و ئارەزووەکانی ئێمە بەئێمە ئەڵێتەوە، سنووری ماناکان و حەرام و حەلاَڵەکانمان نیشان ئەدات، شعریش بە جیاواز لەو دێت و ئەو سنوور و ئەو مانایانە تەفروتونا ئەکات.

خوا سنوورەکانی ئازادی ئێمەوە لەبەرامبەر رەهایی خۆیدا دەست نیشان ئەکات، ئەوەمان فێر ئەکات کە جیاوازی هۆشمەندی ئێمە و ئەو چەند جیاوازن، شعریش دێت و قسە لەسەر ئەو جیاوازییانە ئەکات و نەفییان ئەکاتەوە،

شعر و خوا ئەکرێت وا سەیریان بکەین کە دوو جیهانبینی دژ بەیەکن کە یەکیان ئەویدیکەیان بەو شێوەیەی ئێستا قەبوڵ نیە، نە خوا شعری قبوڵە و نەشعر قبوڵی جیهانی خوا ئەکات، هەردووکیشیان بێدەنگ نین لەبەرامبەر تێگەیشتن و جیهانبینی یەکدی، بەڵکو شەڕیانە لەسەر ئەو وێنانەی جیهانەوە،

خودا هەمیشە بەردەوام لەهەوڵی دروستکردنی دونیایەکی دیار و ئاشکرایە لە جیهاندا، شعریش بەردەوام لە هەوڵی وێرانکردنی ئەو جیهانانەیە، خودا هەمیشە خەریکی رێکخستنەوەی جیهانە لە فۆرمێکی وادا کە ئەو پێی باش و موبارەك بێت، شعریش بەردەوام لە هەوڵی تێکشکاندنی ئەو جیهانانەیە کە خوا دروستیان ئەکات، خودا کە جیهانێك تێك ئەچێت چاکی ئەکاتەوە لە فۆرمێکی دیکەی رێك و پێکدا، کەچی شعر ئەو جیهانانە پڕ ئەکات لە نارێکی و فەوزا و بێ سەر و بنی،

شعر هەمیشە لە دژی سەرەتاکان و کۆتاییەکان ئاماژە دەرئەدات و ئەمانختە دڵە راوکێ و گومانەوە، خوداش بە پێچەوانەوە هەمیشە لە هەوڵی دڵنیایی بەخشین و مژدە بەخشینەوەیە بۆ سەرەتای چاکە و کۆتایی بە بەهەشت، سەرەتای خراپە و کۆتایی جەهەنەم.

بە کورتی لەو گەمەیەدا شعر و خوا زمان، کەرەستەی سەرەکییانە، خوا بە هۆشمەندی خۆیەوە مانا دروست ئەکات و مانای یەقینی و رەها بە مرۆڤەکان ئەبەخشێت. شعریش ئاماژە دروست ئەکات و ئەو مانایانە لە لای مرۆڤەکاندا تێك و پێك ئەدات. لێرەدا وزەی خواوەند بەو میتۆدەی زمان بەکار ئەبات ناتوانێت شعری پێ بکاتە فانتازیا. کەچی شعر بە پێچەوانەوە ئەتوانێت لە رێی ئاماژەکانەوە خوا بکات بە فانتازیا.

خاڵی جەوهەری جیاوازی خوا و شعر لە بەکارهێنانی زماندایە، لە لای خوا زمان کارگەی ماناکانی خۆیەتی، لە لای شعریش زمان دونیای ئاماژەکانی خۆیەتی، خودا بە مانا دونیا داگیر ئەکات شعریش بە ئاماژە جیهان داگیر ئەکات، خودا بە مانا شعر گەمارۆ ئەدات، بەڵام شعر بە ئاماژەکانی خوا ئەکاتە فانتازیا. لێرەدا شەڕی خوا و شعر بەلای شعردا ئەشکێتەوە چونکە ئەتوانێ لە رێی ئاماژەکانییەوە دەستکاری ماناکانی خوا بکات و تێکیان بدات و چاکیشیان نەکاتەوە، خوا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەشدایە کە هەموو ئەو مانایانەی شعر تێکیان ئەدات چاکیان بکاتەوە، لە ناو ئەو مانایانەدا خودی مانای شعریشە، بەڵام شعر هەمیشە ماناکانی خۆیشی تێك و پێك ئەدات و بە ئاماژەکانییەوە گەمارۆیان ئەدات. ئیدی خودا هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە ماهییەتێك بە شعر ببەخشێت و مانایەکی بۆ دروست کات و بیخاتە فۆرمێکی رەهاوە، کەچی شعر بە پێچەوانەوە هەمیشە ئەو فۆڕمانەی خۆی وێران ئەکات و خراپیان ئەکات و خەمی چاککردنەوەشیانی نیە،

خەمەکانی خوا و خەمی شعر لێرەوە لەسەر خودی یەکدیشدا جیاوازن ، خوا خەمخۆری مانای هەمووشتەکانە، خەمی فۆرم و هۆشمەندی شتەکانە، بە پێچەوانەی شعرەوە کە لە سەرتاوە خەمی ئەوەیە وەك خوا خەم لە خۆی و خوا نەخوات. بەڵکو بەردەوام لە سەر تێکشکاندنی ئەو خەمانەوە ئیش ئەکات.

لە لایەکی دیکەوە خودا هەمیشە لە هێرشدایە بۆ سەر ماڵەکانی دیکە بۆ ئەوەی وەك ئەوەی درووستیکردوون بمێننەوە و نەگۆڕێن، هەمیشە ئەو لە حاڵەتی هێڕشبردن دایە، بە پێچەوانەی شعرەوە کە ئەو خۆی هێڕشی کایەکانی دیکە ناکات، بەڵکو ئەوە کایەکانی دیکەن کە هێڕشی شعر ئەکەن.

خودا کە هێڕشی شعر ئەکات ئەچێت لەماڵی فانتازیای شعردا شەڕ ئەکات، لەوێوەش کە خوا پێ ئەنێتە ماڵی شعر ئەبێتە خوایەکی فانتازی و شەڕەکەی پێناکرێت، چونکە کە بووە فانتازیا ئیدی زمان و ماناکانی خۆی لەدەست ئەدات، ناچارە لە نێو ئاماژەکانی شعردا مەلەبکات، کە مەلەشی کرد لە بن زەبری فانتازیای شعردا ئەوە ئەبێتە خوایەکی دیکە کە شعر شووناسی ئەداتێ نەوەك خۆی.

شعر ئاراستەکانی بۆ دیاری ئەکات نەوەك خۆی، ئیدی ئەو لە شعردا خوا نیە.

شعر و خوا و ئەقلانییەت:

بالێرەدابپرسین چیە دیسانەوە وا ئەكات خوا لە مانا بگەڕێت و شعر لە ئاماژە؟

دیارە شعر وەك كاركردن لەناو فەزایەكی فانتازیدا كە ئەقڵ و هزر و هۆشمەندییەكی ئاقلانە كۆنترۆلی ناكات، ئەتوانێت بەو بێ سەروبەرییەی خۆیەوە ئەو ئاماژانە خەلق بكات كە لە ئەنجامی ئەو فەوزایە دروست ئەبن بێ ئەوەی خۆی دەسەلاتێكی ئەقلانی بەسەر ئاماژەكاندا بسەپێنێت، یان زووتر بەسەر زمانی دا بسەپێنێت پێش ئەوەی ئاماژەكان دروست بن، بە پێچەوانەی خوداوە كە بەو پەڕی ئەقلانییەوە هەموو ماناكانی بەرهەمیهێناون و لەبەرامبەر هەر مانایەكدا دەسەلات و هێزی خۆی ئامادەیە، شعر رێ لە هیچ ئاماژەیەك ناگرێت بۆ ئەوەی لەسەر هیچ دەلالەتێكدا نەكەوێت ، بە پێچەوانەی خواوە، كە بە دەسەلاتێكی ئەقلانیانەوە ئاراستەی شتەكان دیاری ئەكات و لەهەر لادانێكیش سزای خۆی بۆ داناوە و لەهەر گەیشتێنكێ بەو مانایەی ئەو مەبەستییەتی پاداشتی خۆی بۆ داناوە، فەوزای ئاماژەكان لە شعردا بەشێك لە ماهییەتی شعر نیشان ئەدەن كە لەبن زەبری میتۆدەكانەوە چوونەتە دەر و بە ئازادی و بەرەڵلایی خۆیانەوە گەڕانەكانی خۆیان دەست پێئەكەن و بە هەوەسی خۆشیان ئاراستەكانییان دیاری ئەكەن، هۆشمەندییەك لە پشت ئەو زمانانەوە نەوەستاوە تا سنووری ماناكانی بۆ دیار بكات، وەك ئەوەی لە وتەكانی خوداوە ئەبینرێت.

تێكستی شعری جیاوازە لە قورئان چونكە نەخشەیەكی ئەقلانی پێ نیە بۆ ژیانكردن و مردن و زیندووبوونەوە و پاداشت و سزا، هەر بۆیەشە هەموو چەمكەكان لە شعردا لەناو ئاماژەكاندا لە غیابی ئەقلانییەت و سەروەربوونی فەوزادا خۆیان نمایش ئەكەن.

ئانەكو ئێستا لەوە ئەگەین كە دوو بیركردنەوەی جیاواز دوو گووتاری جیاوازی مانا و ئاماژە و شێوەی جیهان لە پشت شعر و خوداوە وەستاون، یەكەمیان كە هی خوایە و ئەقلانییە، دووەمیشیان كەهی شعرە و تەواو نائەقلانییە.

یەكەمیان گووتارێكە ئەچێتە ناو خانەی لێكدانەوە و ئەرگومێنت و زانین و دیتنی ئاراستەكانی. ئەوەی دووەمیان كە هی شعرە تەواو فانتازی و بێ ئەرگومێنتە. بێ زانین و بێ نەخشەی ئەقلانییە.

خوا بەو ئەقلانییەتەی هەمیشە لە خەمی دروستكردنی سستەم و تەواوترین فۆرمی جیهانێكە، شعریش بەبەرەوازی هەمیشە لە ناو بێ سستەمی و نائەقلانییەتدا دژی هەموو فۆرمەكان ئاماژەكانی خۆی پەخشان ئەكات.

ئەو ئازادییەی لە شعرد هەیە لە شوێنەكانی دیكە جێی نابێتەوە، چونكە لە شعردا بیركردنەوە ئەگاتە پلەی سفر، بیرنەكردنەوە كلیلی شكاندنی تەوقەكانی هزر و نەخشە و پلانەكانی ئەقڵە بۆ دونیا و ژیان و جیهان، كە ئەوەیان لە دەسەلاتی خودادا نیە، خوا ناتوانێ بیر نەكاتەوە، ناكرێت شتێك بێ هۆ و ئامانج دروست بكات ، قسەیەك بكات كە حیكمەتێكی تێدا نەبێت. ئەو دەسەلاتەی نیە وەك شعر فەوزا خەلق كات،لە نێوان بیركردنەوە بە ئازادی و بیرنەكردنەوەدا رەنگە پێویست بكات وەستانێك بكەین، بیرنەكردنەوە بەرەو ئازادیمان ئەبات، ئێمە تا ئەوكاتە ئازادین كە شعر یان خودا یان هەر بابەت و چەمكێكی دیكە ناناسین، هەر بابەتێك كە ناسیمان بە شێوەیەك لە

شێوەکان گیرۆدەمان ئـەکات، یـان ئـەوەتا دڵمـان ئـەبات و عاشـقی ئـەبین یـان ئەبینـە دوژمنـی و شـەڕی لەگەڵ ئەکەین یان هەر فۆرمێکی دیکەی پەیوەندی لە نێوانمانـدا دروسـت ئـەبێت کـە ڕەنگـە لـە نێـوان ڕەتکردنەوە و وەرگرتنـدا بێـت. یـان لـەو فەزایـەدا بـسوڕێتەوە کـە هۆشمەنـدی ئێمـە ئەیـەوێت لـە نـاو خۆیدا دەریکات یان بیسەلێنێت. هەر چۆنێك بێـت بیرکردنـەوە بـە ئـازادی ئـازادبون نیـە لـەو بابەتـە، خـەلاس بـوون نیـە لـەو تێگەیـشتنانەی ئێمـە لەسـەر ئـەو بابەتـە پەیـدای ئەکـەین، بـەڵکو زیـاتر دروستکردنی تێگەیشتنێکە بە هۆشمەندییەکی جیاوازەوە لەگەڵ خەڵکانی دیکە لەسەر هەمان بابـەت و چەمك لە لای خۆمان دروستی ئەکەین. ئازادی لە بابەتەکان تەنیا بە بیرنەکردنەوە لەو شتانە دێت کە ئەتوان گیرۆدەمان کەن.

لە شعردا هەر بیرکردنەوەیەك لە عەشق وەك فەلـسەفە وەك سوسـیۆلۆگیا وەك ئـەنترۆپۆلۆگی یـا بۆنموونـە بـەرەو گیرۆدەبونێکمـان ئـەبات، تـەنیا بیرنەکردنـەوە لـە عەشـق وەك بابـەتێك کـە ئـەو کایەیانە ئەتوانن خوێندنەوەیەکی تایبەت و جیاوازی بۆ بکەن ئەانباتـە بـەر گیرۆدەبـوون، چیا چ بـڕوا بەو خوێندنەوانە بکەین یان ڕەتیان بکەینەوە. تەنیا شعر ئـەتوانێت لـەو گیرۆدەبوونـەمان ڕزگـار کـات چونکە شعر ئەتوانێت بگاتە پنتێك بـێ بیرکردنـەوە لـە عەشـق بـە میـتۆدێکی دیاریکرا و عەشـق وەك شعر پێشکەش بکات. بەو مانایەی شعر هیچ پێناسە و شوناسێکی نیە لەدەرەوەی خـۆی بـۆ عەشـق یـان هەر بابەتێکی دیکە، نایناسێت و هەوڵیش نادات بیناسێت. بەڵکو ئەوەی شعر ئـەیکات بیرنەکردنەوەیـە لە عەشق وەك ئەوەی عەشق بابەتێك بێت لە خۆیدا و ماهییەت و شووناسێکی هەبێت و کەشفی کات. شعر ئازادبوونە لە عەشق ، لە بیرکردنەوە لە عەشق، واتە شعر بە ئازادی بیر لە عەشـق ناکاتـەوە، وەك ئەوەی کایەکانی دیکە ئەتوانن لـە پێـشبەرییەکانی خۆیانـدا عەشـق وەك بابـەتێك پێـشکەش بکـەن کـە ناکرێت وەك هەقیقەتی ڕەهاو ڕاستی کۆتایی تەماشای بکرێت، بەڵکو هەمیشە ئاسۆیەك بـۆ تێگەیـشتن لە عەشق بە کراوەیی ئەهێڵنەوە، بەڵام لە شعردا وانیە، شعر هیچ ئاسۆیەکی کراوە بۆ عەشق پێشکەش ناکات، یان ڕاستی ڕێژەیی تەرح ناکات، بەڵکو لە شعردا هیچ وێنەیەك بـۆ عەشـق و بـۆ بابـەتێکی دیکـە نابینینەوە کە شعر گیرۆدەی بێت، ئەوەی هەیە هەموو بابەتەکان ئەبن بـە چـەندین ئامـاژەوە لـە ڕێـی زماندا کە بابەتەکان لە بیرکردنەوەدا دەرئەکات، ڕەنگیشە مرۆڤ نەتوانێت لە کایـەکانی دیکـە و شـوێنی دیکەدا ئەوکارە بکات، تەنیا لە شعردا نەبێت، چونکە شعر ئەو بونەوەرەیە کە خۆی تەسـلیمی خۆیـشی نابێت، شعر بە جیا لە کایەکانی دیکە و بە جیا لە خودا گیرۆدەی بوونی خۆیـشی نیـە. ئیـدی شـعر کـە ئازادە لەبەر ئەوە نیە کە لەوێدا ئەتوانین بە ئازادی بیر بکەینەوە، بەڵکو ئەوەیە کە ئێمە لەوێدا ئێمـە نین و لە شعردا بیر ناکەینەوە، نەوەك بە ئازادی بیر ئەکەینەوە.لە وێدا عەقڵ ئەسڕێتەوە نەوەك خۆی بە وێنەیەکی دیکەی جیاواز نمایش بکات.

# شعر و شەیتان

2007/11/24

دوای ئەوەی لە نووسینێکی دیکەدا باسی پەیوەندی شعر و خودامان کرد، لێرەدا ئەمانەوێ لە پەیوەندی شعر و شەیتان بکۆڵینەوە، لەوێدا لەبەرامبەر خوادا کۆمەڵێ قسەمان لەبارەی شعرەوە کرد، لێرەدا بە پێویستی نزانم شتەکان دووبارە بکەمەوە.

شەیتانیش دیسانەوە وەك بوویێکی فانتازی وەك شعر و خودا، ئەکرێ بە شێوەیەکی دیکە قسەی لە بارەوە بکەین، و لەگەڵ شعردا لە باسێکدا کۆیان بکەینەوە و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانییان بە پێی تێگەیشتنی خۆمانەوە لێکبدەینەوە.

شەیتان چی یە؟

ئەگەر لە رێی ئیسلامەوە شەیتان بناسین، یەکەم بوونەوەرە لە خوا یاخی ئەبێت و سوژدە بۆ ئادەم نابات و بەرەنگاری ئەو حەز و ویستەی خوا ئەبێتەوە، لە پاڵ ئەمەشدا یەکەم بوونەوەرە خودا سزای ئەدات. ئەو بوونەوەرە کە سزادراوی یەکەمی خوایە، یەکەم بوونەوەریشە لە خوا یاخی ئەبێت، یاخی بوونی شەیتان خوێندنەوەی جۆراوجۆر بە خۆیەوە هەڵئەگرێت، لەوانە ئەو هێز و وزەیەی لە شەیتاندا هەیە بۆ رووبەرووبوونەوەی خوا. بۆ رەخنە گرتن لێی و رازی نەبوون بە فەرمایشتەکانی. بۆ ئەو ئەقلییەتەی شەیتان بەراوردی نێوان بوونەوەرە ئاگرییەکان و قوڕاوییەکانی پێ ئەکات ، لە نێوان خۆی و ئادەمدا، لە دەسەلاتی خوا و لە خەڵقکردنی بوونەوەرەکان و بالادەستییان بەسەر یەکدیدا.

دیارە بۆ ناسینی شەیتان ئەبێت ئێمە لە دەرەوەی شەیتان خۆیدا زانین و زانیاری پەیدا بکەین، چونکە شەیتان خۆی خاوەن تێکست و قسەی خۆی نیە، ئەوەی قسەی خۆشییەتی لەسەر زمانی خوداوە بە ئێمە گەیشتووە، نەوەك لە شەیتان خۆی، واتە ئێمە لە شەیتانەوە لە قسەکانی خۆیدا ئەو ناناسین بەڵکو لە قسەکانی خودا و ئەو تێگەیشتنانەی لە دەرەوەی تێکستەکانی وێنای ئەو ئەکەن ئێمە شووناسێکی پێ ئەبەخشین، شەیتان یەکێکە لەو بوونەوەرانەی کە هەمیشە لە ناو ماندا ئەژیەت و هەمیشەش بێدەنگ و بێ قسەیە، تا ئێستا شەیتان نەبۆتە خاوەن تێکستی خۆی و لە خۆیەوە گوێ لە چیرۆکی خۆی بگرین لە بیروباوەڕەکانی بگەین، لە خۆیەوە ببیستین بۆچی لە خودا یاخی بوو و بۆچی وەك فریشتەکانی دیکە سوژدەی بۆ ئادەم نەبرد. بۆچی وەك فریشتەکانی دی سەری بۆ داواکەی خوا نەنواند و یاخیبوونی هەڵبژارد؟ئەوە چ وزەیەك بوو لە ناو ئەودا هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی خوا؟ چ هزرێك بوو وای کرد لە جیاتی پاداشت سزا وەربگرێت و قبووڵی بکات؟ ژێدەری بیرکردنەوەی ئەو چی بوو کە بەجیا لە فریشتەکانی دیکە رێگەیەکی دیکە بۆ خۆی هەڵبژێرێت و خۆی بڕیاردەری خۆی بێت؟

ئەمانە و چەندین پرسیاری دی ئەکرێت لە شەیتان و خود و هێزی یاخی بوون و روحییەتی بەرەنگاربوونەوە لەودا بکرێت، کە لە هەندێ رووەوە لە شعر و خاسییەتەکانی شعر ئەچێت.

شعر و شەیتان و یاخیبوون:

یاخیبوونی شەیتان لە داواکاری خوا تەنیا لەبەر ئەوە نەبووە کە ویستبێتی لە فرمانێکی خوا هەڵگەڕێتەوە، بەڵکو ئەو لە تێگەیشتنییەوە بۆ ماهییەتی خۆی و ئادەمدا ئەگاتە ئەو باوەڕەی کە بوونی ئادەم بە خەلیفە لە سەر زەوی ئەبێتە هۆکاری خوێنڕشتن و خراپەکاری، بەڵام خوا بە شەیتان و فریشتەکانی دیکە ئەڵێ کە ئەو ئەو شتانە ئەزانێت کە ئەوان نایزانن.ئەو ئاگاداری شتەکانی زەوی و ئاسمانە. هەموو فریشتەکان باوەڕ ئەکەن و تەنیا ئیبلیس نەبێت سوژدە بۆ ئادەم نابات و خواش کافری ئەکات.

لێرەدا مەسەلەکە لە سەرێکەوە پەیوەستی بە گومانی ئیبلیسەوە هەیە هەم بە توانای خوا و زانینەکانی و هەم گومانی خوێنڕشتن و خراپەکاری لە ئادەمدا. و هەمیش گومان لەو زانینانەی خوا پێی ئاگەدارە و شەیتان و فریشتەکانی دی نایزانن.

زانین و گومانکردن لێرەدا پێموایە خاڵێکی جەوهەری و سەرەکی یە لە هزری شەیتاندا، کە وای لێ ئەکات گوێڕایەڵی فرمایشتەکەی خودا نەبێت و وەك خوا ئەڵێت: ( ابی واستکبر ) واتە نەیکرد و گەورەیی نواند لەبەرامبەر فرمانی خودا، و بەم شێوەیەش کافر بوو، ئەم نەرازیبوون و خۆ بە زل زانینەی شەیتان پەیوەندی بەو گومان و زانینەوە هەیە کە هەم لای خودا و هەم لای ئەو هەیە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی شەیتان وەك فریشتەکانی دی باوەڕی نەکرد کە خوا ئەزانێت و ئەبێت بێ گومان کردن گوێڕایەڵی بکات؟ بۆچی گومانی هەبوو لە زانینی خوا و گوێڕایەڵی فرمانەکەی نەبوو؟ بۆچی ئەو گومانەی لە ئادەم هەبوو کە ئەبێتە هۆکارێك بۆ خراپەکاری و خوێنڕشتن؟ بۆچی بیرکردنەوەکانی وەك فریشتەکانی دی نەبوو و روحییەتی بەرەنگاربوونەوە و یاخیبوونی لە ناودا هەبوو؟ بۆچی خۆی کرد بە کافر لەبەرامبەر بە خوا بە پێچەوانەی هەموو فریشتەکانی دی؟ بۆچی خۆی لە فریشتەکانی دی جیاکردەوە؟ چ وزەیەك لەناو ئەودا هەبوو بۆ ئەو یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەیە و دەرچوون لە دەسەڵاتی خوا؟

دەرچوونی شەیتان لە ناو پۆلی فریشتەکان و جیابوونەوەی لە گشت، خاڵێکی سەرەکییە بۆ ماهییەتی شەیتان و حەزی دەرچوون لەو زانین و ئەو ئەتمۆسفێرەی زانیاری و بیر وباوەڕەکان بەرهەم دێنێت، واتە دەرچوونی شەیتان تەنیا دەرچوونێك نیە لە رقی ئادەم. بەڵکو ئەو دەرچوونە بەرهەمی ئەو گومانانەیە لە خوا و لە ئادەم و لە کەشی گشتی بەرهەمهێنانی بیر و باوەڕەکان و باوەڕ پێکردنییان، ئەو گومانی هەیە کە ئەو باوەڕانەی خوا ئەیانزانێ و ئەو نایانزانێ بەس بێت بۆ ئەوەی سوژدە بۆ ئادەم ببات و وەك خەلیفەیەك لەسەر زەوی بێ گومانکردن قبوڵی بکات. ئەو رازی نیە لە بە خەلیفەبوونی ئادەم چونکە گومانی هەیە کە ئادەم ئەبێتە هۆکاری خوێنڕشتن و خراپەکاری لەسەر زەوی، هەرچەندە فریشتەکانی دیکەش گومانیان هەیە لە ئادەمدا و سەرەتا لە خوا ئەپرسن کە بۆچی ئادەم ئەکاتە خەلیفە و ئەوان ناکاتە خەلیفە، بەڵام فریشتەکان هەموویان دوای ئەوەی خوا پێیان ئەڵێ من ئەزانم و ئێوە نازانن، هەموویان بە فرمایشتەکە رازی ئەبن، بەڵام ئیبلیس رازی نابێت. واتە ئەو بە جیا لە فریشتەکانی دیکە لە گومانەکانی خۆیدا ناگاتە یەقینێك بۆ ئەوەی قسەکانی خوا وەك هەقیقەتێکی رەها قبوڵ بکات و بێ گومانکردن گوێڕایەڵیان لێ بکات. نەخێر ئیبلیس واز لە

گومانەکانی ناهێنێت و سوژدە نابات و رازی نابێت بەوەی ئادەم ببێتە خەلیفە و بەوەی خوا ئەزانێت و ئەو نزانێت.

لێرەدا شەیتان بە گومانەکانییەوە ئەکرێتە کافر، یەکەم کاریشی فریودانی ئادەم و ژنەکەیتی لە بەهەشتدا بۆ ئەوەی لەو بەرهەمە بخوات کە بە هۆیەوە کە خودا پێی گووتون نەیخۆن، ئەگەر نا زالمکار ئەبن. بەلاّم شەیتان فریویان ئەدات و وایان لێئەکات ئەو بەرهەمە لە بەهەشتدا بخۆن ، خوداش لێیان تورە ئەبێت و دەریان ئەکات و وەك دوژمنێك فرێئەدرێنە سەر زەوی.

لێرەدا ئێمە گوێمان لێنەبووە شەیتان خۆی بڵێت من ئادەمم فریو داو وام لێکرد لەبەهەشت دەریکەن، بەڵکو ئەوە قسەی خوایە، کە ئەو چیرۆکەمان بۆ ئەگێڕێتەوە، ئیدی لەوێوە شەیتان ئەو بوونەوەرەیە کە بەنی ئادەم فریو ئەدات و هەمیشە بەرە و خراپەکاری و شەڕانییەتیان ئەبات، بەرە و خوێنڕشتن و گوناه و تاوان و بێ خوایی.

لێرەدا رەنگە دەرگەی زۆر گومان و پرسیار بکەینەوە لەسەر ئەم چیرۆکە، کە شەیتان خۆی قسەی لەسەر ناکات، بەلاّم ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمانە لەو باسەدا هێز و وزەی شەیتانە لە گومانکردن و گوێنەدان بە فرمایشتەکانی خوا. و رازی نەبوونی بەو جۆرە بەرهەمهێنانە فکرییەی خوا کاری پێئەکات. لەوێوە شەیتان روحی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە ئەچێنێت، بەرامبەر ئەو وێنە و جیهانە ئەوەستێتەوە کە خوا ئەیەوێت خەلقی بکات، لەبەرامبەر بە خەلیفە بوونی ئادەم لەسەر زەوی و ئەو دونیایەی لە ئەنجامی بە خەلیفەبوونی ئادەمەوە لەسەر زەوی دروست ئەبێت، وەك چۆن شیعر هەمیشە کاری لەسەر تێکدانی وێنەکانی جیهانی خوایە، شەیتانیش پێش شیعر ئەم کارەی بە ئەنجام گەیاندووە، شەیتان دژی یەکەم وێنەی جیهانی خودایە لەسەر زەوی، لێرەدا شیعر و شەیتان هەم لە یاخیبوونیان لە جیهانی خودا و وێنەی ئەو دونیایەی خودا ئەیەوێت لەسەر دونیا خەلقی بکات و هەمیش تێکدانی ئەو دونیایە ئیش ئەکەن، لێ هەر یەکەیان بە میتۆد و کەرەستەی تایبەتی خۆیەوە،

لەو خاڵەدا تێکدانی وێنەکانی جیهانی خوا، شیعر و شەیتان لە یەك ئەچن، لەو روحە یاخیبووە و ململانێکەرە لەگەڵ خوا یەکئەگرنەوە، رەتکردنەوەی ئەو دونیایەی خوا ئەیەوێت خەڵقی بکات،

لێ جیاوازی شیعر و شەیتان لێرەدا ئەوەیە، شەیتان خاوەن تێکستی نووسراو و زمانێکی دیاریکرا و نیە، ئەگەر خوا و شعر زمانیان هەبێت ئەوە شەیتان خاوەن زمان نیە، کارکردن و کاریگەری شەیتان لە رێی زمان و مانا و وشە و ئاماژەوە نایەت. بەڵکو تەنیا لەو چیرۆکانەوە دێت کە خوا لەسەر شەیتان و ئەو قسانەی خەڵك وئەفسانەکان لەسەر شەیتان بۆ ئێمەی ئەگێڕنەوە، کە سەرەکیترین وێنەش بۆ شەیتان ئەو وێنە یاخی بوو و هەڵگەڕاوەیە لە خودا و فرمایشتەکانی و هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ فریودانی بەنی ئادەم.

ئیدی لێرەوە کاریگەرییەکانی شەیتان لەو تێکست و بیرو باوەڕانەوە دێت کە لەدەرەوەی زمانی شەیتان خۆیدا بەرهەم هاتوون، بەلاّم ئێمە لەو تێکست و باوەڕانەوە لەوە ئەگەین کە شەیتان هێزێکی گەورەی فریودان و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی هەیە، وزەیەکی لە بنەهاتووی هەیە بۆ هەمیشە ململانێی ئارەزوو و ویستەکانی خوا، حەزی تێکدانی ئەو دونیایەی خوا ئەیەوێت دروستی کات.

لێرەدا هەرچەندە شعر و شەیتان خاوەن یەك ستراتیجن بەلاّم بە هۆكاری جیاواز و بە مێژوویەكی جیاوازتر.

شعر بە هۆی زمانەكەیەوە خوا لە نێو ئاماژەكانیدا ئەكاتە فانتازییایەكی جیا لەوەی خوا لە دەرەوەی شعردا خاوەنی وێنەیەكی دیكە و شێوەیەكی دیكەیە، ئیدی پیرۆزی و گەورەیی و ترس و دەسەلاّتەكانی خوا لەشعردا بۆی هەیە لە بەین بچێت و خوا شێوەیەكی دی و جەوهەرێكی دیكە وەربگرێت.ڕۆڵ و ئەركی جیاواز لە شعر وەربگرێت، شەیتان ئەمەی لە گەڵ خوا پێناكرێت، ناتوانێت خوا لە ناو خۆیدا بكاتە فانتازیا، یان هەر شێوەیەكی دیكەی پێببەخشێت. بەڵكو یاخیبوونەكەی شەیتان لە خوا تەنیا وەرگرتنی شێوەیەكی پەیوەندی دوژمندارانەیە لە نێو خۆی و خوادا، تەنانەت لەگەڵ هەموو بەنی ئادەمیشدا، بەلاّم شعر نا، ئەكرێت لە ڕێی پەیوەندییە جۆراوجۆرەكانییەوە بە خواوە، بەدەیان شێوەی پەیوەندی و تێگەیشتن بە خوا ببەخشێت، و لەناوخۆیدا وەك ئەوەی شعر ئەیەوێت وای بەرهەم بێنێتەوە،واتە لێرەدا ڕوحی شعر ڕوحی شەیتان نیە، بەڵكو ڕوحی شعر خۆیەتی كە دواتر ئەتوانێت شەیتانیش لەناو خۆیدا بكاتە فانتازیا و دەیان شێوەی جیاوازی پێببەخشێت و ئەو جیهان و ئەو دونیایەش خاپوور بكات كە شەیتان ئەیەوێت دروستیان كات دوای تێكدانی دونیاكانی خوا.

واتە شەیتان كاتێك ئەیەوێت دونیاكانی خوا تێك بدات ئەوە لەبەرامبەر ئەو دونیایەدا ئەلتەرناتیفێكی پێیە، ئەگەر دونیای خوا سپی بێت ئەوە شەیتان ئەیكاتە دونیایەكی ڕەش، ئەگەر باش بێت خراپی ئەكات، ئەگەر جوان بێت ئەو ناشیرینی ئەكات، واتە لە نێوان خودا و شەیتان دا دونیا دابەش ئەبێتە سەر وێنە هاودژەكان خوا چ وێنەیەكی ئیجابی بۆ دونیا خەلق كات ئەوە شەیتان وێنەیەكی سلبی لەبەرامبەردا قووت ئەكاتەوە، یان ئەیەوێت بەو وێنە سلبییەوە دونیای خوا تێكبدات و جێگەی بگرێتەوە، بەلاّم شعر واناكات، لە شعردا هەمیشە دونیا دابەش نابێتە سەر ڕەش و سپی بەتەنیا یان باش و خراپ یان ئیجابی و سلبی، لە شعردا دونیا ڕەنگاورەنگە و هیچ دونیایەك ئەلتەرناتیفی دونیایەكی دیكە نیە. شعر لەبەرامبەر وێنەی دونیاكانی شەیتانیشدا ئەلتەرناتیفی نیە، دوای ئەوەش لە شعردا شەیتان تەنیا ئەو هێزە یاخییە نیە كە بیەوێت دونیای خوا تێكبدات و دونیای خۆی لە جێگە دانێتەوە، بەڵكو ئەكرێت شەیتان لە شعردا دەیان وێنەی جیاواز هەلگرێت. واتە لە شعردا شەیتانیش ناسنامە و شووناسی خۆی لە دەست ئەدات، ئەو شووناسەی خوا داویەتی پێی، ئەو شووناسەی لە كەشێكدا بەرهەمهاتووە كە شعر ئەتوانێ ئەو كەشە بە كەشی خۆی و وزە فانتازییاكانی تەفروتونا بكات.

یان هەتا ئەو شووناسە یاخیبووەی شەیتان كە هەمیشە لە ڕۆحی خۆیدا هەلگرتووە لە بەرامبەر خوا و وێنەكانی دونیا، ئەوە لە شعردا ئەو شووناسەش تێك ئەشكێت و بە وێنەی خۆی نامێنێتەوە، شەیتان ئەكرێ لە شعردا ببێتەوە وێنەیەك تەواو پێچەوانەی خۆی، یان هەر وێنەیەكی دیكە كە تێكستی شعری پێی ئەبەخشێ، لێ لێرەشدا تێكشكاندنی ویچنەكانی شەیتان و جیهانەكانی، سزای شعر نیە بۆ شەیتان، وەك چۆن خوا سزای دا، بەڵكو ئەوە گەمەی شعرە بە وزەی خۆیەوە لەگەڵ شەیتانی ئەكات، چونكە شعر نایەوێت وێنەیەكی ئەلتەناتیف لە خۆیدا بۆ شەیتان دامەزرێنێت تا

لەبەرامبەر وێنەی شەیتان لەدەرەوەی شعردا ببێتە وێنەیەکی باوەڕپێکراو و سەلمێندراو بۆ شەیتان، واتە لە دوای شکاندنی وێنەی شەیتان لە شعردا ناکرێت تەنیا وێنەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ شەیتان بسەلمێنێن، یان وێنەیەکی ئەلتەرناتیف بۆ وێنەی جیهان و دونیاکانی شەیتان دامەزرێنین، شعر خەمی ئەوەی نیە دوای تێکشکاندنی شەیتان چ وێنەیەك خەلق ئەبێت، لە وێنەکانی ئەو ئەچێت یان نا؟ لە وێنەکانی ئەو جوانترە یان ناشیرینتر، چونکە پێوانەکردنی ئەو بابەتانە لە شعردا جێگەیان نیە، چونکە شعر فانتازیایە و لە فانتازیاشدا سنوور بۆ وێنەکان و شێوە و بەهای وێنەکان نیە.

شعر و شەیتان و گەمە:

ئەگەر شعر گەمەی زمان بێت لە گەڵ تەواوی بوونەوەرەکان و چەمکەکان و هەبوون و ژیان، ئەوە پەیوەندی خوا و شەیتانیش و شەیتان و شعریش زیاتر لە گەمەیەك ئەچێت، ئەگەرچی هەندێ ئاراستەی جیاوازیش لەو گەمانەدا هەبن، شەیتان و خوا، لە گەمەیەکدان کە مرۆڤ کەرەستەکەیەتی، لێ گەمەی شعر و خوا و شعر و شەیتان زمان کەرەستەکەیەتی، لە نێوان خوا و شەیتاندا، گەمە لەسەر قەدەری مرۆڤ ئەکرێت، بەوەی کا شەیتان چەند ئەتوانێت زەفەر بە بەنی ئادەمدا ببات و چەندیان فریو ئەدات بۆ ئەوەی دونیای خودا تێکبدات و دواتریش جەهەنەمەکان پڕ کات لە مرۆڤی خراپە کار. خواش لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی هەمیشە بەنی ئادەم چاکەکار بێت و بچێتە بەهەشت، ئاشکرا و روونیشە هەر کەسێك و میللەتێك و خەڵکانێك گوێ لە شەیتان بگرن ئەوە سزایان جەهەنەمە و بە بەهەشتی خوا شاد نابن، بە پێچەوانەشەوە هەر کەسێك و میللەتێك و خەڵکانێك گوێڕایەڵی خوا بن ئەوا پاداشتییان بەهەشتە و لە ئاگری جەهەنەم دوور ئەبن.

ئیدی ئەو گەمەیە گەمەی دوو هێز و وزەیە بۆ دامەزراندنی دوو دونیای جیاواز، سەرکەوتنی دەسەڵاتێك لە ململانێی دوو دەسەڵاتی جیاواز و دژ. شەیتان بە فرت و فێڵ و فریودانی مرۆڤەکان ئەو گەمەیە ئەکات، خواش بە تێکستەکانی و زمانی ئەایەتییەکانییەوە، شەیتان قسەی نیە بۆ خەڵك بیکات، خاوەن جێگە و شوێنی تایبەت نیە بۆ ئەوەی خەڵکی لێ کۆبکاتەوە، بەڵام دیسانیشەوە ئەتوانێت بگاتە ناو مێشکی هەموو مرۆڤەکان و هەموو ئەوانەش فریو دات کە ئیمان و باوەڕیان بە خوا کەمە، بە پێەوانەوە خودا هەموو شوێنەکان هی ئەون و هەموو مرۆڤەکان و بوونەوەرەکانی دی لە بن دەسەڵاتی ئەودان و ئەتوانێت بە هەموو ساتێك و کاتێك بزانێت بەندەکانی خەریکی چین و چی ئەکەن و ئەیانەوێت چی بکەن، بەڵام لەو گەمەیەدا خودا و شەیتان هێز و وزەکانی خۆیان لەسەر مرۆڤ تاقی ئەکەنەوە و شەیتان هەوڵ ئەدات بتوانێت زیاترین خەڵك فریو بدات و کاری خراپەیان پێ بکات، بۆ ئەوەی بۆ خوای بسەلمێنێت کە ئەو خاوەن هێز و دەسەڵاتی خۆیەتی و ئەتوانێت دونیای خوا تێکبدات.

لێ لەگەڵ شعردا گەمەی شەیتان و شعر شێوەی دیکەی هەیە، دیارە شعر لە رێی زمانی ئاماژەیی خۆیەوە ئەتوانێت فانتازیا خەلق بکات و شتەکان لەو فانتازیایە بەرەڵابکات، شعر ئەگەر فەزای ئازادی ئاماژەکان بێت، ئەوا شەیتان چونکە زمانی نیە ناتوانێت ئەویش لەبەامبەر شعردا لە

ڕێی زمانەوە، یان زمانی تایبەتی خۆیەوە شعر لە ناو خۆیدا بگۆڕێت و بیکاتە شتێك لە دەرەوەی شعر خۆیدا،

شەیتان لێرەدا کەرەستەی وەسوەسەی هەیە، رەنگەی هەندێکجار بتوانێت بە هۆی وەسوەسەکانییەوە رستێك مانا بداتە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی لە دەسەڵات و جەبەروتی خوا دەربازیان ببێت، وایان لێبکات رێنمایی و ماناکانی قسەکانی خوایان لە بیر بباتەوە، بەڵام سەرئەنجام ئەو لەبەرامبەر خوادا مانا بەرهەم دێنێتەوە نەوەك ئاماژە، مانای دژ و جیاواز، کە لە گەڵ شعریشدا دیسانەوە جیاواز ئەبن چونکە شعر لە خەمی خەلقکردنی مانادا نیە، بەڵکو هەموو خەمی شعر ئەوەیە کە زمان لە ئازادیدا و ئازادی لە زماندا بکاتو ئاماژە و بەرەڵای دونیایان بکات، وێنەکان و جیهان و دونیای خوا و شەیتان لەناو ئاماژەی لە بننەهاتوودا بتەقێنێتەوە،

تەقاندنەوەی شتەکان لەناو شعردا ئەو کەشە فانتازیایە کە نە خوا و نەشەیتان بە زمان و وەسوەی خۆیانەوە ناتوانن خەڵقی بکەن.

خودا زمان بۆ رستێك مانا بەکاردێنێت و شەیتانیش وەسوەسەکانی بۆ رستێك مانای دژ.

لێ شعر کە زەمینەی خوڵقاندنی مانای نیە، بەڵکو تەنیا تەقینەوەی زمان و چەمکەکانە لە ناو ئاماژەدا بۆیە دونیا و جیهانی ئەوان تەواو جیاواز و وێکنەچووە، لە شعردا شەیتان و خوا و هەر ناوێکی دیکە، ئەبنە ئاماژە بەسەر خۆیاندا لە ناو ئاسمانێکی فانتازیدا کە ناکرێت لە هیچ پنتێکدا نیشتەجێ بکرێن.

نە نیشتەجێکردنی ناوەکان لە ناو شعردا بێ شووناسی و بێ ماڵی و بزربوونی ماناکان و ماهییەتەکانی هەبووەکانە.

لێرەشدا بوونەوەرەکان لە شعردا لە رووی هەبوونیانەوە پێش ماهییەتییەکانەوە ئەکەون، چونکە سەرەتا لە شعردا ماهییەتییان لە دەست ئەدەن و وەك بوونەوەرێکی بێ ماهییەت شعر سەودایانڵ لە گەڵ ئەکات و ماهییەت لەو زمانە ئاماژەییەی شعرەوە وەرئەگرن کە شعر لەو ساتەدا لە ساتی ماهییەت بەخشین بەو بوونەوەرانەدا بەرهەمیان دێنێت.

ئیدی لێرەوە ئاسانە لەوە بگەین کە خودا و شەیتان و هەر بوونێکی دی لە شعردا خاوەن ماهییەتی خۆیان نین لەدەرەوەی شعردا، چا چ ئێمە لەسەر ئەوە کۆك بین کە بوونەوەرەکان سەرەتا هەبوونن یان ماهییەت، لە شعردا ماهییەتی بوونەوەرەکان نیە چ لە پێشدا و چ لە دواتردا، بەڵکو بوونەکانڵ دێن و لە ماڵی شعردا رووت ئەکرێنەوە و شعر خۆی ئەو ماهییەتەیان پێ ئەبەخشێت کە ئەیەوێت، ئیدی گەمەی شعر لەوەوە دێت کە شعر خۆی بوونێکی بوونگەرایی یە و چییەتی خۆی هەمیشە دواتر لەگەڵ هەر ئەزموونێك و لەگەڵ بە فانتازیا کردنی هەر بووێکی دیکەدا نوێتر و نوێتر ئەکاتەوە، چییەتییەك کە هەمیشە بێ شووناسی و بێ چییەتی شعر خۆی ئەنووسێتەوە.

# شعر و تراژیدیا

2007/12/25

ئەگەر هەبوون ئەو رووگە بێ هەقیقەت و بێ مانایە بێت، کە لەدەرەوەی هۆشمەندی (مـن)دا، هـیچ هـەبوونێك بەرجەسـتە نـەکات، ئەگـەر هۆشمەنـدیی مـن هەقیقـەت و ماناکـانی هـەبوون بەرهـەمبێنێت، ئـەوە ئـەبێت پەیوەنـدی مـن و ئـەو هۆشمەندییـە و ئـەو هەبوونـە چـی بێـت؟ ئـەبێت پەیوەندی من و خودا و شەیتان و ئەدەبیات و شعر و نووسین و عەشق و ژن و خوێندنەوە و فەلسەفە و ئیرادە و باوەڕی و دواتریش هەقیقەت چی بێت؟

ئەگەر نیچە (خودای ) کوشت و (مەسیحییەتی) وێران کرد، و ئەگـەر لـە شـوێنی دیـن و خـوا، کەوتە گەڕان لە هەقیقەت و مەسیحی گۆڕییەوە بە زەردەشت؟

ئەگەر (من) ئەو هۆشمەندییە شەیدایە بێت بۆ گۆڕین و گـەڕانی بـەردەوام لـەو هەقیقەتانـەی هەمیشە خۆیان وێران ئەکەن و هەمیشە خۆیان دروست ئەکەنـەوە لـە فـۆرمی تـازەتر و نـاوی نـوێتر و قاوغی وێرانتر و کاولتر؟

ئایا ئەو هۆشمەندییە لە کوێ لەو (من)ە دا خۆ نمایش ئەکات؟ لە کامە دەفتەری وێرانەدا ئـەو زمانە ئەدۆزێتەوە کە بـەردەوام بـەرەو تێکشکان و بونیادنانـەوە هـەنگاو بنێـت؟ بـەردەوام ژیـان بکاتـە دونیایەکی رووخاو بە پێوە؟

کـێ ئـەو منـە ئەکاتـە فانتازیـا و وزەیـەکی خـەلاق و وێرانکـەر تـا لێنەبوونـەوە لـە جیـاوازی دروستکردن و بەرهەمهێنانی کوفر و شکاندنی پیرۆزییەکانی خواو شەیتان و دونیا و هەبوون؟

ئــەو منانــەی لــەدەرەوەی (ئــەدەبیات) بــە تایبــەتی "شــعرو رۆمــان" وەك چـاوگەیەك بـۆ وەبەرهێنانی فانتازیا و ، وەك دەستەمۆیەکی فانتازیاش ئەبێت چاوەڕێی چ چارەنووسێك بن؟ ئەوانـەی لە دەرەوەی ئەدەبیاتن ئەوانە نین کە ئەدیب نین یان شعر و رۆمان نانووسن، بەڵکو کارەسـاتی گـەورەی ئەوانەیە کە لە ناو شعر و رۆماندا جۆرە ژیانێك ئەکەن، خـاوەنی جـۆرە منـێکن کـە ئـەو هۆشمەندییـە بەرهەم ناهێنێت بۆ ئەوەی نە ئەدەبیات و نە ژیان و نـە (مـن) بکـەن بـە فانتازیـا، نابنـە خـاوەنی ئـەو زمانەی کـە نـەفی (جوانییـەکان ، ماناکـان و دونیایـەکان ئەکاتـەوە) نابنـە خـاوەنی ئـەو زمانـەی پـێش هەموو شتێك شەڕی خۆی ئـەکات، شـەڕی خـۆی ئـەکات لـە جیاوازیـدا ، لـە خولقانـدنی تێکشکاندنێکی ئەبەدیدا، لە هەڕمێن بوونی میتای زمان و ئاماژەکاندا، شەڕی ئەو هۆشمەندییە ئەکات کە هەمیـشە لـە مانایـەك لـە ماناکـان، لـە جوانییـەك لـە جوانییـەکان، لـە دونیایـەك لـە دونیایـەکان لـە هـەبوونێك لـە هەبوونەکان گیرۆدە ئەبێت.

شەڕی (من) لە ئەدەبیاتدا شەڕە لەسەر ئازادی، شەڕە لەسەر تێکشکاندن، لەسەر گیرۆدەنەبوون و جەوهەرگیریی، شەڕە لەگەڵ هۆشمەندی، لەگەڵ ئەو مانایانەی خوا و دین و دونیا و ئەقڵ و خەونەکانی ئێمە کە هەر یەکە و لە شێوەیەکدا هەکایەتی گیرۆدەبوونەکانی خۆی ئەنووسێتەوە.

(من) تەنیا لە ئەدەبیاتدا، ئەدەبیات بەمانای تەنیا کردەی نووسین نا، بەلام نووسین وەك جۆرە بەرجەستەبوونێك نەوەك وەك گیرۆدەبوونێك، نووسین وەك بێ پیرۆزییەك نەوەك وەك پیرۆزی، نووسین وەك کاولکردن نەوەك وەك بونیادنان، نووسین وەك ئەدەبیات، نەوەك وەك قورئان و کتێبە پیرۆزکراوەکان، نووسین وەك تێکستێك کە خۆی بە فانتازیای خۆی.. خۆی وێران ئەکات و ئازاد ئەکات، نەوەك وەك کردارێك کە جوانی و مانا و هۆشمەندی ئەخولقێنێ. نووسین بە واتا ئازادەکانی منێکی نەفیکرا و لە خۆیدا، بە مانای منێکی مەسخ بوو لە جەوهەر و هەبوونیدا، بەو مانایانەوە کە بەرهەمی تێکستێکن فانتازیا گەمە بە دونیا و جیهانەکانی دەرەوە و ناوەوەی نووسین خۆیشی ئەکات.

ئەگەر شعر ئەو وزە خەلاقەی هەبێت کە خودا و شەیتان و هەقیقەت وەك بوونەوەرێکی فانتازی بخاتە ناو ئاماژەکانی خۆی و هەبوونیان بکاتە تەنیا زمان و بە پرسیارە شیمانەییەکانی جیهانی خودا و شەیتان و هەقیقەت تەفروتونا بکات، ئەوا شعر بەو وزە لە بن نەهاتووەی ئاماژە فانتازییاکانی ئەو ئازادییەیە کە چەمکەکانی ئازادی و تراژیدیا و گریان و پێکەنینەکانی مرۆڤی گیرۆدە بە هەموو پیرۆزییەکان ئەخاتە بن شەبەنگی ئەو گومان و کاولکارییەی پرسیار و گەڕان لە هەقیقەتەکان لە بوونەوەرێکی هۆشمەند و ئازاد و پیرۆز و قانع و باوەڕپێکراو و دانا و لێهاتوو و جوان و سەنگین و پڕ ماناو ئەخلاق و هتد...، ئەکاتە بوونەوەرێك تەنیا شەیدای فڕینی خۆی بێت بەسەر ناموسی رژاو و ئەخلاقی باو و سەنگینییە سووکەکەی و لێهاتووە ریاکارەکەی و داناییە گێلییەکەی و باوەڕپێکراوە پڕی گومانەکە و ئازادییە بن دەستەکە و هۆشمەندە گیرۆدەبووەکە،

لە ناو هەموو ماناکاندا شعر دێت و ئەڵێ ئەی (من) چەند بێ مانا و بێ هەقیقەت و بێ وەلامی؟ چەند بێ گومان و بێ ئازادی و کارەساتاوی؟ چەند تراژیدی لە ناو گەمەکانی هۆشمەندی و هەبووندا؟ چەند بێ ئاوەز و زەوق و مەعریفە و ئەخلاق و گەندەڵی لە ناو ئەو گەمە بێ زەوقانەی بێ فانتازیا لە دین و سیاسەت و ئەدەب و نووسین و رۆشنبیرییەکدا بەڕێوەیان ئەبەیت و هیچت نیە جگە لە خودایەکی کوژرا و هەقیقەتێکی خنکاو لەناو وەلامەکانیدا و ئازادییەکی پڕ لە کەلەپچە و هونەرێکی بێ سەواد؟

تراژیدیا، کە ژیان ئەپێچێتەوە، لە لایەکەوە خودایيەك لە شێوەی (الله)، شەیتانێك لە شێوەی (یەکەم بوونەوەری سزادراو) و هەقیقەتێك وەك ئەلتەرناتیفی خودا، فێڵێك لە بڕی گەمەکانی شەیتان، و دونیا بە هۆشمەندی و مانا و جوانییەکانی، لە بڕی زمان ، دێن و تراژیدیا ئەکەنە ناو روحی مرۆڤەوە، ناو هۆشمەندی مرۆڤەوە ناو جەستەی ناو خوێنی ناو هەموو کونیلە و دەمارەکانی، ناو دیتن و چاو و دەنگ و بیستنەکانی، پێت ئەڵێ ئەی (من) وەرە لەگەڵ خودا لەگەڵ قەدەر دەست بخە ناو خەون و گەمەکانەوە، وەرە لەگەڵ شەیتان جەستەت بخە ناو ئاگری سزاوە، وەرە لەگەڵ ماناکاندا بە تەبایی بفڕە و لەسەر جوانییەکانی شەڕ و کوشتن و بێکارییەکانی رۆشنبیریدا بنیشەوە.

ئیدی ئەو دێت و (من) ئەبات،بێ گەمە و بێ خەون و بێ نووسین و بێ زمان لە ڕۆشنبیرییەکدا فڕێت ئەدات، کە هەناسەیەك نەماوە بۆ فانتازیا، بۆ ناسینی تراژیدیا. بۆ ناسینی تێکشکاندن و ئازادی لە نێو ئاماژەکاندا.

ئیدی لێرەوەیەوە (من) فریا بۆ شعر و ئەدەبیات ئەبات، لێرەوە شعر بیرمان دێنێتەوە چ تراژیدیایەك لە گیانمانەوە دزراوە، چ فەرتەنەیەك لە مانا و لە جوانی فانتازیای لە روحماندا وشك کردووە، شعر دێت و لەسەر کەلاکمانەوە قاوغی ئەو هۆشمەندییانە ئەشکێنێت و تراژیدیا لە ڕۆحماندا خەلق ئەکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین بەدیار ئەو لەشکرەی لەمانا و جوانیدا خۆی ختم کردووە چ دونیایەکی تۆکمە و خوداییانە و هۆشمەندانە و بێ فانتازیا و بێ تراژیدیایە دانیشین و خەندەیەك بگرین؟!

شعر دێت و ئەو ریتمانە هەپڕوون بە هەپڕوون ئەکات، دێت و خواکان ئەکوژێت ، شەیتانەکان ئەکاتەوە بە بوونەوەری ژیکەلە و دەم بە پێکەنین گوڵیان پێ ئەچێنێت، جیهانی هەقیقەتەکان پڕ ئەکاتەوە لە تراژیدیا و پێغەمبەرەکان پیرۆزی گووتەزاکانەوە دەرباز ئەکات و لەگەڵ گومانەکان ئاشتییان ئەکاتەوە. دونیایەکی دیکە لە تراژیدیا بۆ هەموو بوونەوەرەکان خەلق ئەکاتەوە و بە هیچیشیان نالچیچت ئەوە ئەدرێسی ماڵەکەتە و لەوێ نیشتەجێ بە!

لە شعردا نیشتەجێبوون بەو مانایەی لەسەر هەقیقەتێکی ئەلتەرناتیف خۆت بگرییەوە نیە، شعر بێ پلان دونیایەکان ئەکا بە تراژیدیا و هەر بێ پلانیش لە پڕبوونەوەی کۆڵانەکانی روح بە گریان یان خەندە یان بەهەر جیهانێك بۆ خۆی ناکاتە خەم.

لە شعردا جیهان تاریکە و زمان چاوی هەیە، دونیا پڕە لەمانا و شعر پڕە لە قەوزا، جیهان پڕە لە جوانییەکانی هۆشمەندی، شعر پڕە لە تراژیدیای فانتازیا. شعر خۆی لە خۆیدا بۆ جیهانەکانی هەبوون تراژیدیایەکی گەورەیە، تراژیدیایەکە کە ناهێڵێت جیهان بێ سەر ئێشە بتوانێت بەردەوامی بە خۆی بدات، شعر هەموو ساتێك ئەتوانێت ماناکانی هەبوون ئاوەژوو بکاتەوە، هەموو سستەمە ئەقڵانی و هۆشمەندییەکانی لە ئاماژەدا بکاتە تراژیدیا بۆ مرۆڤ و بوونەوەرەکانی دی، یان راستتر رووە شاردراوەکانی ئەو سستەم و ئەقڵانە هەڵداتەوە کە هەر یەکەیان لەسەر کوشتنی ئەوانیدی خۆیان ئەکەن بە هەقیقەت، هەر یەکەیان بە کوشتنی ئەوانیدی خۆیان ئەکەن بە حەکایەت، لەسەر بێدەنگکردنی ئەوانیدی خۆیان ئەکەن بە زمان، خۆیان ئەکەن بە رەنگ، بە هونەر ، بە هێل و بە سێبەر و بە جوانی. ئەمە هەمووشی لە غیابی تراژیدیادا، لە بێدەنگ بوونی تراژیدیادا، لە پەراوێزکردنی تراژیدیا و کوشتنی فانتازیادا.

شعر ئەو رووگەیەیە، حەیایەك بە زمان ئەداتەوە، حەیایەك بە تراژیدیا و فانتازیا ئەداتەوە، حەیاش بە مرۆڤ خۆی ئەداتەوە، لە کاتێکدا هەبوون لەگەڵ هەر مانایەکی دا، هەزاران مانای دی ئەکوژێت، لە کاتێکدا لەگەڵ هەر جوانییەکیدا هەزاران جوانیدیکە تەفروتونا ئەکات، لە ساتێکدا لەگەڵ باڵادەستبوونی جۆرە مرۆڤێکدا هەزارن مرۆڤی دی ئەسڕێتەوە، لەکاتێکدا لەگەڵ فۆنۆسێنتراڵێکدا هەزاران دەنگی دیکە کپ ئەکات، لەگەڵ هەر لۆگۆسینتراڵێکدا هەزران لۆگۆسی دی فەنا ئەکات، ئەوە

شعر بە ئاماژە، بە فانتازیا دێت و هەموو هەبوون ئەخاتە ناو گەمە پێ پلانەکانی زمانـەوە، نـاو رۆڵ و رێسا بێ مەبەستەکانی ئاماژەوە، ناو خەون و ئازادییەکانی فانتازیاوە.

ئیـدی پەیوەنـدی (مـن) بـە خـودا و شـەیتان و ئـەدەبیات و شـعر و نووسـین و عەشـق و ژن و خوێندنەوە و فەلسەفە و ئیرادە و باوەڕی و دواتریش هەقیقەت هیچ نیـە.. جگـە لـە تـراژیـدیا نـەبێت، تراژیدیاش جگە لە شعر رەنگە چیدیکە نەبێت.